**کۆچیرۆک**

# گەڕانەوەی تارمایییەکەی ژەنەراڵ

**سەمەد ئەحمەد**

**چاپی یەکەم**

کەرکوك - 2012

ناوی کتێب: گەڕانەوەی تارمایییەکەی ژەنەراڵ
بابەت: کۆچیرۆك
نووسینی: سەمەد ئەحمەد
دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید
لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد– لقی کەرکووك ژمارە (161)
چاپخانە: کارۆ
چاپی یەکەم– 2012
تیراژ: (500) دانە

## دەڵێن:

زەوی لەسەر شاخی (گا) یە، (گا) ش لەسەر پشتی ماسییە، ماسیش لەناو دەریایە، دەریاش مەگەر هەر خودا بزانێت لەکوێدایە!

رۆژێك (کەڵەگا) بۆ پشودانی شاخەکانی، زەوی لەسەر شاخی راستەوە هەڵدایە سەر شاخی چەپ.. لەم کاتەدا (گا) لووتی خوراو پژمی، زۆری نەما زەوی لەسەر شاخی بترازێتو ماڵی هەمووان وێرانو نغرۆبێت.. هەرچۆنێك بوو زەوی لەسەر شاخی چەپی لەنگەری گرتو نەکەوت!!

ئێستاشی لەگەڵدا بێت دەڵێن: زەوی هەروابەسەر شاخی (گا)وە..

بەڵام لەدوای ئەم کەینو بەینە زەوی شێوەو روخساری تەواو شێواو گۆڕا، کیشوەرەکان لەیەك ترازان، دڵی زەوی کونو کەلەبەرو رۆخیان تێکەوت.. ئەگەرچی لەشێوەو روخساردا تەواو لەیەك جیاوازن، وەلێ ئێستاو ئەوسا بەهەردووکیان هەر دەگوتراو دەگوترێت زەوی..

پێدەچێت چیرۆکیش هەر بەدەردی زەوی چووبێت، چونکە ئەگەرچی ئێستا پێی دەگووترێت: (هونەری چیرۆك)وەلێ سەرچاوەکەی هەر ئەفسانەو حەکایەتە کۆنەکانە...

بەڵام لەگەڵ گەشەی هەمەلایەنەی کۆمەڵگەکاندا، چیرۆکیشوەك هەر ژانرێکی تری ئەدەب لەڕووی فۆرمو ناوەرۆکو پێکهاتەوە گۆڕانی زۆری بەسەرداهاتو گەشەی کردو خەملی..

لەچیرۆکی هونەریدا جگە لەبابەت، خەیاڵو فەنتازیاش دوو شاباڵنو چیرۆك بەهەمووو رازو نیازەوە دەفڕێننو لەحەوادا رایدەگرن..

# مەملەكەتی ئێسكەكان

كاتێك لمەكەیان لەسەر تەوێڵو دەموچاوم‌و گوێچكەم لابرد, نەمزانی مێرووڵەو مارو قالۆنچەو قمقمۆكەكان بەكوێدا رایانكردو چۆن خۆیان‌ونكرد. من لەبەرئەوەی چەند ساڵێك بوو مردبووم, یان راستتر بڵێم زیندەبەچاڵ كرابووم, نەمدەتوانی ببزوێم, بۆیە ئەوانیش بەكەیفەخۆ كەوتبوونە وێزەم.

من پێش ئەوەی بمرم‌و ئاوها بمنێننە ژێر لم, لاوێكی كەڵەگەت‌و بەخۆ بووم, تازە هەڵدەچووم, هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم رۆژێك بەمشێوەیە زەلیل‌و مجرۆ دەبم, دەبم بەخۆراكی مارو مێروو..

(ئای لەدنیاو مەملەکەتی ژێر لم, بەڕاستی ژیانێکی سەیری تیا دەگوزەرێت, ژیانێك کەهەرگیز مرۆی سەرزەوی نەیانبینیوەو بڕواش ناکەن کەهەبێت!).

ئەوەی لەهەمووشت زیاتر بۆ من مایەی نیگەرانی بوو, ئەوە بوو کەڕۆژ بەڕۆژ پێستی لەشم‌وەکو پەڕۆ دەڕزی. هێشتا چەند سەعاتێك بوو خستبوومیانە ژێرلمەوە, لەشم‌وەکو پفبدرێت, ئاوها ئاوسا, هەر ئەوە نەبوو بتەقم, لەگەڵ پەنمانیشدا لەشم بۆنێکی ناخۆشی دەردا, بۆنێك مەگەر هەرخۆم بزانم چ بۆنێك بوو, کەبڕواناکەم هیچ کەسێك بتوانێت خۆی لەبەری رابگرێت.

لەڕۆژی سێیەم‌و چوارەمدا بۆگەنییەکە زیاتری کرد, لەگەڵیشیدا سەرتاپای لەشم زیجکاوو چەوری‌و کێمێکی زۆری دەردا, بەشێوەیەك لمەکەی بان‌و ژێرو ئەملاو ئەولامی چەورکرد. هەرئەوەندەی لمەکە چەور بوو, خودایە چی ببینم؟

من دەڵێم: سەد, تۆ بڵێ: هەزاران جۆری مێروو تێمئالان, هەریەکەیان لە شوێنێکەوە کەوتنەویزەم, نەمزانی ئەم هەمووە لەکوێوە پەیدابوون.

بەڕاستی سەیر بوو, ئەم حاڵە بۆمن هەرگیز جێی چاوەڕوانی نەبوو, هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم کە لەژێر ئەو لمەوشك‌و مردووەدا مەملەکەتێکی ئاوها سەیرو عاجباتی هەبێت.

هیوایان هەبوو شاخداربوون, هەیانبوو تووکن بوون, هەبوو بێ‌چاو, هەبوو دان تیژو ژەهراوی. کاتێك گازیان لەلەشم دەگرت, هێندەی جێگازەکەیان‌و زیاتریش گۆشتیان لەلەشم دەکردەوە. تیایاندا هەبوو قاچ‌و نینۆك درێژ.

مرۆ چۆن بەئاسانی قاچی لەناوبەفری تازە بارویدا نقوم دەبێت, ئاوها نینۆکیان لەجەستەی رزیوم دەچەقاند, لەگەڵ خۆڕاپسکاندا گۆشتیان لەلەشم دەکردەوە.

لەهەفتەی یەکەمی زیندەبەچاڵکردنەکەمدا لەشم لەچەند شوێنێکەوە کون کون بوو, بەڵام ئەوەی سەیر بوو ئەوەبوو کونەکان خوێنیان لێنەهات, ئیدی نازانم گۆمی خوێنی لەشم بەستبووی, یان‌وشکی کردبوو, یان چیتر.. ؟ لەهەموو ئەمانەش ناخۆشتر ئەوەبوو, قاچی کەسێکی تر, کەبەچرچییەکەیدا دیاربوو هی پیرەمێردێك بێت, کەوتبووە سەرسك‌و سنگم.. بەبۆنەی ئەم قاچەوە چەند ئەوەندەی‌تر مارو مێروولە تێمئالابوون, تەواو هەراسانیان کردبووم, لێ لەبەرئەوەی مردبووم, چ دەسەڵاتێکم نەبوو, نەمدەتوانی هیچ بکەم. بەڵام لەدڵ‌و لەبیری خۆمدا زۆر بەقوڵی لەووەزعەی تێیکەوتبووم رادەمام, تێدەفکرام, سەرەتا بڕوام نەدەهات بەسەرسوڕمانەوە لەخۆم دەپرسی: ئەرێ بەڕاست دەبێت من مردبم؟

بۆوەڵامی ئەم پرسیارە دەمویست قامکەکانم ببزوێنم, جوڵەم بۆنەکرا, ئیدی زانیم کار لەکار ترازاوە, تەواو, مردوومەو براوەتەوە, ئەگەر بمتوانیبا ببزوێم, ئەو باسکەم لادەدا کەکەوتبووە سەردەمم, کەنەمدەزانی هی ژنە, یان پیاو..

من لەهەموو تەمەنی خۆمدا بەبیرم نایەت مێروولەیەکم کوشتبێت. نەك هەر ئەمە, لەبیرمە کاتێك لەپۆلی پێنجەمی سەرەتایی مامۆستایوانەی زانست باسی ڕێگەکانی قەلاچۆکردنی مێرووی بۆ دەکردین, من زۆر بەتوندی دژی هەموو ئەو ڕێگەیانەوەستامەوە. جارێکیان لەکاردانەوەیەکی جەسورانەدا بەمامۆستای زانستم‌وت: ئەمە چ زانستێکە بەئێمەی دەڵێنەوە؟ نەنکم دەڵێت: ئەوەی مێروولەیەك بکوژێت, خوا تۆڵەی لێدەسێنێت‌و دەیخاتە دۆزەخێ, ئێوەش دەتانەوێ بەدەرمان‌و بەکیمیایی, بەکۆمەڵ مێروولە بکوژن؟ من نەمزانی قەدری ئێمە ئاوها دەبێت, بەکۆمەڵ دەمانکوژن‌و بەکۆمەڵیش دەماننێژن!

ئەوەی زیاتر باری جەستەو دەروونمی تێکشکاندابوو, ئەوشاییو گۆڵمەزەبوو کە لەسەر زەوی گەرمکرابوو. خەڵکیوایاندەزانی ئێمە مردووین‌و ئاگامان لەهیچ نییە, بەلام, ئەگەرچی من بۆ خۆشم سەیرم لێدەهات کەچۆن مردووم‌و ئاگام لەهەموو ڕووداوێك هەیە؟ ئاگام لێبوو لەدوای ئەوەی ئێمەیان زیندەبەچاڵکرد, بۆ شەوەکەی هەموو ئەو پیاوانە لەمەراسیمێکی تایبەتدا خەلاتکران, مەدالیای ئازادیەتییان پێبەخشرا!

ئەمە مەسەلەیەك بوو تەواو پەرێشانی کردبووم, مەسەلەیەکیتر کەتاڕادەی شێتی سەرسامی کردبووم‌و هەرگیز لەیادم ناچێت‌و خۆشم نازانم چۆن لەو کاتەدا کەوتە یادم ئەوەبوو" بەخیلیم بە( ئەخناتون )و( نەفەرتیتی )و هەموو فیرعەونێکی میسریدا دەهات, بەڕاستی ئەوان خۆش ژیان‌و پیرۆز نێژران! فیرعەونەکان هەزاران ساڵە مردوون‌و نێژراون, بەلام لاشەکانیان‌وەکو خۆیان‌وایەو نەگۆڕاون, وەلیّ من لەدوای چەند هەفتەیەك لەزیندەبەچاڵکردنەکەم گۆشتی لەشم لەئێسکەکانم جیابووەوە, وەك بڵێی دوژمن‌و نەیاری یەکدی بن, ئیدی جگە لەدەیان پارچە ئێسك, کەڕەنگە خۆشم تەواوی ئەندامەکانی خۆم نەناسمەوە, هیچیوام نەماوە..

لەگەڵ ئەم تێکەڵاوبوون‌و بەیەکداچوونەدا هەر ئێسکەو بەزمانی ڕۆح سەربوردەی ژیانی خۆی بۆ ئەویدی دەگێڕایەوە.. کاتێك لولاقێك, پەراسوویەك, باسکێك, جومجومەیەك, حەکایەتی خۆی دەگێڕایەوە, هەموو مەملەکەتی ئێسکەکان بەعەشقێکی زۆرەوە ڕۆحیان بۆ

رادەدێرا, لەگەڵ زایەڵەی سەربوردەکاندا پێدەکەنین و دەگریاین..

من بڕواناکەم هیچ کۆڕێکی شیعری, هێندەی مەراسیمی سەربوردەی ئێسکەکان قەرەباڵغ و بەحەماس بووبێت.

ئەوەی لەهەموو شتێك زیاتر لەمەملەکەتی ئێسکەکاندا جێگەی سەرنج بوو ئەوەبوو" ئێمە ئەگەرچی هەر چل, پەنجا کەسێکمان لەچاڵێکدا زیندە بەچاڵکرابووین و هەتا چاویش بڕدەکات هەرچاڵ بوو, بەڵام دەیانووت دواین چاڵ لمێکی ئێجگاروشك و سوێری هەیە, لمێك کە لەسوێریدا تاڵە.. ئەگەر لولاقێك, باسکێك, پەراسویەك, کەلەسەرێك, لەیەکەمین چاڵەوە سەربوردەی خۆی بگێڕایەوە, ئەوە ئێسکی دواین چاڵیش بەرۆح گوێی لێدەبوو! وابزانم لەسێیەم ساڵی زیندەبەچاڵکردنەکەمدا بوو, نۆرە هاتە سەر من کەسەربوردەی ژیانی خۆم بۆ ئامادەبووان, بۆ مەملەکەتی ئێسکەکان بگێڕمەوە.. من ئاوها دەستم بەگێڕانەوەی سەربوردەی ژیانم کرد:

ناوم (مەردان)ە, خەڵکی (بانگۆڵ)ی گەرمیانم, سێ ساڵ لەپێش ئێستا, پێش ئەوەی زیندە بەچاڵبکرێم, تەمەنم (20) ساڵ بوو, دایکم بۆی گێڕاوەمەتەوە, ئەو رۆژەی منی تیا لەدایك بووم 8ی مانگی شوباتی ساڵی 1968 بوو, رەشەبایەکی ژەهراوی ناوەخت هەڵیکرد, رەشەبایەك زەحمەت بوو کەس خۆی لەبەربگرێت, گەورەو بچووك, ژن و پیاو, پیرو لاوی پێکەوە لول دا, کەس نەیزانی ئەم گەردەلوولە لەکوێوە هەڵیکرد, زەحمەتە, زەحمەتە بتوانرێت باسی کاولکارییەکانی ئەو رەشەبایە,وەك ئەوەی کردی بگێڕدرێتەوە.

دایکم چەند جارێك بەچاوی پڕ لەفرمێسك و دڵی پڕ لەحەسرەتەوە, ئاخی بۆ رۆژانی لاوی خۆی هەڵکێشاوە, بۆیگێڕاوەمەتەوە کەباوکم هەرچۆنێك بێت توانیویەتی ئێمە لەژەهراوی بوونی ئەو بایە رزگاربکات, لێ خۆی هەر ئەو رۆژە تەمەنی جوانی خۆی کە (22) ساڵ بوو بۆ دایکی (18) ساڵم کرد بەقوربانی..

من کەهێشتا زۆر سەربوردەی ترم مابوو بیگێڕمەوە, نەمتوانی تەواویان بکەم, بەدەم گریانەوەوتم: ئاخ دایە گیان, دایکی جوان و جاهێڵم, دایکی میهرەبانم, دایکی خێر لەخۆ نەدیووم, دەبێ ئێستا لەکوێ بیت؟ ئایا گوێت لەناڵەی رۆحی مەردانی کوڕت هەیە؟ دڵنیام ئێستا بمبینی نامناسیتەوە, چونکە ئێستا نەچاوم ماوە هەتا بەسەوزییەکەیدا بمناسیتەوە, نەخاڵەوردە رەشەکەی چانەکەم, هیچ هیچیان نەماون.. ئێستا جگە لەئێسکە پەیکەرێك, کەرۆژانە زیاتر نەرم دەبێت و دەرزێت, هیچی دیم نەماوە.. دایە گیان تۆ لەکوێی؟

لەم کاتەدا دەنگێك لەدوورەوە کەوابزانم نزیکی چاڵە کۆتاییەکان بوو هات بەدەنگ هاوارمەوە, بەدەنگێکی ئێجگار میهرەبان, بەڵام لەرزۆکەوەوتی: مەردان,رۆڵە ئەوەتام, ئەوەتام لێرە, لەم چاڵە, منیش مردووم, منیش زیندە بەچاڵکراوم, ناتوانم ببزوێم, سەرێك و قاچێك و دوو دەست, کەنازانم هی کێن کەوتوون بەسەر لاشەی مردوومدا, هەر بەجارێ هەراسانیان کردووم, بەڵام منیش بەچاوی رۆح دەتبینم, گوێم لەدەنگتە, لەم دوورەو دەتلاوێنم, تازە ئێمە, مەملەکەتی ئێسکەکان هەر لێرە دەمێنینەوە, بڕواناکەم مرۆڤی زیندووی سەرزەوی بزانن ئێمە لێرەین..

دایکم لەدواڕستەیدا, دەنگی گۆڕاو قسەکەی بۆ تەواونەکراو دایە پرمەی گریان..

بەم شێوەیە من و دایکم, لەدوای چەند ساڵ لەدابڕان, یەکترمان دواند.. لەدوای من, ئەو لولاقە قسەی کرد کە لە یەکەم رۆژی زیندە بەچاڵکردنەکەمەوە کەوتبووە سەر سنگم و هەتا ئەو رۆژەی لمەکەیان لەسەرم لابرد هەر لەسەر سنگم بوو..

دواجاریش کەئێسکەکانمانیان جارێکیتر کۆکردەوەو کردیانە پریاسکەیەکەوە, لەوێشەوە خرامە ناو تابووتێکی گەورەوە, ئینجا بەئاڵایەکی سێ رەنگ, سوورو سپی و سەوز داپۆشرام. ئەو لولاقەشیان خستە ناو تورەکەکەی منەوە.. بەڵام دەستی راستم کە کەوتبووە ژێر سەری ئەو ژنەی تەنیشتمەوە, لەکاتی دەرهێنانەوەی ئێسکەکانمان لەژێر لمەکە, نەمزانی کەوتە پریاسکەی کێوەو تێکەڵاوی ئێسکی کێ بوو, یا راستر بڵێم, نەمزانی بوو بە بەشێك لەلەشی کێ!؟

من زۆر لەلام سەیر بوو, خزمەکانم, هاوڕێکانم, ئەوانەی (15) ساڵی تەواو عەودالی هەواڵ و تەنانەت تەرمی ئێمە بوون, بۆ نەیان پرسی ووردنەبوونەوە بۆچی و چۆن دەبێت مرۆڤێك سێ قاچ و یەك دەستی هەبێت؟

من ئێستا کە لەپریاسکەیەکدام, لەناو تابوتێکی گەورەدام, بریتیم لەجومجومەیەك, چەند پەراسویەك, سێ لولاق, دوانی راست و یەکێك چەپ, لەگەڵ باسکێکی چەپ.. چەندین ساڵ لەجێیەکی ئێجگار تەنگەبەردا بووم, ئێستا هەرخۆم, بەڵام بەبێ دەستی راستم لەناو تابووتێکی گەورەدام..

من ئەگەرچی جگە لەچەند پارچە ئیسکێکی وشك و رزێو زیاتر هیچی دی نەبووم, بەڵام وەك مرۆڤێکی کامڵ, لەدیاردەکان رادەمام, تێدەفکرام, پرسیارم دەکرد, خەونم دەبینی, خەونی زۆر گەورەو جوان, هەندێجار دڵخۆش دەبووم, بەڵام کاتێك یادەوەری دەستەڕاستم دەکەوتەوە یادم, نیگەران و دڵتەنگ دەبووم.

**فره دڵخۆش بووم, كاتێك لەدوای یانزه ساڵ لەژێر لم دەریانهێنامەوەو توانیم جارێكی دی ژیانی سەر زەوی ببینمەوە, بەتایبەت ئەوكاتەی گەیاندمیانەوه كەركوكو بەسەر پردی خاسەدا رەتیان كردم, هەر ئەوەندە نەبووم پێبگرمو لەتابووتەكەوه سەردەربێنمو هاوار بكەم !! بەڵام كاتێك لەخۆم رامام كه دەستی راستم نییه, نیگەرانو دڵتەنگ مامەوە, ئاخر مەحاڵه بتوانم بەبێ یادەوەری دەستەڕاستم بژیمو بمرم! من لەژیانمدا چەندین چار نامەی دڵداریم بەدەسته راستم بۆ شەونم نووسیوه..**

**لەمەش ئەستەمتر, كاتێك لەپاین پردەكەی خاسەدا چاوم بەباجی (زارا) كەوت دەڕۆزی دەكرد, بەری چاوم تاریك بوو, ئیدی هیچم نەدی, بەڵام یادەوەری چەند رۆژێك لەپێش ئێستا بەرەو قولایی خۆی لوشی كردم.. ئەو رۆژەم كەوتەوەیاد كەئێسكه پەیكەری (كاروان) كوڕە گەورەی باجی (زارا), باسی دایكی بۆ دەكردین, كەچۆن پێش ئەوەی زینده بەچاڵ بكرێین, سەربازەكان بەزۆر لەباوەشی دایكیان دەرهێناوە, (كاروان) لەگێڕانەوەی ئەم رووداوەدا, وەك جار یەكەم دەستی بەگریان كردەوە, لەدوای خۆشی, تەواوی مەملكەتی ئێسكەكان دایانه پرمەی گریان..**

**(كاروان) هەر بەهیوا بوو جارێكی دی لەئامێزی دایكیدا سەرخەوێك بشكێنێتەوە.. نەیزانی باوەشی دایكیوەكو دەسته راستی منوون دەبێتو نادۆزرێتەوە..**

**لەدوای ئەم دیمەنەی باجی (زارا), زوو پەشیمان بوومەوە لەوەی جارێكی دی بژیمەوە. لەم كاتەدا زۆرم پەلەبوو, خوا خوام بوو لەو تابووته رزگارم بێتو تەسلیم بەخاكم بكەنەوە. هەتا گەیاندمیانه گۆڕستان, خۆم دڵنەوایی ئێسكەپەیكەری خۆمم دەكرد..**

**ئەی ئێسكیوشكو رزیوم, خوداوەند نەمری تەنها بەخۆی بەخشی, قەدەری ئێمەش بەمردن .. بۆیه دەبوو هەرزوو بمانزانیبیا كەژیان جگه لەگەمەیەكی بێ مانا هیچی دی نییه..**

**كاتێك جارێكیدی, بەڵام بەپێچەوانەی جاری یەكەمەوە, لەمەراسیمێكی شایستەدا بەخاك سپێردرامەوەو گەڕامەوه بۆ ناو مەملەكەتی ئێسكەكان, یەكەمین ئێسكەپەیكەر كه پێشوازی لێكردمو هەواڵی كوردستانو هەواڵی سەرزەوی لێپرسیم ئێسكەپەیكەری شەریف پاشای خەندان بوو..**

**مایسی** 2003

*ئەم چیرۆکە خەڵاتی یەکەمی حەوتەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژی بەدەست هێنا.

## پانۆرامای دواین چرکەی یادگارییەکان

لەگەڵ یەکەم قومدا دووکەڵی جگەرەکەت پەخشانی ناو ژوورەکە کرد، دووکەڵەکە کە لەگەردەلولێکی خۆڵەمێشی دەچوو هێندە خەست بوو، رۆشنای ژوورەکەی لێڵو تاریكو شلویٚ کرد. یەکێك لە هاوڕێکانت کە لەسەر قەنەفەکەی دەستە راستەوە دانیشتبووو تەماشای ماکێتی رۆژنامەکەی دەکرد لێت هاتە دەنگو بەبێزاریەوەوتی:

– بەسە ئیدیواز لەم جگەرە کێشانە بهێنە .. تۆ جگە لەخۆت ئێمەشت بەم دووکەڵە کوشتووە ..

– بەڵێن بێت ئەمە دوا جگەرە بێت کە بیکێشم ..

بەو پەڕی ئیرادەوە ئەم قسەیەت لە زار هاتەدەر .. بۆ کوژاندنەوەی جگەرەکە لەجێگەی خۆت راست بویتەوە،

ویستت بەرەو تەپڵەکی سەر مێزە لاکێشەکەی ناوەڕاستی ژورەکە بڕۆیت..

لەگەڵ یەکەم هەنگاودا کە هێشتا جگەرەکەت بەدەستەوە بووو نەتگەیاندبووە تەپڵەکەکە، گرمەو ناڵەیەك بەرزبووەوە کە زیاتر لە دەنگی (کەڕەنا)ی کۆتایی ژیان دەچوو. هاوڕێکانتی ژڵەژانو دارو پەردەووو دۆلاب و مێزو کورسییەکانی ناو ژورەکەی بەیەکدادا، لەناو ئەو تۆزو باروتەدا تەنها تۆ بەپێوەبوویت، بەزمانێکی پاراوو بەدەنگێکی زوڵاڵەوەوتت:

– تەقینەوە بوو !

پارچە ئاسنێکی ئاگرین کە هێندەی نۆکێك دەبوو یان نا، سەر دڵی پێکایت، چیدی نەیهێشت بەپێوەو بەقیتی بمێنیتەوە..

لەنگەرت تێکچوو، زۆری نەمابوو بەدەمدا بکەویت. نەکەوتیت و خۆت ڕاگرت . لەم کاتەدا هەوڵتدا قسە بکەیت، وەلێ زمانت قورس بوو و لە گۆکەوت و هیچت بۆ نەگوترا .. هەرچی تواناو ئیرادەت هەبوو بۆ قسەکردن خستتەکار، بێ سود بوو. وەك بڵێی شەپۆلەکانی دەنگت هیچ وزەو توانایەکیان نەمابێت بۆ کارکردن و لەناخەوە کوژابێتنەوە. لەچ و لێوو چەناگەت قورس، زمانت پەڵت بوو، واتزانی سۆنگەی ئەم مجڕۆ بوون و قسەنەکردنە دەمتە.. بەهەرحاڵێك بوو دەمت کردەوەو لچ و لێوت لە یەك ترازان، لەجیاتی دەنگووشە، بڵقێك خوێن لە دەمتەوە هاتنەدەرێ !!

***

هێشتا هەر بە پێوەبوویت و هۆشت لەلای خۆت بوو، ئەگەرچی بەری دیدەت لێڵ و تەڵخ و تاریك بوو، بەڵام چاوت لێبوو تکە خوێنەکان کەوتنە سەر زەوییەکە، لەگەڵ هەر دڵۆپە خوێنێکدا زەوییەکە زیاتر سور دەبوو و نەخشەیەکی نوێی دەنەخشاند .. ئەگەر مرۆ لەوکاتەدا بواری هەبوایە لە دڵۆپەکان زیاتر تێبفکرێت وورد ببێتەوە، دیمەنی سەیرو نەخشەی جۆراوجۆرو تابلۆی سەرنجراکێشی لەخوێنەکاندا بەدیدەکرد.. ئەوەی دەخوێندەوە کە هەر دڵۆپە خوێنێك لەهەناوی خۆیدا چەندین سەرگوزشتەو حکایەت و نهێنی ژیانی هەڵگرتووە، بەڵام دڵۆپەکان بەجۆرێك کاشییەکانیان سواغدا، زۆر زەحمەت بوو کە حەکایەتەکانی ناو خوێنەکان کۆبکرێنەوە . دڵۆپەکان لە گەرمی و جۆشدا هەڵمیان لێهەستا، هێند بەتوندی کەوتنە سەرزەوی، هەر دەتگوت پێست و بەرگ و ڕەنگی زەوییەکە خۆی سوورە، بۆیە لە کۆکردنەوەی یادەوەری و حەکایەتی ناو دڵۆپە خوێنەکان بێ هیوا بوویت و کەوتیتە گومانەوە، زانیت کە لەتواناتدا نییە بەر لەبارینیان بگریت و دڵنیا بوویت کە هیچت پێ ناکرێت ..

لەلایەك زۆر سەرسام بوویت بەو حاڵەی کە تێی کەتبووی، لەلایەکی تریشەوە بەزەییت بەزمان و خوێنتدا هاتەوە کەوەکو باران تك تك دەهاتنە خوار .. تۆ کە لەژیانتدا هیچ کەسێك نەیتوانیبوو زمانت ببەستێت، ئێستا لەگۆ کەوتووەو توانای ئەوەی نەماوە کەوەسێتێك بۆ کچەکە تاقانەکەت بکات..

***

هێشتا هەر بەپێوە بوویت، ئەگەرچی لەشت قورس و ئەژنۆکانت بێ هێزو لەرزۆك بوون، بەڵاموورەت دایە خۆت و نەکەوتیت .. هۆشت لەلای خۆتبوو، زانیت تەقینەوە بووو بریندارێت، هەستتکرد ئەمە دوا ساتەکانی تەمەنتە، هەوڵتدا ژیان بەهەموو ئاڵۆزی و چڕی و پانی و بەرینییەوە (بەڕابردووو ئێستاو ئایندەوە) لەو چەند چرکەیەدا کۆبکەیتەوە کە هێدی هێدی بەرەو کۆتایی دەچوو. دەتزانی کات لەبەرژەوەندیتدا نییە، هەوڵتدا تازووەو ئەوەندەی دەرفەت ماوە، تێفکرین وەکو هەل بەکار بهێنیت..

چۆن لەگەڵ داگیرساندنی سویچێکدا گلۆپێك هەڵدەبێت و ئەوەی پێیدەڵێن تاریکی نامێنێت، ئاوها یادگاری ڕۆژانی منداڵیت لەو چەند چرکە کەموو تاریکەی کەمابووت داگیرساندو ناخ و هزرو هەناوت ڕووناك بوونەوە.

***

هێشتا هەر بەپێوەبوویت، لەشت قورس و لەرزۆك و گران بوو، لە داهۆڵێك، یان مەسحێکی خوێناوی دەچوویت، بچووك بویتەوە، بووی بەمنداڵە حەوت ساڵەکەی سی و نۆ ساڵ لەپێش ئێستا .. ئەو ڕۆژەت هاتەوە یاد کە (مەلا جەمیل)ی ڕەحمەتی هات بۆ ماڵتان، بەمەبەستی ناونووسکردنت لەقوتابخانە لەگەڵ خۆی بردتی. بەدرێژایی ڕێگەی ماڵ و قوتابخانە دەستت بەدەستی (مەلا جەمیل)ەوە بوو . ئەوسا بۆت یەکلایی نەبوو کە ئایا(مەلا) ڕێنیشاندەری تۆ بوو، یان تۆ چاو ساغی ئەو بوویت .؟ بەڵام ئێستا کە لێدانی دڵت تەواو هێواش و خاو بووەتەوە، جەستەت هێزو تینی ڕاوەستانی نەماوە، بۆت ڕوون بووەتەوە کە ئەگەرچی (مەلا جەمیل) نابینا بوو، بەڵام بۆ تۆ ڕێنیشاندەرو چاوساغێکی دەگمەن بوو .. (مەلا) لە قوتابخانە ناونووسیی کردی، بووی بەخوێندەوار، مەزن بویت و بوی بەپیاو، بوی بەشاعیر، بەڕۆشنبیر..

ئەگەرچی پشکۆ ئاسنەکە کە دڵتی پێکاوەو تەواو جەستەتی سڕکردووەو هەر بەجارێ کەلەلاو مجرۆی کردووی، لەگەڵ ئەمەشداورەت بەرزەو هەر بەپێوەی .. بەڵام کاتێك ئەو ڕۆژەت کەوتەوە یاد کە هەواڵی مردنی (مەلا جەمیل) یان پێدای، ئیدی خۆت بەپێوە ڕانەگرت .. کەوتیتە سەر زەوی، هەموو لەشت

خوێناوی بوو .. بەڵام هۆش‌و خەیاڵت هەر لە کاردابوو . خۆت لەلات سەیربوو کەچۆن لەشت بەهەموو قەوبارەو بارستاییەوە توانای جوڵەو فرمانی نەماوە، کەچی عەقڵ‌و هۆش‌و خەیاڵ‌و باری دەروونیت جگە لەوەی کەنیگەران‌و پەشێوو ماندووە، وەکو جاران لەکارو فرماندایە .. تۆ کە لەخوێنی خۆتدا گەوزاویت‌و مردوو مجرۆ دەهاتیتە پێشچاو، بەڵام لە هەر کاتێك زیاتر عاشق‌و هۆگری ژیان بوویت . بۆیە لە گەڵ مەرگدا کە زۆر لێت نزیك ببووەوە کەوتیتە ململانێ ..

هاوڕێکانت، کە تائەوکاتە لەژێر بەردووو تۆزو بارووتی ژوورە نیمچە نغرۆکەدا بوون، بەسەری شکاوو لە شی کوتراوەوە راست بوونەوەو هاتنە دیارت، هەوڵیاندا راستت بکەنەوە..بێ سود بوو نەیانتوانی، لەگەڵتدا کەوتنە قسەکردن :

مەردان .. کوێت بریندارە؟

مەردان .. ماویت ؟

– مەردان غیرەت بدەرە خۆت‌و هەستەوە....

– مەردان...

– مەردان...

تۆ نەتتوانی‌وەڵامیان بدیتەوە، خۆ ئەگەر زمانیشت هەبا، دەتگوت: لێمگەڕێن با بەتەنهابم، بافریای بەسەرکردنەوەی یادگارییەکانم بکەوم..

گۆماوی خوێن زۆری نەمابوو بتخنکێنێت، هەناسەت‌وەك شنەی دەشتی گەرمیان کزو لاواز دەهات‌و دەچوو.. دەتزانی هەتا هەناسە بدەیت‌و هۆشت لەلای خۆتبێت نەمردوویت، ئیدی گرنگ نییە با جەستەت نەبزوێت.. لەناو خوێنی خۆتداوەکو بەردێکی زەبەلاح کەوتیت، هەستتکرد ئەگەر خۆت رزگار نەکەیت لەو شەپۆلە خوێنەی کەخەریکە لە دەمتەوە فوارە دەکات‌و دێتەدەر، ئیدی فریای بەسەرکردنەوەی یادگارییەکانی ترت ناکەویت .. لەم سەرەمەرگەدا لەهەر شتێك زیاتر دڵت لەلای یادگارییەکانت بوو . بۆت روون نەبوو کە ئایا جەستەی مردووت بزوا، یان هەر بە خەیاڵ خۆت خستە کەنار؟ شەپۆلە خوێنەکە کە لەدەمتەوە هاتەدەر بەلاتدا تێپەڕی .. ئیدی هەموو شتێکت فەرامۆشکرد، قسەی هاوڕێکانت، گۆماوو شەپۆل‌و چۆڕاوگەی خوێنی خۆت، جەستەی مجرۆو کەلەلات، هەموو شتێك ..

بەوپەڕی دڵسۆزی‌و میهرەبانییەوە دەستت لەکەمەری یادگارییەکانت گیرکرد .. ئەوانیش بەوپەڕی ئەمەگەوە تۆیان لەناو ئەو گێژاوی خوێن‌و مەرگەساتەدا دەرهێنا، لەئامێزیان گرتی..

هەتا ئێستا کەس لەلای روون نییە کە ئایا تۆ رۆیشتیت بۆ لای یادگارییەکانت، یان ئەوان هاتن بۆلای تۆ؟ بەڵام تۆو

یادگاریەکانت هێند شەیداو عاشقی یەك بوون ئیدی بوون بەیەكو لەناو یەكدا توانەوە...

یەكەم ژوانی خۆتو (زارا)ت بەسەركردووە ..(زارا) كەزیاتر لە مامزێكی شەرمن دەچوو، سەری خەواند، چاوی بڕییە گوڵە نارنجییەكەی بەرە گوڵگوڵییەكەی ژێری، بەڵام بەوپەڕی جۆشو خرۆشەوە گوێی بۆ قسەكانت هەڵخستبوو. لەم كاتەدا (زارا) هەموو جەستەی بوون بەگوێو رادێریوشەو تەعبیرە رۆمانسیو شیعرییەكانت بوون. (زارا) قسەكانتی فرە بەگیان خۆش بوو، لەگەڵ هەروشەیەكدا ئۆخژن بە گیانو جەستەی سڕیدا داهاتو زیاتر رەحەتو كەوی بووو رەزامەندو دڵخۆش خۆی نواند .. بەڵام هیچی نەگووت، شەرم پرزەی لێ بڕیبوو ..

تۆ ئەم حاڵەت بە ئاسایی وەرگرت (كچێكی چواردەساڵەی دەشتی گەرمیان هەر هێندە لەدڵداریو هونەری عەشقو عەشقبازی دەزانێت .. ) . لەدڵی خۆتدا گوتت: (ئەگەر تەمەن مەودابدات فێردەبیت كەچۆن دەستم بگوشێتو لێو بخیتە سەر لێوم ..).

(زارا) هەتا ئەمكاتە تەنها یەكوشەی لەدەم نەهاتبووەدەر، چاوی هەر لە گوڵە نارنجییەكەی سەر بەرەكە بڕیبوو. سەر هەڵدەبڕێتو بۆ چركەیەك تەماشات دەكات..وەك بڵێی هەڵەیەكی گەورەی كردبێتو پەژیوان بێتەوە، جارێكی تر سەری خەواندەوەو چاوی بڕییە هەمان گوڵی نارنجی .

تۆ دەستت بۆ لای درێژكرد، وتت دەدەی دەستت بخەرە ناو دەستم، باپەیمانی عەشقو ئەڤین بەیەك بدەین .. (زارا) بەبێ ئەوەی بەدەم هیچ بڵێت، دەستی راستی بەرەو لای تۆ بزواند كە هاتا ئەوكاتە لەگەڵ دەستە چەپیداوەك لە كەلەپچەدابێت ئاوها لە ناو كۆشیدا خەواندبووی ..

تۆ زیاتر دەستت درێژ كرد، ئەویش زیاتر جوولاّ، سەری قامكەكانتان بەریەك كەوت.. هێشتا دەستتان نەخستبووە ناودەستی یەك، تۆ زیاتر نزیك بوویتەوە، ویستت دەستپێشخەری بكەیتو دەستی بگوشیت، ئینجا لە ئامێزی بگریتو تێر تێر رایموسێنی .. بەڵام ئەو شەپۆلە خوێنەی كە دەمێكە لەناو دەمتدایە چاوەڕێی هەلی رشانەوەیە، هاتەدەر.. نەیهێشت دەست بخەنە ناو دەستی یەك، قامكەكانتانی لەیەك دابڕی..

بەم شێوەیە، جارێكی دی گلۆڵەی یادگارییەكانت لەدەست ترازاو كەوتنە لێژی.. چۆن تیرەی كۆلارەیەكی فڕیو لەدەس بەردەبێت، ئەگەر لەدارێك، دەوەنێك، دڕكێك گیرنەبێت، مەحاڵە بگیرێتەوە، ئاوها ئەو شەپۆلە خوێنە، پەتی یادگارییەكانی پساندو لەدەستتی ترازاند..

***

تۆ هێشتا لەناو خوێنی خۆتدا گەوزاویت، هاوڕێکانت جارێکی دی هەوڵیاندا راستت بکەنەوە، لە گەڵتدا کەوتنەوە گفتوگۆ ..

– مەردان.. بۆ قسەناکەیت؟

– مەردان..کوێت بریندارە؟

– مەردان.. مەردان ماویت؟

– مەردان..

– مەردان..

تۆ هیچت نەگوت، یان راستتروایە بڵێین : هیچت بۆ نەگوترا..

دڵت هەرلای یادگارییەکانت بوو. چۆن کاسێتێك خێرا بۆ پێشەوە هەڵدەکرێت، جگە لەزیکە زیك لە هیچ پەیڤێك حاڵی نابیت، ئاوها یادگارییەکانت بەرەوپێش هەڵکران..

بە ئەندازەی دوری یادگارییەکانت، مەرگ بەهەنگاوی زل زل لێت نزیك دەبێتەوە .. تەنها یەك هەنگاوی ماوە پێت بگات ..

ئەگەرچی بەری دیدەت تەواو لێڵ‌و تاریك بووە، بەڵام هۆش‌و خەیاڵت هەر لە کاردایە ..

لەم کاتەدا زۆر سوپاسگوزاری عەقڵ‌و هۆشی خۆت بوویت کە بەدرێژای تەمەنت، بەپەری ئەمەك‌و زۆر چالاکانە بۆت لەکاردا بووە. ئێستا کە هەموو ئەندامانی جەستەت مجرۆببووە، هۆشت نەزریکردووە کە هەر لە خزمەتتدابێت‌و بەتەنها جێت نەهێڵێت..

خۆشت نەتزانی کەچۆن بوو لەم سەرەمەرگەدا ئەو شیعرەی (مەحوی)ت بیرکەوتەوە کە دەڵێت:

**(سەر کە هۆشێکی نەبێت، من زرکە تاڵم بۆچییە!**

**دڵ کە جۆشێکی نەبێ، شیشەی بەتاڵم بۆچییە!)***

***

لەئاقار ئەو حاڵەی کەتێی کەوتبوی زۆر بەزیت بەخۆتدا هاتەوە، وەلێ لەسەرەمەرگدا بەزەیی چی پێدەکرێت ؟

لەناخی خۆتدا نیگەران‌و تورەبوویت، بەڕوی مەرگدا، کە هەنگاوێکی مابوو پێتبگات، هەڵشاخایت .. پێیتوت:

– بەم مەرگە رازی نیم .. لێم گەڕێ با بژیم ..وازم لێبهێنە ئەو نەمامانەی کە تازە کریومە بابیانڕوێنم‌و باخچەکەی پێ بڕازێنمەوە.. ئاخر لەدوای خۆم کێ بیانڕوێنێت، دواجار سیس دەبن!

ئەو کەپرەی کەتازە دەستم داوەتێ‌و هێشتا فریای سەرداپۆشینی نەکەوتووم، با تەواوی بکەم..

ئەو خەونە ئەرخەوانیانەی کە بەدرێژایی تەمەنم حەزم کردووە بیان بینم‌و نەمبینیوون، بڕیارە لەم ماوەیەدا بیانبینم .. بابیانبینم..

وازم لێبهێنه با نەمرم، با تێر تەماشای (خاسە) ی پڕ لە ئاوو (قەڵا)ی لێوزێڕین بکەم..

من نارازیم بەم مەرگە، دەرفەتم بدەرێ با بەکاوەخۆ لەکوچەو کۆڵانەکانی ئیسکان و ئازادی و شۆڕجە منداڵ ببمەوەو گەمە بکەم.. من دژی ئەم مەرگەم، تۆزێ زیاتر ژیانم بدەرێ، با تۆزو گەردی چەند ساڵەی غەریبی لە خۆم بتەکێنم و ببمەوە کورەکەی جاران .. ئاخر بە ساڵێك چۆن تینوی بیست و چوار ساڵ غەریبیم دەشکێت؟ مەگەر نازانیت غەریبی وڵاتان چەندە ماندووو شپرزەوویرانی کردوم؟ ئەی مەرگی ناوەختە، تکات لێدەکەم لەمەزیاتر مەیە پێشەوە چۆن و بە کوێدا هاتوویت، ئاوها بگەڕێرەوەدواوە .. نامەوێت بمرم، هێشتا بۆ مردن زووە .. هەرگیز بەم مەرگە رازی نیم ..

دواین رستەت زۆر بەتوندیو توڕەیی بەڕووی مەرگدادا، کە نیو هەنگاوی مابوو پێتبگات.. توڕەبوونەکەت کاری خۆی کرد، مەرگی لەجێگەی خۆی چەقاند، نەهاتە پێش .

لەم کاتەدا کە سەری گلۆڵەی یادگارییەکانت لەدەست بەربووبوون و بەخێرایی روداوەکان و ماجەرای ژیانتی بەرەوپێش هەڵکرد، لەدارە بەرزەکەی ناو حەوشەی نەخۆشخانەی منداڵبوون گیربوو، سەری گلۆڵەی یادگارییەکانت گرتەوەو توند لە مەچەکت گیرکرد.

جارێکی دی یادگارییەکانت لە ئامێزگرتەوە. تۆ کە لە گیانەڵڵادا بوویت، ورەت دایە خۆت و هۆشت زیاتر ماندوکردەوە.. (**بەسەر مەرگ و تەرمی خۆتدا هەنگاوت نا، سێبەرەکەت رێتپێدەگرێت، تاڵە خوێنێك وەکو بەدواتد بکشێت، لە پاڵ بناری ئاگردا، پشت لەگەڵ تاشە بەردێك جووت دەکەیت، چاو دەبڕیتە ئەو ئاسۆیەی کە بۆن و دەنگی کچە تاقانەکەتی لێوە دێت، بروسکەیەك درز دەخاتە ئاسمان و لە سەر را ئاسۆ دەقلیشێت..**)**

***

کچەکەت کە تەنها چەند خولەکێك بوو لەدایك ببووو لەناو دەستی پەرستارە گەردن بەرزەکەدا بوو.. پەرستارەکە لە ناو دەرگای هۆڵی منداڵبوونەکە راوەستا، وتی:

– چاوودڵت روون منداڵەکەتان بەساغی و سەلامەتی لە دایك بوو ....

تۆ کە لەوسەری هۆڵەکەوە بەشپرزەییەوە دەهاتیت و دەچوویت، بەدوو هەنگاو گەیشتیتە بەردەمی، مەلۆتکەکە کەوەك کەروێشکێکی خرپن وابوو بۆی راگرتی، دەستت درێژکرد کەلێی وەربگریت و تێر ماچی بکەیت .. بەڵام ئەمجارەش قولێپێکی تری خوێن لەدەمتەوە هاتەدەر، نەیهێشت دەستت بگاتە مەلۆتکەکە..

بۆکچە تاقانەکەت ئاگر لەجەرگو هەناوت بەربوو، هەر بەجارێ شێتو هار بوویت .. سەرئەنجام گلۆڵەی یادگاریەکانت لە دەست دەرچوونەوەو زۆر بەخێرایی بەرەو کۆتایی هەڵکرا...
مەرگ گەیشتە سەرتو هیچ دەرەتانێکی بۆژیان نەهێشتەوە .. هەر هێندت پێکرا کە سەیری دوور بکەیتو چاو لە ئاسۆ ببڕیت .. فرە دڵخۆش بوویت، کاتێك زۆر بەڕوونی گۆڕەکەی خۆتت بینی، لەبەردی لای راستی گۆڕەکەتدا شیعرێکی خۆتی لەسەر نووسرابوو..
تۆ کە مەرگ پرزەی لێ بڕیبووی، وەلێ هەتا کۆپلە شیعرەکەی سەر گۆڕەکەی خۆتت نەخوێندەوە چاوت لێك نەنا.. ئیدی چۆن فوو لەمۆمێك دەکرێتو دەکوژێتەوە، ئاوها کوژایتەوە..

**کەرکوك**

* دێڕە شیعرێکی ( مەحوی )یە، بەڵام جیاوار لە ( مەحوی ) بەکارهێنراوە.
** کۆپلە شیعرێکی ( رەفیق سابیر )ە، بەدەستکاریەوە بەکار هێنراوە.
*** ئەم چیرۆکە خەڵاتی سێیەمی سیانزەیەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژی بەدەستهێنا.

## نمایشی جەستە بێدەنگەکان

* پەیڤینێکە لەگەڵ ئاوازو قوڕو هێڵو رەنگەکاندا...
*هەوڵدانێکە، بۆ ئاشنابوون بەرۆحی ئەم سێ جەستە خاوێنو بێدەنگە...*
*نەفرەتکردنە لەوشە دەمامکدارو هاوارە درۆزنەکان...

جگە لەقوڕێکی سادەو ساکار شتێکیتر نەبوو، قوڕێك کەبریتی بێت لەخۆڵەسورەیەکی نەرمو چەند قەترە ئاوێکی روونو پاك، خۆڵو ئاوەکە چەند جارێك بەیەکدا درابێتو هیچیتر، دواجار قوڕە سورە جوانەکەی لێپێك دەهات... شارێکی جوانو قەشەنگ بوو، شارێك بوو خەڵکەکەی بەبێ دەربڕینی هیچ وشەیەك زۆر بەسادەو ساکاری لەگەڵ یەکدا دەدوانو ژیانی ئاسایی خۆیانیان بەسەردەبرد. بۆ خۆشم نازانمو تائێستاش بۆم روون نەبۆتەوە چی منی گەیاندە ئەم شارەو بۆچی بەم مەملەکەتە ئەفسوناوییەدا گوزەرم کرد. ئەوان هەرلەگەڵ خۆیانداوانەبوون تەنانەت لەگەڵ منیشدا هەروابوون، بەوشە گوزارشتیان لەهەستو سۆزو ناخی خۆیان نەدەکرد، بەڵکو تەنها بەچەند جوڵەیەکی خێرا لەهەموو رازو پەنهانییەکیان دەگەیشتم، لەوکاتەدا رێك منیش بەشێك بوم لەوان... شارێکی کپو بێدەنگ بوو.. یەکەمجار بوو ژیان بەوئارامییە ببینم، لەچی دەگەڕام لەدوای تاوێکی کەم چەند جوڵەیەکی خێرا بۆیان دەخستمە بەردیدەو نیگام، هەرکاتێك نیگام لەسیماو روخساریان دەخشاند ئیتر هەموو نهێنییەکان بەئاشکرا خۆیان دەنواند, چ مەرامێك بۆ خۆشاردنەوە نەدەما... ئەوان نەك هەرشتی سادەو ساکاریان بۆ دەگێڕامەوە بەڵکووەك شاعیرێکی کارامە، بەلاّم بەبێ دەربڕینی تەنها یەك وشە باسی ورشەی ئەستێرەو هەناسەی باو هەناوی وەنەوشەو چیتریان بۆ دەکردم، منیش لەخزمەتیاندا نیگای خۆمم راخستبوو, خۆش خۆش سەرنجی ئەوانم دەدا, سەرەتا لە زمانی بێدەنگیی و لەجوڵەی پانتۆمایمیان حاڵی نەدەبووم.. بەلاّم خۆشییەکی بێئەندازە جەستە سڕەکەمی داپۆشیبوو، بۆ یەکبەیەکی دیمەنەکان لەناخەوە پێدەکەنیم، بۆیە بێدەنگییەکەیانم بەهەندوەرنەگرتو نیگاو سەرنجم بەشەپۆلی خێرای جوڵەکان بەخشیو خۆشمژدانە لەپێشوازیاندا بووم.. چاوم لێبو قوڕەکە جیهانێکی بۆنخۆشو رەنگینی بۆ نەخشاندم بەتیلەی چاو تێیدەڕوانیم، رێك لەوە دەچووکەپێم بڵێت:

(ژیانی لەمەڕئێوە چەند ژیانێکی مەنگو ژینگەیەکی بۆن گرتووە؟)..

ئیتر زۆر بەزەیم بەخۆماندا هاتەوە, بەدەستخۆم نەبوو بەری چاوم لێڵ بوو، خەیاڵم وەکو منداڵێکی ئیفلیج نەیدەتوانی رێبکاتو هەرلەجێگای خۆیدا چەقبەستوو مایەوە..ویستم پڕکێشی بکەمو خۆم قوتاربکەم لەوخەیاڵە ناوەختە, بەلاّم بێهودەبوو نەمتوانی.. زریانێکی ناوەخت هەڵی کردو

خەیاڵمی وەکو قژی کیژۆڵەیەك لەدەستو گێژەنی خۆی ئاڵاندو بردمی لەبەردەم شارە مێروولەو بەچکە مێشەکاندا فڕێیدام.. لەوێ بۆئەوەی بژێیت، دەبوو هەناسە نەدەیت! چونکە شنەبای سەحەر ژەهراوی بوو... قوڕە سورەکە فریام کەوتو بەپەلە خەیاڵە پەرت پەرتو ئاڵۆسکاوەکەمی کۆکردەوە, بۆ پشودانی، نەرم نەرم دەیشێلاو بەئاگای هێنامەوە. دووبارە لەناوشارە ڕەنگینەکەی ئەواندا خۆم بینییەوە، بەچواردەوری خۆمدا دەمڕوانی، دەرگاکان بۆ نیشاندانی سیمای بێگەردی جوانی لەسەرپشت بوون. یەکەم جارم بوو شتە نەفرەت لێکراوەکان بەدی نەکەم.. قوڕەکە هێندە بەسەلیقەوە نمایشەکەی ئەنجام دەدا بەخیلیم دەهات بۆئەو هەموو جوانی و پاکییە.

زۆر بەئینسافەوە لەخزمەتمدا کاریان دەکرد، بۆ خۆم سەرم لێسوڕمابوو نەمدەزانی لەکوێم.. ئایا ئەمە ئەو بەهەشتەیە کەچەندوەختە هەوڵی بۆ دەدەم, یان تەنها نامۆبوونی ئەندێشەکانمە لەخۆیان؟ یان چیتر نەم دەزانی، بەڵام یەکپارچە جەستەی شەڕانیم ئارام دەبۆوەو شەرابی خۆشی نۆشدەکرد.. دیمەنەکان زۆر دڵڕفێنو بێگەردبوون، لەوشارەدا بەچاوی خۆم جەستەو تەرمی هەڵبزرکاوی ئەهریمەنم بینی.. ئەهریمەن دوای ئەوەی لەهەوڵەکاندا بێئاکامو بێهودە ببوو, کەسی بۆ لەخشتە نەبرابوو, کەس نەبوو بەدەرویشی تەریقەتی, ئیتر لەداخاندا خۆی کوشتبوو.. چاوم لەتەرمەکەی بڕی، دیمەنێکی زۆر ترسناكو ناشرینی هەبوو, بۆکرۆزێکی ناخۆشی لێوەدەهات, زوخاو لەجەستە ئاوساوییەکەی دەتکا، بەسەرسەریەوە دوکەڵێکی تەڵخ سێبەرێکی گەرمی دروستکردبوو. ئەم دیمەنە لەنمایشێکدا هەر قوڕەکە بۆی گێڕامەوە.. ئیتر لەوێوە منیش کەوتمە موتاڵاو تێفکرین لەگەڵ بیرکردنەوە لەمەرگی ئەهریمەنو چارەنووسی بۆلەمەودوای مرۆڤ هەنگاوم دەنا، هیچم چنگ نەکەوت.. بەڕاستە شەقامەکەدا سەرکەوتم زۆر ڕۆیشتم ئیتر لەوێوە گەڕەكو مەملەکەتی قوڕەکانموەکو تارمایی دەهاتە پێش چاو. بەلای ڕۆژهەڵاتی شاردا هەنگاوم نا، بەڵام نەمدەزانی بۆکوێ دەڕۆم، زۆری نەمابوو ڕێگام لێونبێتو خۆم بەکونێکی نادیاردا بکەم.. سۆناتەو ئاوازی شار تەنها بێدەنگی بوو، بەڵام بێدەنگییەکی قسەزلو قسە خۆش.. هێندەم نەزانی راستەهێڵێکی ڕەنگ حەلوایی هاتە خزمەتمو بوو بەچاوساغم.. دەستی راستی گرتمو بردمی هەتا گەڕەکی خۆیان رای نەگرتم، بردمی و لەناو جەستەو ڕۆحی ڕەنگەکاندا لەناوجیهانی هێڵەکاندا جێگایەکی بۆ خۆشکردم, لەسەر کورسییەکی نەرمو فراوان داینیشاندم... ڕەنگی ڕەش, لەدوای ئاوێتەبونی لەگەڵ تیشکی زێڕینی خۆر بەسەر سەرمەوە ساباتو سێبەرێکی خۆشو فێنکی بۆ

دروستکردم.. جەستە قەترانییەکە نەماو جەستەیەکی خۆڵەمێشی لەچەشنی خۆرئاوا، یان سپێدەی بەیان خۆی دەنواند. راستە هێڵە حەڵواییەکە لەپێش چاومدا نمایش و سەمایەکی سەیری ئەنجامدا، چەند جارێك بەدەوری خۆیدا سوڕایەوەو خۆی لولکرد, پاشان بوبە گوریسێکی ئەستوری توك رەق, لەچەشنی چەماوەیەکی داخراوی هێلکەییدا خۆی نواند، ناوقەدی خۆی بەچەند گرێیەك توند توند شەتەكدا، ئیتر بوبەپەتی قەنارەو لەچاوەڕوانی گەردنێکداوەکو قورسی سەعاتی چاڵمە ئەملاو ئەولای دەکرد! ترساو و رۆحم کەوتە لەرزە، سیمام هەڵبزرکاو ئێڵنجم هات.. راستە هێڵەکە کەئەوکاتە پەتی قەنارەبوو, زەمانی نەبوو تا تێیبگەیەنم, بەڵام بەنیگاو دیدەم بەتوندی لێی توڕەبوم و پیاهەڵشاخام و پێم گوت:

(بۆچی ئێوەش وەکو بنیادەم رەفتار دەکەن, دەتانەوێ لەژێر پەتی سێدارەداوانەی عەدالەت و دادپەروەریمان بۆدادەن؟ بۆلەوەتەی قەنارە هەیە جگە لەگەردنی باریکی پەپولەو فریشتەکان, ملی ئەستووری کام ئەهریمەن و کام درەندەی ماچ کردووە؟.. بەکام یاسا...)

هێشتا قسەکانم تەواونەکردبوو سیمام هەرتوڕەو غەزەباوی بوو، بینیم رەنگی سپی لەچەشنی کۆترێك ئامادەباشی کردو بەدەنوکی پەتی قەنارەکەی ونجڕونجڕکردو لەبۆشایی ئاسمانەوە بەخاوی و پارچە پارچە لەبەردەم پێمداکەوتن و گیانی یەکجارییاندا.. ئەم نمایشە هەر بۆ هێورکردنەوەو دڵنەوایی من بوو.. بۆ ساتێکی کورت ئاسودەبووم, بەڵام نەمتوانی باوەڕ بەخۆم بکەم ئەوە دوا مەرگی قەنارەبێت.. لەژیانمدا دیمەنی ناخۆشم زۆر بینیوە, بەڵام هیچ کامیان هێندەی خنکاندن و هەڵواسین سامناك و قێزەون نەبووە.. کێ لەنهێنی و پەنهانی زمانی ئەوچاوانە دەگات کەلەکاتی هەڵواسیندا دەردەپۆقێت و بەهەموو هێزی تەماشا دەکات؟

ئەم تەرزە بابەتانە خەیاڵمی تەواو ماندوکردبوو.. رەنگی شین فریام کەوت، خۆی کرد بەئاسمانی سەرم، کەگوزارشت بوو لەهێورکردنەوەو بەخشینی ئارامی. تیکە تیکەو لێرەو لەوێ خەیاڵمی گورج کردەوە، رەنگی شین هات و هەردوو دەستە ناسکۆڵەکەی رەنگی زەردی گرت و کەوتنە سەما, کەوتنە راموسانی یەکتری, هەرلەوێداو لەپێش چاوی منەوە بێشەرمانە جووت بوون.. لەدوای تاوێك و تواندنەوەی هەردوکیان لەهەناوی یەکدیدا منداڵێکی قشتیلەی سەوز لەدایك بوو، تەنانەت هەردوو چاویشی هەر سەوز بوو، سەوز بەچەشنی بەهار.. زۆر چاوەچاوو ملە قوتەم کرد بۆ دایك و باوکی ئەومنداڵە چاو سەوزە, بێسود بوو, نەمزانی ئەوان

ڕۆحیان بەکێ بەخشیو چییان لێهات، بەڵام هێندەم لەیادە کەئەوان خۆیانکرد بەقوربانی بۆ هاتنی بەهار. لێرە بەدواوە چەند هێندەی تر مەملەکەتی ڕەنگەکانەم خۆشویست.. زمانی خێڵی ڕەنگەکان زمانێکی بێگرێوگۆڵو سادەو ساکار بوو, نازانم چەند لەخزمەتی کەرنەڤاڵی هێڵو ڕەنگەکاندا مامەوە, بەڵاموام لێهات هەرکە دەجوڵانەوە یەکسەر لەگوزارشتو مەرامیان تێدەگەیشتم, دەمزانی دەیانەوێ چیم پێ ڕابگەیەنن. ئەگەر باسی بێزاریو دڵتەنگی مەسەلەیەکیان بۆ بکردمایە, ئەوا یەکسەر هێڵەکان درێژ دەبوونەوەو بەپەلە بەیەکدا دەئالۆسکانو جیڕ دەبوونەوە، بەشێوەیەك کەهەناوی منیش لەگەڵیاندا دەهاتە ئێشو دڵم دەگوشرا.. ئەگەر بیانویستایە باسی بەردەوامی ژیانم بۆ بکەن هێڵەکان بەشێوەی بازنەی داخراو خولیان دەخواردەوە. لەوکاتەدا خولیاو ئاواتەکانی منیش لەبازنە داخراوەکاندا لەسوڕی بەردەوامدا دەبوون.. ئەگەر باسی مردنو لەناوچونیان بکردایە ئەوا ڕاستەهێڵێکی ڕەشداگەڕاو لەبەردەممدا درێژ دەبوو.. ئەگەر باسی هێزو دەسەڵاتیان بکردایە, ئەوا دوو هێڵی ڕاستو چەپ بەشێوەی ئاسۆییو شاقوڵی لەسەریەك ڕادەوەستان..

لەپاڵ درەختێکی سەرقژنی کۆنەساڵدا تەماشای ئەم جیهانە ئەفسوناوییەم دەکرد، لەکۆڵانی بەرانبەرمەوە چاوم لێبوو, چەند هێڵێکی نوك تیژ لەشێوەی نوکی سێگۆشەو چوارگۆشە لەبەرانبەر یەکتری قیت بوونەوە, هەریەکەیان تووڕەییو هەڵچونێکی تەواو لەڕویاندا بەدی دەکرا.. زۆر دەترسام لێرەش شەڕو کوشتارو بەدەستییەکناشتن ببینم. بەڵام خۆشبەختانە باش بوو, هەرزو ئەم دیمەنە گۆڕاو نمایشێکی یەکجار شەنگم بینی. هێڵە ڕەنگاوڕەنگەکان، زەردو سور، ئاوێتەبونو پرتەقاڵی خۆی نیشاندا. سەوزو شین بوون بەقوربانی یەکدی, پیرۆزەی هەڵهات.. شینو سور تێکەڵاوبوونو مۆر لەدایك بوو، مۆرو سور بوون بەیەكو جگەری چەکەرەی کرد، سورو سپی ماچی ناودەمی یەکیان کرد پەمەیی جەستەی ئارەقاوی هەردوکیانی داپۆشی. ئینجا هەموو ئەم ڕەنگانە لەشێوەی نیوەبازنەو چەماوەی کراوە، لەشێوەی گەردنو لاملو سەرسنگو ناوقەدو کەمەر خۆیان دەنواند.. یەکتریان لەئامێز دەگرت، لەدوای ئەم نمایشە بارانی شەهوەت دایکردو هەمویان چێژیان لێدەچۆڕا.. منیشوێڕای ئەوەی خۆم لەبن دارەکەدا مەڵاس دابوو چاوم بڕیبووە نمایشی ماچو قوربانییەکان، بەڵام چەند دڵۆپێك لەوبارانە گیانی تەڕکردم. یەکەمجاربوو قوربانییەکی بێدەمامكو بێمەرام ببینم.. بەدەستخۆم نەبوو, ئیتر لێرەوە چاوی سەرنجم نابینابوو, هیچم نەدەبینی.. لافاوێکی ناوەخت دای بەسەرماو

کەوتمە بەرشەپۆلی بێرەحمی لافاوەکەو راپێچی کردم بەرەو
قولایی گەروی خۆی. ئەم جارەیان نەك هەر خەیاڵم بگرە
جەستەشم لەناو ئەو قەرسیل و دەشتەلانی بەهارەدا هەڵکێشاو
هێنامیەوە ناو بنیادەمە دەمامکدارو درۆزن و زۆربلێکان، لێرە
شەهیدەکانیش, کە پاکژترین جەستەی ئەم کۆمەڵەن
خۆپەرستو درۆزنن، ئەوان لەرێگای پەیامی پەپولەدا
نەرۆیشتن یان لەرێگای قرکردنی شەمشەمەکوێرەدا گیانیان
بەخت نەکرد.. بەڵکو بۆئەوەی هەریەکەیان جێ دەرزییەکیان
لەبەهەشت پێبدرێ شەهید بوون. ئێرەوەکو مەملەکەتی هێڵو
رەنگەکان نییە, هەموو شتێك ئاوەژو بۆتەوەو پێچەوانە نمایش
دەکات, ئەوەتانێ کیژە پاکیزەییەکان دووانەیان دەبێت,
یەکێکیان دەبێت بەقاوەچی یانەی پیاوکوژان و ئەویتر
بەسوپاسالاری شەوکوتان.. هەموومان لەبەردەم شەوقی لۆکزو
چرا بێ نوەتەکاندا کۆری درۆو پیاهەڵدانی یەکدی گەرم
دەکەین, لەگەڵ تارماییەکاندا هاوڕێو لەگەڵ جەستە
زیندووەکاندا دوژمن و باوەکوشتەین. ئینجانەکان دەشکێنین و
گوڵەکان لەتابوتێکی ئاسنین دەنێین. بەسەرپشتی گوێزاندا
لەپێشبڕکێیەکی ماراسۆنیدا بەرەو هەتاو هەڵدەکشێین، دوای
ئەوەی کەناگەین بەڕووناکی بەدەستو پلی خوێناوی و سەری
بڕاوەوە لەقولایی تاریکیدا تیزو گاڵتە بەیەك دەکەین. لەڕۆژە
پیرۆزەکاندا لەجیاتی گەردن ئازادیو لێخۆشبوون تەون و داوی
جاڵجاڵۆکە دەسازێنین.. تابووتو دارشەق بەدیاری بۆیەکدی
دەنێرین. لەژێر ئاسمانی ئەم دەڤەرەدا بارانی سور دادەکاتو
لەجێگای گولیلکە سورەی بەهار کەلەسەرەکان
سەردەردێنن..!!

زۆری نەمابوو هزرم لەدەست بدەم, ببم بەقوربانی
هەڵسوکەوتی بنیادەمە مشەخۆرو خۆخۆرەکان.

بەڵام تاماوم قەرزاری ئەو ئاوازە بەسۆزو میهرەبانەم کە لە
گەرویەکی سەرمەستەوە دەردەپەڕی, کەسەرچەم خەمەکانی
منی لەپریاسکەیەك ناو بۆ خۆشم نازانم چیان بەسەرهات،
منیش لەبەردەم ئەو ئاوازە خەم رەوێنەدا جەستەو رۆحی خۆم
هەڵخستو جارێکیتر, بەلام لەجاران سەرمەستتر هاتمەوە
ناوجەستەی هێڵو رەنگەکانەوە.. چومە ناو گلێنەو
بینایانەوە. رەنگە گەرمەکان, رەنگە ساردەکان, رەنگە
بێلایەنەکان، هێڵە پان و باریکەکان, کورتو درێژەکان,
هەموویانم بەسەرکردەوە، چاوی یەك بەیەکیانم ماچ کرد. ئیتر
لەخزمەتی هاوولاتیانی ئەم شارە پڕ لەئەندێشەیەدا چ
پێویستیم بەوشەو ژاوەژاو نەبوو، لەوێدا ئیستێکم کردو
ئاوازێکی ناخۆش پەردەی گوێیەکانمی لەرانەوە، دەنگی
ناوەختی زڕتە پیاوەکەی لەمەڕخۆمان بوو کە لەناو شایلۆغانی

جەماوەردا دەیشێڕاندو کەف بەلاچەناگەیدا دەچۆڕایەوە..
خۆی کردبوو بەفریادڕەسی کرێکاران‌و پەنجەکانی
رادەوەشاند, هەڕەشەی لەسەرجەم چارەنووسی مرۆڤو
مرۆڤایەتی دەکرد.. بۆ ئەوەی چیتر گوێ بیستی ئەو درۆ زلانە
نەبم، بەهەردوو دەست گوێی خۆمم داخست‌و پشویەکم
بەگوێیەکانمدا.

هەرلەخزمەتی ئەو جەستە بێدەنگانەدابووم، حەزم دەکرد
بروسکەیەکی بەپەلەو بانگەوازێك بۆ هەمووشەو دەنگەکان
جاڕبدەم, کە لەدەورم کۆببنەوە, ئەوسا منیش کفنێکی رەش
بکەمە بالاپۆشیان‌و مەرگی‌وشەو دەنگەکان رابگەیەنم.
نەمریش ببەخشمە نمایشی جەستە بێدەنگەکان.

سلێمانی 1998

چاوت بڕیوەتە بنمیچەکە، ئاسمانی ژوورە بچکۆلەکەت لە پەڵە هەورێکی خۆڵەمێشی تۆخ دەچێت، هەورێك کە هەرگیز دانەکاتە باران، ئاسمانێك کە هەرگیز شینو سامالّ نەبێتو خۆرو مانگی تیا هەڵنەیەت.

لەوەتەی تۆ لەم ژوورە بچکۆلە دەژیت، یان راستتروایە بلّێین: لەوەتەی ئەم چوار دیوارە کراوە بە نیشتمانو مالّت, تێڕوانینت بۆ ژیان، بۆ مرۆۋ بۆ نیشتمان، بۆ هەموو شتێك گۆڕاوە.

جارانو پێشئەوەی بخرێیتە ئەم چوار دیوارەوە، پێتوابوو تەواوی سەر زەمین بۆ گەشتو گەڕانو دیتنی مرۆ بچووکە, چاوی مرۆۋ زۆر لەوە دوربینترە کە سنوورێك بۆ دیتنی دابنرێت، خەیالّی مرۆ زۆر لەوە فراوانترە کە لەسەرزەمینێك جێگای ببێتەوە.

هەمیشە قسەی ئەو گەورە پیاوەت دووبارە دەکردەوە کە دەڵێت: (زەمین بەهەموو پانیو بەرینییەوە, بۆشایی

ئاسمانیش بەهەموو نهێنییەکانییەوە، رووبارو دەریاکانیش بە هەموو قولاّیی و هاژەو لرفەیانەوە، لە ئاقار تێڕوانین و تێفکرین و سەرنجەوردەکانی مرۆدا بچووك و تەنگەبەرن، بۆیە رۆژێك دادێ هەموو ئەمانە بۆ مرۆوەکو بەری دەست تەخت دەبن,وەکو پەڕەی کتێب بەسانایی دەخوێندرێنەوە، شتێك لەبەردەم مرۆدا نامێنێت کەناوی نهێنی گەردوون بێت..).

ئێستا و ئەوا ساڵێکی تەواوە, هەموو گەردوون بچووك و تەنگ بووەتەوەو بۆ تۆ بریتییە لە ژوورێکی یەك مەتر پان و یەك مەتر درێژو سێ مەتر بەرز. هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوویت تەنها رۆژێك چییە بتوانیت لە نیشتمانێکی ئاوها چۆڵ ووشك و بریندا ژیان بەسەر ببەیت. لێ پێدەچێت مرۆ زۆر لەوە بەهێزترو دڵڕەقترو چاوقایمربێت کە خۆی بیری لێدەکاتەوە، ئەگەروانییە کێ بڕوادەکات کەسێك هەبێت بتوانێت ساڵێکی تەواو کەسێك شك نەبات قسەی لەگەڵدا بکات، رازی دڵی خۆی بۆ هەڵڕێژێت؟

ئەوەی لە ماوەی ئەم ساڵەدا فریات کەوتووەو نەیهێشتووەوەکو داری بێرەگوشك ببیتەوە, خەیاڵی سرك و زیتەڵەت بووە. خەیاڵت رۆژانە دەیانجار لە نیشتمانە تەنگەکەت، لە یەك بەیەکی سەربازو پاسەوانە دڵڕەقەکان، لە (ئەبوو عەبوود), تەنانەت لە جەستەی لەڕولاوازی خۆشت یاخی دەبوو, بە ئاشکراو بە نهێنی خۆی رادەپسکاندو دەچووە دەرێ، دەگەڕا، پێدەکەنی گەمەی دەکرد.

بەڵام ئاخ هەمووکاتێك دەنگی ناسازی (ئەبوو عەبوود) کەپاسەوانی یەکەمت بوو، لێنەدەگەڕا خەیاڵی چوست و چالاکت گەشتی ژیان تەواو بکات، رایدەچڵەکاندی و بەئاگای دەهێنایەوە.

لەم کاتەدا خەیاڵیشت وەکو جەستەت بێکەسکوژ دەکراو بەنیوە مردوو پەلکێشیان دەکردەوە بۆ ناو زیندانە تەنگ و تارەکەت. بەڵام هەر ئەوەندەی (ئەبوو عەبوود) کڕو بێدەنگ دەبوو, خەیاڵت جارێکیدی شێتانە فرتەی دەکردو دەچووەوەدەرێ.

هەمیشە یەکەمین کەسێك کە سەردانیت دەکردو زۆر بەگەرمی لەئامێزی دەنای و رایدەمووسیت و (شەونم) بوو.

(شەونم) لەهەرکوێ بووایە، خەیاڵت وەکو هەڵۆ بەدیدەکرد، بەبێ لەدەرکەدان،وەکو منداڵێکی سەرگەردانی ونبوو دەچوو باوەشی, (شەونم) یش زۆر بەئەمەگەوەوەکو عاشقێکی میهرەبان بەسنگی خۆیەوە دەیگوشی، دواترو هەتا قەدەرێك ماچی دەکرد، بەسۆزەوە دەیلاواندەوە، هەمیشە فرمێسکی خۆی بۆ دەکرد بە هەتوان و خەیاڵی زامدارتی ساڕێژدەکرد.

***

ئەمشەو بەپێچەوانەی هەموو شەوو رۆژەکانی ئەمساڵەوە، تۆ کە چاوت لە بنمیچی ژوورە تەنگەکە بڕیوە، کە لە پەڵەهەورێکی خۆڵەمێشی تۆخ دەچێت، خۆشت نەتزانی خەیاڵی (شەونم) چۆن بەدزی (ئەبوو عەبوود) ەوە سنووری دیوارو بەندەکانی بڕیو بوو بەمیوانت...

لەم کاتەدا هەورە خۆڵەمێشییە تۆخەکەی ئاسمانی ژوورەکەت کەساڵێکی تەواوە بەری هەموو دیتنێکی لێگرتبووی و مۆتەکەی سەردڵت بوو، چەخماخەی داو رەوییەوەو باران نمە نمە دایکرد، جەستەی داخکراوتی فێنك کردەوە، ئاسمانی ژوورە تەنگەکەت بوو بەسایەقەی ساماڵ، لەناو ئەو ئاسمانە سافەدا (شەونم)وەکو مانگی چواردە هەڵهات، لەبەر شەوقی، چاوەکانت شەوارە بوون، زۆری نەمابوو هیچ نەبینیت، بەڵام دوای ئەوەی چەند جارێك چاوەکانت دابەیەکدا، بەری دیدەت رۆشن بوونەوە, تێگەیشتیت ئەوە خەیاڵی (شەونم) ەو هاتووە بۆ دیدەنیت، هاتووە ببێتە میوانت، هاتووە بەیادی جاران دەمەتەقێیەکت لەگەڵدا بکات، هاتووە ماچبارانت بکات، هاتووە برینەکانت سارێش بکات، هاتووە جارێکیدی فوی ژیان بکاتەوە بەبەرتدا، چونکە زۆری نەمابوو بەیەکجاری ماڵئاوایی لەژیان بکەیت، هاتووە.. هاتووە.. هاتووە..

ئەدی جگە لە (شەونم) کێی تر زاتدەکات بەم نیوەشەوە بەبێ ئیزنی (ئەبوو عەبوود) خۆی بکات بەم ژوورە تەنگەدا؟

خەیاڵی (شەونم) کە هەر لەمانگی چواردە دەچوو، هێشتا بەتەواوی نەهاتبووە خواریّو هەر بەحەواوەبوو، پێشئەوەی بگاتە باوەشت، (شەونم) دووگمەکانی بەرۆکی کردەوە.. خودایە چی ببینیت، خۆشت پێت سەیرەوواقوڕما، لە دوای ئەم دیمەنە چۆن نەمردیت؟ سنگێکی سپی بلووری، دوو مەمکی هەرمێی سەرگۆئاڵ، نەخێر دوو سوورە ماسی سرك و لووس، تۆڕی بەرۆکیان پساندوو ئەمشەو هاتوون لە دەریای خەیاڵی تۆدا مەلە بکەن.. تۆش لێزانانە دەستەکانت بۆ کردن بەحەوزو هەردوو سوورە ماسییەکەت لە باوەش گرت...

تۆ کە ساڵێکی تەواوە دەستەکانت جگە لە کەلەپچەو حەبل هیچی تر میوانیان نەبووە، ئەمشەو بە گەمەی سوورە ماسییەکان هاتنە بزەو ختوکەیان پێداهات، کاتێك دەمیان لە پەنجەکانت دەسوو، تەزوو موچڕکەی عەیش و خۆشی بە لەشتدا دەهات...

ئەمشەو بە پێچەوانەی ئەم ساڵەی رابردووەوە، کە هەموو شەوێك لەدوای ئەشکەنجەیەکی زۆر بەدەم ئازارەوە هەتا بەیانی سەدان جار رۆحت دەکێشرا.. ئەمشەو لە عەیش و لەززەتی گەمەی ئەم دوو سوورە ماسییە، کە لەناو حەوزی

لەپتدا لە هەڵبەزو دابەزدابوون، لە چرکەیەکدا سەدان جار دەمردیتو زیندوو دەبوویتەوە.. بەو ئامانجەی کە سوورە ماسییەکان بگریت، هەوڵدەدەیت بەری حەوزەکە تەنگ بکەیتەوە، لێ ماسییەکان لەوە سرکتربوون بە قامکی مجرۆی تۆ بگیرێن، خۆیان قوتاردەکردو رایان دەکرد.. ئەم گەمەو چاوشارکێیە هەر بەردەوام بوو هەتا ئەوکاتەی سوورە ماسییەکان لە خۆشییاندا سەرخۆش بوونو لە ناو لەپتدا مت بوون، ئیدی مەگەر هەر خۆت بزانیت چیت لە سوورە ماسییەکان کردوو چۆنت گوشین، بەڵام ئەوەی هەرگیز لە یادت ناچێتو شایانیوتن بێت, ئەو عەیشو خۆشیو مەکرو نازەی سوورە ماسییەکان بوو کە لەگەڵ هەر هەڵگوشینێکدا سوورتر هەڵدەگەڕانو شەنگتر دەبوون.

(تۆ) و (شەونم) ئەگەرچی زۆر دوور بوون لەیەکەوە، بەڵام لەم دوورەوە خەیاڵتان ئاوێزانی یەکدی بوون، لە ئاکامدا چەستەی هەریەکەتان تەواو رەحەتبوو..

***

بەڵام هەیهوو.. پاسەوانەکانتان لێتان نەگەڕان بەکەیفەخۆو هەتا سەر بەم شێوەیە گەشتی ژیان تەواو بکەن.

(تۆ) لەناو ئەو ژوورە تەنگەدا، (ئەبوو عەبوود) و (خەڵەف) و (ئەسوەد) پاسەوانتن، (شەونم) یش باوکیو دوو برای پاسەوانین..

لەیەککاتدا دەنگێکی ناوەخت گۆمی خەیاڵتانی شلوێ کردو بەئاگای هێنانەوە..

(شەونم) کە بەخەیاڵ میوانی تۆ بوو, بەڵام لەماڵی خۆیانو لەسەر جێگاکەی خۆی دووگمەکانی بەرۆکی کردبوونەوە، مەمکە تورتو قوتەکانی خستبوونە دەشت..

لەم کاتەدا نەڕەو هاواری باوکی، (شەونم) ی لە عەیشو خۆشی کردوو هەموو لایەکی بەئاگا هێنایەوە...

(تۆ) ش ناو لەپت دوو حەوزی بچکۆلەبوون, سوورە ماسییەکانی تیانووستبوون، (ئەسوەد) و (خەڵەف) بە حەیزەرانێك هەردوو حەوزەکەی ناو لەپتیان شکاند، سوورە ماسییەکان بێناز کەوتنە سەر زەوی، بەبەر چاوتەوە هەڵبەزو دابەزیان دەکرد.. لەم کاتەدا دانەویتەوە ماسییەکان هڵبگریتەوە، لێ (ئەبوو عەبوود) بە شەقێك راستی کردیتەوەو دەموو لوتتی پڕکرد لەخوێن، هەرچەندت کرد خۆت بەپێوە بۆڕانەگیرا، لەنگەرت تێکچوو و بەلادا هاتیتو کەوتیت.. (ئەسوەد) و (خەڵەف) راستییان کردیتەوە، لەپشتەوە دەستەکانتیان بە کەلەپچەیەك بەستەوە، بەپەڕۆیەکی رەشی زبریش هەردوو چاوتیان شەتەکدا، لەژوورە تەنگەکە دەریان هێنایت، هەر

بەڕاکێشان بردیتیان، لە گۆڕەپانی زیندانەکەوەکو مەسیح بەدارێکەوە بەسترایەتەوەو لەخاچیان دایت..

لەدوای تاوێك (ئەبوو عەبوود) فەرمانی بە (ئەسوەد) و (خەڵەف)دا:

– ( لەبەر ئەوەی خیانەتی لە حزب و شۆڕش و سەرکردە کردووە، گوولە بارانی بکەن..).

لەم کاتەدا (شەونم) یش تۆ ئاسا بە دار قەڵمتۆزەکەی خۆیانەوە بەستراوەتەوە، ئەودارەی کە تەمەنی بیست و سێ ساڵەو چەند ساڵێك لە (شەونم) گەورەترە، باوکی فەرمانی بە دوو کوڕەکەی دا:

– ( لەبەر ئەوەی شەرەف و ناموسی خێزانەکەمانی لەکەدارکردووە، گولەبارانی بکەن..).

لە یەککاتدا (ئەسوەد) و (خەڵەف) و هەردوو براکەی (شەونم) لاونیو دانیشتن، میلی تفەنگەکانیان هێنایەوە، دەستیان بە پەلەپیتکەکاندا نا .. دەنگی ڕیزە فیشەکێك دڕی بەبێدەنگی ئەو شەوەدا دا..

لەمکاتەدا خەیاڵتان فریاتانکەوت و بۆ چەند ساتێك تەمەنی ژیانتانی درێژ کردەوە..

هێشتا گوللەکان نەگەشتبوونە جەستەتان، بەشێك لە گوللەکان لەنێوان تۆو تفەنگەکانی (ئەسوە) و (خەڵەف) داو بەشێکی تریشیان لەنێوان (شەونم) و تفەنگی براکانیدا هەر بەحەواوەبوو.. ئەو بەرەبەیانەتان کەوتەوە یاد کە (تۆ) و (شەونم) ماڵئاوایتان لە یەکدی کردوو دواجار تۆ دەستگیر کرایت..

***

نیوە شەوێکی تاریکی ساڵی 1988 بوو تۆ لە هاوڕێکانت دابڕابوویت، خۆشت نەتدەزانی چی بکەیت و بۆکوێ بڕۆیت، تەواوی ئاواییەکانی ئەو دەوروبەرە، بە ئاواییەکەی ماڵی (شەونم) یشەوەوێران کرابوون، هەر ئەوشەوە خۆت گەیاندە ناو چەمەکە، ماڵی (شەونم) لەوێ کەپرێکیان کردبووە ماڵ، هەرچۆنێك بوو فرسەتت هێنا و بۆ دواجار ماڵئاوایت لە (شەونم) کرد.. لە گەڵ گزنگدا گەیشتیتە ناو کەلاوەکانی ئاوایی (بانگۆل)، ئیتر دەرفەتی ڕۆشتنت نەما، چونکە دنیا تەواو ڕووناك بووبووەوە، دیوارێکی رووخاوت بۆخۆت کرد بەماڵ و بە پووش خۆت داپۆشی .. هێشتا چاوت نەچووبووە خەو، لە دوورەوە گوێت لە دەنگی جاش و سەبازەکان بوو، لە چەند لایەکەوە سەگەکانی ئاوایی دەستیان کرد بە حەپە، بەڵام ئەوان زۆر دڵڕەقانە یەك بەیەکی سەگەکانیان کوشت.. ئینجا گریان بەردایە پوش و پەڵاش و دارو دیرەك و حەسیرەکانی ئاوایی، زۆری نەمابوو چەرە دووکەڵ بتتاسێنێت، ناچار بوویت بێیتە دەرێ، لەمکاتەدا دەستت بە تەقەکردن کرد، نەتزانی چەند کەست

کوشتو چەندت بریندار کرد.. هەر ئەوەندەت لەیادە پێکرایت، بەڵام هێشتا هۆشت لەلای خۆت بوو، لە دوورەوە دەنگی گریانی (شەونم) هاتە گوێت، هاواری دەکردوو..

ئێستا گوللەکان لەنێوان تۆو چەکەکانی (ئەسوەد) و (خەڵەف) و لەنێوان (شەونم) و چەکەکانی براکانیدا بەحەواوە نینو گەیشتنە جەستەتان، نەیان هێشت سوورە ماسییەکان گەمەی خۆیان تەواو بکەن، لەیەککاتدا جەستەتان لەخوێندا سوور بوو، بەلادا هاتنو رۆحتان دەرچوو..

**کەرکوک**

**نەورۆزی** 2004

## یاخی بوونی ئەندێشەکان

بەتەواوی تەدارەکی خۆت بینیوە، هەرچی پێداویستیو کەلوپەلەکان هەیە لەدەوری خۆت پەخشت کردووە، بەجۆرێك کەحەوجێت بەهیچ شتێکی دی نەبێت.

بۆیەو رەنگەکان، فڵچەکان، سوراحییەك ئاوو چەند پەرداخێك، پارچە پەڕۆیەکی بلوری خاوێن، پارچە خامەکەشت

زۆروەستایانە لەچوارچێوەکە گرتووە. ئێستا بەتەواوی سازو ئامادەیت بۆ نیگار کێشان.

پێش ئەوەی دەست بدەیتە فڵچەکەو نیگارەکە بکێشیت، چۆن بتەوێت شیعرێك لەبەربکەیت، یان خۆت ئامادەبکەیت بۆ پرۆڤەی نمایشێکی شانۆیی، ئاوها چەند جارێك بەژورەکەدا هاتیت‌و چوویت، پاشان لەسەر یەکێك لەکورسییەکان دانیشتیت، زیاتر سەرنجت لەکەلوپەلەکاندا، باشتر دڵنیابوویت کە لەهیچت کەم نییە. دوو بارە هەستایتەوە سەرپێ، بەهەنگاوێك خۆت گەیاندە لای بۆیەو فڵچەو قوماشە لەچوارچێوەگیراوەکە، چەند جارێك دەستت پیادا خشاند، بەتەواوی رەق هەڵاتبوو، بەتوندی پەلەپیتکەیەکت بەناوەڕاستیدا کێشا، دەنگی لەدەنگی تەپڵێکی بڵ دەچوو.

پاشەوپاش بۆ دواوە کشایتەوە، پاڵت بەدیوارەکەوەدا، بۆ تاوێك سەرنج‌و خەیاڵە پەرت پەرتەکانت گردکردەوە، بەجۆرێك توانیت لەپنتێکی بچووکدا هەموویان خڕبکەیتەوە.

ئێستا هەرچی خەیاڵ‌و ئەندێشەت هەیە، هەرچی خولیاو خۆزگەو مەرام‌و مەراق‌و خەونی رەنگاڵەییت هەیە، لەو خاڵەدا کۆتکردۆتەوە.

(لەوە خۆشترو ساناترنییە نیگاری خەیاڵ‌و ئەندێشەی خۆت بکێشیت).

(پێش ئەوەی دەست پێبکەیت، پێویست دەکات زیاتر خۆت بناسێنیت):

-من هونەرمەنێکی ئەکادیمیم، دەرچووی کۆلێژی هونەر، بەشی نیگارکێشانم، خاوەنی پێنج پیشانگەی تایبەتی خۆم‌و بەشداری چەندین پیشانگەی هاوبەشیشم کردووە، هەتا ئێستا چەند جارێك خەڵاتکراوم، لەزۆر پێشبڕکێی هونەریدا ئەنجامی باشم بەدەستهێناوە, شارەزاییەکی تەواوم لە قوتابخانە هونەرییەکاندا هەیە. بەکورتی بڵێم: لەلای من نیگارکێشان لەقسەکردن‌و لەنووسین خۆشدەست‌و ساناترە، ئەوەی بەفڵچەو هێڵ دەینەخشێنم، نە بەزمان‌و نە بەقەڵەم ناتوانم دەریببڕم، یان بیسازێنم، هەر کاتێك‌ویستبێتم نیگارێك بکێشم، ئەوەندەم بەس بووە دەستم بگاتە فڵچەکە، ئیدی ماوەی جگەرە کێشانێك چەندە، سکێچی تابلۆیەکم کێشاوە، پاشانیش هێڵ‌و رەنگەکانم تێکەڵی یەکدی کردووەو توانیومە تابلۆیەکی هونەریی سەرنج راکێش‌و پڕمانا بهێنمە بەرهەم.

***

ئێستا ئەوکاتانەیە کەئامادەیت بۆ نیگارکێشان، دەتهەوێت نیگاری خەیاڵ‌و ئەندێشەکانی خۆت بکێشیت، پێشت‌وایە ئەم تابلۆیەت یەکێك دەبێت لەباشترین‌و پڕ بەهاترین تابلۆکانت.

چۆن لەنیگارێکی هەڵواسراو رادەمێنیت، یان لەوێنەیەکی لەچوارچێوەگیراوی سەرمێزێکورد دەبیتەوە، ئاوها لەخەیاڵو ئەندێشەکانی خۆت روانی. هەرچی خەونو خولیاو مەراقت هەبوو، هەموویانت بچووك كردەوەو لەچوارچێوەیانت گرت، بەجۆرێك هێندەی پۆسكارتێكی ئاسایی دەبوو، یان نا، ئینجا كەوتیتەوێنە كێشانی خەیاڵو ئەندێشەكانت، بەورەیەكی بەرزو بەئیلهامێكی فراوانو باڵاوە، لەسەرخۆ دەستت دایە یەكێك لەفڵچەكان، چەند جارێكو هەر بەوشكی بەناو دەستتدا هێنا، پاشان هەڵتكێشا لەئاوە پاكەكەی ناو پەرداخەكەی بەردەمت، چەند رەنگێكت تێكەڵكرد، رەنگێكی نوێو جیاوازت لەرەنگەكانیتر دروستكرد، ویستت ئەو رەنگە نوێیەی كەتازە دروستت كردبوو لەسەر خامەكە بینەخشێنیت، بەڵام هەركە فڵچەكەت گەیشتە سەر سنگی خامەكە، دەستت لەجێی خۆی مجرۆبووو جوڵەی بۆ نەكرا، زیاتر هێزت دایە دەستت، هەر بێسودبوو.

رێك لەوە دەچوو كە كەلەپچەیەكیان لەدەستت خستبێت، یان لەدەستێكی شكاوی لەگەچ گیراو دەچوو، بۆیە بەناچاری دەستت كێشایە دواوە.

جارێكی ترو بۆ چەند ساتێك گەمەت بەڕەنگەكان كردەوە، ئەم جارەش رەنگێكی جیاترت لەرەنگە نوێیەكە دروستكرد. لەم گەمەیەوە زیاتر فراوانیو دەوڵەمەندی دنیای رەنگەكانت بۆ دەركەوت..

(تۆ دەتوانیت لەدوو، یان سێ رەنگی ئاسایی (زەردو سورو شین) دەیان رەنگی جۆراو جۆر دروست بكەیت، ئەمە بەپێچەوانەیوشەوە، كە مەودای تێگەیشتنیان كورتو سنووردارە، چەند قەبەو زل بن، جگە لەچەند مانایەكی دیاریكراو هیچی دی ناگەیەنن ).

ئەمجارەش لەجاری یەكەم بەگوڕتر فڵچەكەت هەڵگرتەوە، دەتویست ئەو بیرۆكەیەی كەچەندوەختو زەمانە بووە بەخۆراكی خەیاڵو ئەندێشەكانت، بیكەیت بەتابلۆیەكی هونەریی, ئەمجارەش هەركە فڵچەكەت گەیشتە سەر خامەكە، دەستت بەیەكجاری سڕبوو، هەر چەندت كردو كۆشایت بۆت نەبزوا، لەم كاتەدا نەك هەردەستت، بەڵكو تەواوی ئەندامەكانی لەشت زریكاندیان، ژانێكی كەڵەگەت لەباوەشی خۆی نایت، بێڕەحمانە كوتاتی.

لەبەرامبەریشتەوە، هەرچی خەیاڵو ئەندێشەكانت هەبوون كە لەچوارچێوەت گرتبوو، لەجێی خۆیان هەڵبزڕكانو پاشانیش لەت لەت بوون، چاوت لێبوو چۆنوەكو پوش بەدەم نەرمە باوە دەچوونە حەواو دەهاتنە خوارێ، بێ ئیرادە سەمایان دەكرد.

تۆ دەتویست لەڕێگای ئەم تابلۆیەوەماڵێك لەجوانیو چێژو خۆشی دروست بکەیت، دەتویست بابەتی خۆشەویستیو سۆزو میهرەبانی باوك بۆ رۆڵەکەی، لەتابلۆیەکی هونەریدا بەرجەستە بکەیت، بەڵام بۆت نەکرا، ئەندێشەکانت لێت یاخی بوون، لەبری ئەمە هەرچی حەسرەتو مەینەتیو ناپاکیەکانی مرۆۋ هەبوون، هەموویان دابەڕوتدا..

هەر بەجارێواقتوڕما، جەستەت سڕتربوووهیچت بۆنەگوترا.. ئیدی لەناوەڕاستی خەونێکدا گرمۆڵە بویتو پەرژینێکی مەحکەمیان لەدەورتدا دروستکرد، دواجاریش ئەو خەونە قوتیدای، لوشی کردی..

لەم کاتەدا قیژەیەکی ناوەخت رایچڵەکاندی، هاواری ( سەفی زادەی کوڕە گەورەی شاعەباس ) بوو.

سەدای قیژەکەوەکو تیغێکی کوڵ لەدەستو پلو تەواوی جەستەت چەقین، سەرەتا زمانی لەگۆخستی، پاشانیش زمانی بەمەلاّ شوتەوە داکوتی، هەرکە دەتویست، زمان ببزوێنیت، یان هاوار بکەیت، ئازارێك لەناخی جەستەتەوە لەچرکەیەکدا سەد جار دەیمراندی، لەم کاتانەدا بیرت لەئایندەو چارەنووسی زمانت دەکردەوە لەخۆت دەپرسی:

–لەم دنیایەدا جگە لەزمان، چ رایەڵەیەك ئێمە بەشتەکانی دەوروبەرمانەوە دەبەستێتەوە؟ ئەگەر زمان نەبێت خەڵکی بەچی درۆ دەکەن؟

زۆر تەریق بوویتەوە، وەکو مردوو لەجێی خۆت مت بوویت، بارستایی جەستەو پێگەو پێکهاتەت تادەهات سوکتر دەبوو. لەم کاتەدا خەیاڵو ئەندێشەکانت لەشێوەی مرۆڤێکی ماف خوراو، جوستو چالاك بەگوڕ لێتهاتنە پێشێ.. چۆن دارەمەیتێك دەبەن بۆ گۆڕستان، ئەندێشەکانت ئاوها هەڵیانگرتیت، بەرەو قیژەکە بردیتیان، لەسەر چیاکانی خوڕاسانو لەنێوان دوو تاوێردا دایان نایت، هەر لەو بەرزییەوەوەکو فیلمێکی سینەمایی، کارو کردەوەو رەفتاری شاعەباسی یەکەمیان پێنیشان دایت، چاوت لێبوو شاعەباس پانزە هەزار مرۆڤیوەکو مێگەل لێدەخوڕیو لەکێوەکانی قەرەتەپەی خوڕاساندا نیشتەجێی کردن.

هەتا ئێرە دیمەنەکان تاڕادەیەك ئاسایی بوون، بەڵام تراژیدیا لێرەبەدوا دەستی پێکرد، چاوت لێبوو شا عەباس لەکۆتایی تەمەنیدا، متمانەی بەکەس نەمابوو، تەنانەت لەکوڕەکانیشی بەگومان بوو، تادواجار (سەفی میرزا)ی کوڕە گەورەی خۆی کوشت، ئینجا چاوی هەموو کوڕەکانی تریشی دەرهێنا(1)..

لەم کاتەدا (تەیمور)(2)ت بینی، بەنیاز بوویت راکەی بۆلایو لەباوەشی بگریت، بەڵام نەتزانی لەکوێوە ئەو رەشەبا لماوییە هەڵیکرد، نەك هەر (تەیمور) بەڵکە خوشت لەخۆتون بویت..

لەپاشی ئەم دیمەنانە، هەر لەنێوان تاوێرە بەردەکانی چیاکانی خوڕاساندا بەلادا هاتیت و لەهۆش خۆچویت، لەدوای تاوێک بێئاگایی، ئەندێشەکانت راستیان کردیتەوە، وەکو چۆن پرژە ئاوێکی ساردت بەرکەوتبێت راچڵەکیت و بەهۆشخۆ هاتیتەوە.

***

بەدیار خامە لەچوارچێوە گیراوەکەوە دۆش داماویت، هەتا ئێرە هیچت لەنیگارەکە نەکێشاوە، ئەندێشەکانت لەرووبارێکی پان و بەرین و بێبن دەچوون، لەدوورەوە چاوت لێبوو شەپۆلەکانی پێچ و لولیان دەخوارد، لەگەڵ خۆیاندا ئوردە ماسی و ماسی گەورەو دەیان گیانداری ئاویتر سەرەو ژێرو ئەم دیوو ئەو دیویان دەکرد، تۆش لەم دوورەوە بەڕۆح و جەستەتەوە لەکەناری روباری ئەندێشەکانت پیاسەت دەکرد، جار جارەوەکو نمە بارانی بەهاران شەپۆلەکانی تەڕی دەکردی، چیدی لەکەنار خۆت راگیر نەکرد، بەرەو قولایی ملت نا، وەکو مەلەوانێکی لێزان، لەقولایی دەریای ئەندێشەکانتدا کەوتیتە پەل هاویشتن، هەتا توانیت مەلەت کرد، پاشان لەپەل و پۆکەوتیت، مجرۆ بویت، هێواش هێواش بەرەو قولایی دەریا رۆچویتە خوارێ، دواجاروەکو بەردێکی بچکۆلە لەبنی دەریای ئەندێشەکانتدا لەنگەرت گرت.
لەم کاتەدا فڵچەکەت لەدەست کەوتە خوارێ و عەشتەبات پێنەما، نیگارەکەت بۆ تەواو نەکرا، بەم شێوەیە شەرمەزاری ئەندێشەکانت بوی، کەبەنیازبوی لەرێگایانەوە گوڵێکی جوان لەبەرۆکی ژیان بدەیت.

(1) ئاماژەیە بۆ روداوێکی مێژوویی کورد، کە (شەرەفخانی بەدلیسی) لە کتێبی (شەرەفنامە)دا باسی دەکات.
(2) (تەیمور) ئەو منداڵەبوو کەبەموعجیزە لە پەلاماری ئەنفالدا رزگاری بوو.

# بزەو دوانیگای مۆنالیزا

-سڵاو, ئەم کاتەت باش.

نیوەڕۆیەکی مانگی نیسان بوو, ئەو جێگەی کەهەموو ڕۆژێك لێی دادەنیشتمو نیگارم دەکێشا, ئەگەرچی چەقو ناوجەرگەی شارنەبوو, بەڵام شەقامێکی سەرەکی بووو هاتوچۆی زۆرێکی خەڵکی بەسەرەوەبوو. خانمێکی ڕێکپۆش ئاوەها سلاوێکی لێکردم.

خانمەکە گەنم ڕەنگێکی قژ خورمایی گەردن بەرزبوو, خوێن گەرم, جیاواز لەزۆرێك لەو کیژە خوێن ساردانەی ئەوروپاو کاتێك چاویلکە سوور باوەکەی لەچاوی هێنایە خوارەوە, ئینجا زانیم ئارایشتی کردووە. ئارایشتەکەش لەلایەك لەگەل پێستیدا تەبابوو لەلایەکی تریش هێندە کاڵ بوو, هێندە لێزانەنەش تەدارەکی دیتبوو, گەر زۆر بەوردی سەرنجت نەدایە, نەتدەزانی ئارایشتی کردووە. من کەسەرقاڵی تۆخکردنەوەی سێبەرەکانی پۆرترێتە تەواو نەکراوەکەی بەردەستم بوومو لەسەر کورسییە بچووکەکەم دانیشتبووم, ستاندەکەشم لەهاوشانی خۆم بەکراوەیی دانابوو, هەستامە سەرپێ و بەڕێزیکی زۆرەوە سڵاوی خانمە ژیکەڵەکەم دایەوە:

-سڵاو لەتۆ, هەموو کاتێکت باش.

-دەمەوێت پۆرترێتێکم بۆ بکێشیت.

-بەچاوان, فەرموو دانیشە, با من فایلو ستاندەکەم ئامادەبەکەم.

-ببورە, لێرەنا, ئەگەر بتوانیبا بهاتیتایە بۆ ماڵی من, لەوێ پۆرترێتەکەت بۆ بکێشامایە, ماڵەکەم لێرەوە دوور نییە.

خانمەکە جانتایەکی گەورەی لەشاندا بوو, هەتا ئەو کاتە هەر بەپێوە بوو. ئەمەی گوت و جانتاکەی لەشان هێنایە خوارەوە, لەسەر کورسیە بچووکەکە دانیشت. لەم کاتەدا لەیەخەی بلوزە زەردەکەیەوە نیوەی هەردوو مەمکیم بینی. من کەحەزم نەدەکرد لەگەڵیدا بڕۆم, بەڕێزیکی زۆرەوە گوتم:

-زۆرم پێناچێت, دەتوانم هەرلێرە پۆرتریێتەکەت بۆ تەواوبکەم.

-ئەوەی من دەمەوێت لێرە جێبەجێی نابێت, خەمی پارەت نەبێت, حەقی ماندوو بوون و کرێی رێگاشت بەزیادەوە دەدەمێ.

من بەبیانوی ئەوەی کە کات نێوەڕۆیەو نانم نەخواردووەو برسیمە, داوای لێبوردنم لەخانمەکە کرد کەناتوانم لەگەڵیدا بچم, بەڵام ئەو بەبیانووەکەی پێیپڕیم.

-کەواتا باشتر, منیش نانم نەخواردووە, دڵت چی دەخوازێت ئێستا دەیکڕین و لەگەڵ خۆماندا دەیبەینەوە, لەماڵەوە بەیەکەوە دەیخۆین. هاتم بیانوویەکی تر بۆ نەچوونەکەم بدۆزمەوە, ئەو نەیهێشت قسەبکەم.. گوتی:

-من هەست دەکەم تۆ لەهەموو ئەووێنەکێشانە بەسەلیقەتری کەهەتا ئێستا دیومن, جگە لەمەش, من دەمەوێت پۆرتریێتەکەم زۆر جوان و تایبەت بێت, بۆیە بڕواناکەم جگە لەتۆ کەسی تر بتوانێت ئەم کارەم بەجوانی بۆ رایی بکات.

-سوپاست دەکەم, بەڵام دەکرێت هەر لێرە پۆرتریێتەکەت بۆ بکێشم.

-تکات لێدەکەم, من دەمەوێت پۆرتریێتەکەم وەکو تابلۆی مۆنالیزا نایاب و پڕبایەخ بێت.

ئەمەی گوت و خانمەکە بەنازەوە بزەیەکی کاڵی بۆکردم, بەهەمان دەستووری ئەو، بەڵام بەگاڵتە بەخۆکردنەوە گوتم:

-خانمەکەم, تابلۆی مۆنالیزا, داڤنشی کێشاویەتی, تکایە من کەی لەئاستی ئەودام؟

-من هەست دەکەم سەلیقەو دەست رەنگینی تۆ لەئاستێکدایە, ئەگەر مۆنالیزایەکت بۆ هەڵکەوێت, هیچت لەداڤنشی کەمتر نابێت.

سەرم هەڵبڕی و بۆ تاوێك چاوم بڕییە چاوی خانمە رێکپۆشەکە, لەم کاتەدا بزەیەکی خەمهێنەرم لەنیگاریدا بەدیکرد, پێمگوت:

-سوپاسی هەستی بەرزت دەکەم, بەڵام هەرگیزوانییە, من لەکوێ و داڤنشی لەکوێ؟

-خۆت بەکەم مەزانە. چەند رۆژێکە زۆر بەوردی تەماشای دەست و پەنجەو پۆرتریێتەکانت دەکەم, من وایدەبینم تۆ تەنها مۆنالیزایەکەت بەسە بۆ ئەوەی ناوو شۆرەت پەیدابکەیت.

-داڤنشی لەکێشانی تابلۆی مۆنالیزادا تەنها پشتی بەسەلیقەی هونەری نەبەست, تۆ دەزانیت رۆحی داڤنشی تابلۆی مۆنالیزای کێشا, نەك دەستو پەنجەی؟

-گرنگ نییە بەچیو چۆنی کێشا, گرنگ ئەوەیە کەداڤنشی زیاتر لەدوای تابلۆی مۆنالیزاوە ناوو ناوبانگی دەرکرد.

-ئەگەروایە, مۆنالیزا بۆچی (جۆکەندا)ی مێردی نەکرد بەهونەرمەند, یان شاعیر لەڕاستیدا..

خانمەکە نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم, هەستایە سەرپێو شێتانە دووجار بەدەوری خۆیدا سوڕایەوە. پێی گوتم:

-من چیم لەمۆنالیزا کەمترە, تکایە پێم بڵێ: ئایا هەر لەو ناچم؟

من بەبێ ئەوەی بیر لەوەڵامێکی دروست بکەمەوە, پێمگوت.

-بەڵێ, بەڵێ گەر لەمۆنالیزا شەنگتر نەبیت, هیچت کەمتر نییە.

-منیش دڵنیات دەکەمەوە, گەر لەکێشانی پۆرترێتەکەی مندا خۆت ماندوو بکەیت, دەبیت بەداڤنشی ئەم سەردەمە!

-من ئیدی قسەی ترم نەکرد بێدەنگیم لەقسەیەك بەباشترزانی کەخۆشم نازانم بەکوێم دەگەیەنێت.

چۆن کەروێشکێك لەشەوی ئەنگوستەچاودا بەر شەوارەی شەوقی چرای راوچیان دەکەوێت, پەلوپۆی دەشکێت, لەجێی خۆی مت دەبێت, منیش ئاوەها لەئاستی قسەکانی ئەو خانمە شیکە مجرۆ بووم. بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم, بەشێوەیەکی ئەفسوناوی بووم بەدیلی بزەو نازو تیشکی نیگاکانی.

من ئەگەرچی لەناخەوە حەزم نەدەکرد لەگەڵیدا بڕۆم, بەڵام نەشمدەتوانی دڵی بشکێنم, پێش ئەوەی رەزامەندی لەسەر چوونەکەم دەربڕم, گوتم:

-چاکتروایە هەرلێرە, لەبازاڕ نان بخۆین.

-چۆنت پێخۆشەوادەکەین.

ئیدی من کەوتمە کۆکردنەوەی قەڵەمو کاغەزو فایلو کەلوپەلەکانم, ئەویش لەدوکانەکەی دەستە راستمان, دوو سەندەویچی بۆ هەردووکمان کڕی. من پۆرترێتە تەواونەکراوەکەم لەسەر ستاندەکە لابردوو خستمە ناو فایلەکانی ترمەوە, جانتاو ستاندەکەم دابەشانداو بەدەم ساندەویچ خواردنەوە کەوتینە رێ.. لەڕێگە خانمە کە خۆی پێناساندم:

-ناوم (جاکلین)ە, تەمەنم (23)ساڵەو بەتەنها دەژیم, ئەگەرچی لەگەڵ تەنیایدا, ئولفەتم گرتووە, بەڵام دەخوازم چیدی بەتەنها نەژیم, پێویستم بەکەسێکە بملاوێنێت, ئایا تۆ ناتوانیت ئەو کەسەبیت؟

من کەهەر لەمنداڵییەوە شەرم تێکەڵاوی خوێنم بووە, هەتا ئێستاش زۆر چالاکانە لەجەستەمدا دێتو دەچێت, لە رەفتارو

بیرکردنەوەمدا فرمانم پێدەکات, هەڵوێستم پێوەردەگرێت, لەئاستی ئەم داواو پرسە ناوەختەدا, زمانم تێك ئاڵا, نەبادا خانمەکە رووشکێن بێت, نەمتوانی بڵێم:

(نەخێر), پێمگوت:

–ئەمە رێزو خۆشەویستیەکی گەورەیە بۆمن.

–تۆ شایانی لەمە زیاتریت, هیواداریشم لەڕێگەی جوانی منەوە ببیت بەداڤنشی.

ئەم قسەیەی چەندە ستایش بوو, لەوە زیاتر سەرزەنشت بوو, لەدوای ئەم هەڵوێستە من لەناخی خۆمدا زۆر تورەو نیگەران بووم, هەرچۆنێك بوو, تورەییەکەم شاردەوە, بەڵام بەنیگەرانییەوە گوتم:

–خانم من هەرگیز داڤنشی نیم, من کوردم, لەوڵاتی تۆ بێگانەو پەناهەندەم.

–تۆ دەتەوێت بەبێ داڤنشی ببیت بەمۆنالیزا, ئەمە مەحاڵە خانمەکەم.

–مەحاڵ نییە, تۆ خۆت نەتگوت لەمۆنالیزا دەچم؟

–بەڵام بۆ ئەوەی رۆحی مۆنالیزا لەخۆتدا بەرجەستە بکەیت, پێویست دەکات داڤنشییەك لەدوت بگەڕێت.

–داڤنشی لەدوی مۆنالیزا نەگەڕا, بەڵکو بۆیان سازو ئامادەکرد, جارێکی دیش دەیڵێمەوە: ئەگەر مۆنالیزا نەبووایە, هەرگیز داڤنشی نەدەبوو بەو هونەرمەندە گەورەیە.

–ئەمە راستە, بەڵام خانمەکەم دەبێت بزانیت من داڤنشی نیم.

–تۆ کەنیگارکێشێکی بەبەهرەو بەسەلیقەیت, بۆ ئەوەی ببیت بەداڤنشی تەنها بزەو نیگای مۆنالیزایەکت پێویستە.

–بۆ ئەوەی بزەو نیگای هەرکەسێك بەجوانی وێنەبکێشم, لەپێشدا پێویستم بەوەیە ناخی ئەو کەسە ببینم, ئایا دەزانیت ئەمەوتەی داڤنشییە؟

–هیچ پەیوەندیەك لەنێوان روخسارو ناخدا بەدی ناکەم, بەپێچەوانەوە زۆرجار روخساروێنەی ناخ دادەپۆشێتو دەیشارێتەوە, تۆ پێمبڵێ: چی لەگوڵە ژاڵە جوانترە, بەڵام لەناخدا بۆنێکی ناخۆشو تامێکی تاڵی هەیە.

ئیدی من قسەی ترم نەکرد, بەدرێژایی رێگەو هەتا گەیشتینەماڵی (جاکلین), ئەو هەر قسەی دەکرد.

من لەم کاتەدا هەر لەو گەڵا پاییزییە دەچووم کە نەرمە بایەك هەڵیوەراندبێتو تلاوتل کەوتبێتەوە ناو روبارێکی خوڕەوە..

گەیشتینە بەردەم ئاپارتمانێکی بەرزی چەند نهۆمی, (جاکلین)گوتی:

–ماڵی من لەنهۆمی دووەمە, فەرموو بابچینە سەرەوە.

(جاكلين) پێشمكەوت, چوینە سەرەوە, چوینە ژوورەوە, من ستاندەكەم سازو ئامادەكرد, فایلو قەڵەمو تەواوی پێداویستیەكانی ترم لەجانتاكە دەركرد, زۆری پێنەچوو (جاكلين) بەكراسێكی فشی شۆڕەوە ئامادەبوو, یەخەی كراسەكەی بازنەیی بوو, هەتا بستێك خوار گەردنی رووت بوو, بەشێوەیەك نیوەی هەردوو مەمكی بەدەرەوەبوو, قژی لەناوەڕاستی سەرییەوە دوو لەت كردو بەسەر شانیدا شۆڕی كردەوە, لەسەر كورسییەكی بەرز لەبەرامبەرم دانیشت, (جاكلين) خەمێكی قورس لەنیگایدا بەدی دەكرا, بەبزەیەكی كاڵەوە گوتی:

–ئادەی بەهرەو سەلیقەی هونەری خۆت بنوێنە, پۆرترێتێكم بۆ بكێشە كەبتكات بەداڤنشی...

لەم كاتەدا ئەگەرچی لەخۆمم بارنەكرد, بەڵام حاڵەتێكی نائاسایی جەستەو خەیاڵمی تەنی, هەر ئەوەندەی چاوم بەنیگای (جاكلين) كەوت, چۆن بەردێكی بەهێز بەرشوشەیەك بكەوێت, ئاوەها سەرنجەكانموردو خاش بوون, هەرچۆنێك بوو لەنگەری جەستەو سەرنجی لەت لەتی خۆم گرت, نەمهێشت (جاكلين) هەست بەم حاڵەم بكات.

هەرچی تواناو بەهرەو سەلیقەی هونەریم هەبوو, هەمووم خستەگەڕ, زۆرم هەوڵدا گەر بۆ ساتێكی كەمیش بێت ببم بەداڤنشیو جاكلینیش بكەم بەمۆنالیزا, بەڵام هەوڵەكانم بێهوودەبوون, بەدرێژایی ماوەی كاركردنم, كەچەند سەعاتێكی خایاند, نیگاو سەرنجی (جاكلين) لەپێش چاوم جێگیرنەبوو, هەمیشە دەبزوا, زوو زوو شێوەی دەگۆڕا.

ئەگەرچی نێوان (جاكلين)و ستاندەكەم هەرچەند مەترێك بوو, بەڵام تادەهات مەودای نێوانمان فراوانتر دەبوو لەپێش چاوم هەر بچوك دەبووەوە, تادواجا جگە لەخاڵێكی بچوك (جاكلين) هیچی ترنەبوو...

لەم كاتەدا بروسكەیەك كەخۆشم نازانم لەكوێوە پەیدا بوو, وەكو مانگ بۆم هەڵهات, لەپێش ئەمە, تەمێكی خۆڵەمێشی خەست بەری دیدەمی تەنیبوو, لەگەڵ بلێچەو بروسكەكەدا تەمەكە رەوییەوەو دیدەم لەگەڵیدا رووناك بووەوە. بروسكەكە بزەو دوانیگای پڕ لەشەرمو ترسی (شەونم)ی لەگەڵ خۆیدا بۆ هێنامەوە. نازانم بۆ لای ئەو شەوە بارانایە گەڕامەوە, یان ئەو شەوە بەهەموو جوانیو دڵۆپە زلەكانیەوە بۆ لای من هاتووە. ئەو شەوە منو شەونم, لەسەربانی ئەوان ژوانمان لەگەڵ یەكدا هەبوو, شەونم دەرگای حەوشەكەی بەكراوەیی بۆ بەجێ هێشتم, منیش وەكو دزێكی خاوەن حەق سەركەوتمە سەربان, باران بەلێزمە دەباریو نازانم چەندمان پێچو, بەڵام كاتێك لەڕامووسانی یەكدی

بووینەوە باران هەموو جەستەمانی شۆردبووەوە, لەدوای ئەم کەین و بەینە, شەونموەکو سویسکە هەڵهات, بێ ئەوەی بچێتە خوارەوە, هەورەکە فلاشێکی لێدا, لەم کاتەدا چاوی من, دڵی منوەکو کامێرایەکی کاراوێنەی بزەو دوا نیگای پڕ لەشەرمو ترسی شەونمی گرت, کەزۆر لەبزەو نیگای مۆنالیزا جوانتربوو.

–زۆری ماوە پۆرترێتەکە تەواوبێت؟ (جاکلین)وای وت.

ئەم قسەیەی بەردێکی ناوەخت بوو, گۆمی خەیاڵمی شلەقاندەوە, جارێکی دی بەری دیدەم تەم گرتییەوە من بەبێ هیچ قسەیەك پۆرترێتەکەم بەتەواوکراوی خستە بەردیدەی (جاکلین), (جاکلین) بێئاگا لەحاڵی من, بێڕەحمانە پیاما هەڵشاخا:

–ئەمە کەی نیگاری منە؟ تۆ هەرگیز بەم حاڵەوە نابی بەداڤنشی!

پۆرترێتەکەم لە (جاکلین)وەرگرتەوە, بەبێ ئەوەی هیچ بڵێم, کەوتمە کۆکردنەوەی ستاندو کەلوپەلەکانم, لەکاتی رۆیشتنمدا, لەلای ئەو نا, لەدڵی خۆمدا گوتم:

–ئەمە پۆرترێتی بزەو دوا نیگای شەونمە, تۆش گەر دەتەوێت ببی بەمۆنالیزا, بگەڕێ, بگەڕێ بەڵکو داڤنشی بتدۆزێتەوە.

سلێمانی

2003

## شکاندنی تابووتە شووشەییەکان

بەری چاوانم روونە، بەڵام هیچ نابینم، دەزانم چاوەکانموەکو ئەندام چ عەیبیان نییە، وەلێ مەسەلەکە بەبارێکی جوداتر کەوتۆتەوە، هیچ کاتێك هێندەی ئەو ساتانەم ئازاراوی نییە کەخۆم دەدوێنمو لەخۆم ناگەم، یان دەبێت بڵێم خۆمم لێون دەبێت. دەمهەوێت تاوێك رابمێنمو خۆم بناسم، ئەفسووس ناتوانم بێهودە دەگەڕێمەوە. کاسەی سەرموەکو گێژەڵۆکەیەکی بەلرفەو بێئامانی دەریایەکی بێبەزەیی دەهاژێنێ، هەرچی گەرداوو قوڕاوی دڕکەزی کەنار هەیە لەقوڕگو لرفەی خۆی دەنێو نازانم بۆکوێیان دەبات.. دوای تاوێكو پاش هێورو مەنگبوونەوەی گێژەڵۆکەکە، کەللەی سەرم لەچەشنی قاپە خوێنێکی بەستوو، وەکو سەهۆڵ رەپدەبێت.. لەپاش چەند ساتێك بێهۆشی، هێواش هێواش خاو دەبمەوە.. ئێستا ئەو

ساتانەیە کەجارێکی دی دەخوازم خۆم بخوێنمەوە, یان روونتر بڵێم خۆم بناسم.

وا هەستدەکەم لە دۆزەخێکی ئەبەدیدامو زۆر لەسەرخۆ تاڵ تاڵ قژم دەسووتێنن.. پاشان یەکبەیەکی نینۆکەکانم هەڵدەکێشن، پێستی لەشمەوکو زەوییەکی بەپیت، پێ بەپێ دەکێڵن، چەند ساتێکی کورتەو جارێکی دی قژمەوکو درك دەڕوێتەوە نینۆکەکانم لەجێی خۆیان قیت دەبنەوەو پێستی قلیشو شەق شەقووشکەڵاتووم دەبێتەوە بەپێستێکی تورتو نەرمو نۆڵو سافولوس... ئیتر ئەم لەبەینبردنو دروستبوونو ئازار نۆشینە، لەبازنەیەکی داخراودا لەخولدایە.. کارەکە هێندە سامدارو ژاناوییە زات ناکەم زیاتری لەسەر بڕۆم، دەزانم ناخی خۆم کون دەکەمو دەروونم نغرۆ دەبێو عەقڵیشم بەقەڵبەیەکی خراپتردا دەدەم..وەلێ ناشتوانموا بەسانایی دەستبەرداری ئەم حاڵە بم کەماویەکەوەکو کیژ لەکەوڵمدایە.

لەجۆشو خرۆشی خۆشیدامو چێژ لەهیچوەرناگرم دەزانم حاڵوابڕوات ئەم مۆتەکەیە کەوڵم دەکاتو لەپەراوێزی رووداوەکانی خۆیدا لوولم دەدات, دەمباتە قووڵایی ناخی خۆیو دەمتاسێنێت.

لەدووی کونێك دەگەڕێم لێیەوە ئەودیوی سنوورە سەرابییەکان بەدی بکەم، دەبوو هەنگاو هەڵێنم لەگەڵ کازیوەدا بگەمە مەنزڵ، ئەفسووس درزێکم لێ قاتی بووو چنگ نەکەوت, دەبوو دەرگا کلۆمدراوەکانو پەنجەرە رەشەکانوالاکەم, یان بیانشکێنم کەچەندوەختو زەمانە لەخۆمم داخستووە. سەرم, یان هەموو جەستەم بەدووی تەونی جاڵجاڵۆکەدا پەلکێش دەکەم، پاش ماندووبوونو شەکەتیوونبوونێکی بێئامان هەناسەسوار نازانم بۆکوێو بەچی دەگەم, یا هەرچی خۆشەویستیو شەهوەتو جوانیو ئازایەتیو تەنانەت کەرامەتیشم هەبوو لەو هەورازە بەردەڵانییەدا گیانی سپارد.

دەبوو لەپێناو ئەو خەونە پیرۆزەی کەدابووم بەناخم پاشەکشە نەکەمو بەئەمەك بم لەئاقاریدا. کەدواجارو ئێستا لێم بووە بەو زەرووە خوێنمژەو دلۆپ دلۆپ خوێنم لێدەمژێو تێر نابێت.

*

زەمەنی رابردوو هاتە خزمەتمو راپێچی رۆژگارەکانی خۆی کردمەوە.

ئەوسا من تازە گڕوگاڵم لەم تەرزە باسانەدا دەکرد، یەکەمین کارێك کردیانو پێی رازی بوومونبوونی ناخی خۆم بوو, من لەوساوە خۆمم لێون بووەو نایدۆزمەوە.

پێیان گوتم:

(ناحەزمان گەلێ زۆرە، دەبێت بەگومانەوە بڕوانینە هەمووشتێك، دایكو بابو ژنو منداڵەكانو تەنانەت خۆشتان، خۆشباوەڕ مەبن بەناخی چڵێستان).

ویستم سەركێشی بكەمو بەو ئاوازە نەیەمە سەما، گەرەكم بوو خۆم ئازاد بكەم، زنجیرو كەلەپچەكان لەدەستوپلو گەردنم داماڵم, لەوكاتەدا ناخم بڵێچەیداووەكو پشكۆیەكی سوور، بەڵام لەچەشنی تیشكو راستەهێڵی تیژ بەرەو دڵودەروونم, تیژڕەوتر لەجاران تێپەڕی بەناو مەلوولەخوێنو بۆرییەكاندا بەرەو كوڵانو كەلاوە تەپیوەكانی كاسەی سەرم خولی دەخوارد، بۆ زەمەنێك لەوێ مایەوە، ماڵ بەماڵو درز بەدرزی سەرمی پشكنی, پاشان لەوێش ئۆقرەی نەگرتو لەتەوقی سەرمەوەوەكو رۆكێت فجقی كردو دەرپەڕی.

پێموابوو رزگارم بوو, ئەوە ئەو خەمە بوو كەچەندوەختو زەمانە لەچەشنی جنۆكەو ئەجندە لەلەشمدایە, شارەزایانی دەروونی لەڕێگای خەواندنی موگناتیسیو ئیحاوە دەتوانن ئەوجۆرە نەخۆشانە چارە بكەن.

بەگوڕو تینێكی زۆرەوە بەئیرادەیەكی پۆلاییینەوەویستم قیت ببمەوە, بەڵام هەر هێندەم زانی بڵێچكە بەر دیواری شوشەبەندییەكەی سەر سەرم كەوتو گەڕایەوە,وەكو كوتەك ماڵی بەتەوقی سەرمداو بەیەكجاریوڕو كاسو حۆلی كردم.

زەردەپەڕم لێ ئاوابوو، لەناو قەترانی شەودا تاس بردمییەوە.

دەبوو خۆم بناسم، لەسەر چیچكان دامەزرامو تۆزێ بیرم كردەوە, ئینجا بۆم دەركەوت كە لەتابووتێكی شووشەیی پۆلاییندام، هەرچی لەدەرەوەی تابووتەكەدایە بەر دیدەم دەكەوێتو هەستی پێدەكەم، بەڵام ناتوانم بەشداری هیچێك لەپرۆسەكاندا بكەم!

ئا ئەمەیە خەمە گەورەكە بەزیندوویی خۆم لەتابووتێك ناوەو دەمهەوێوەكو كەسێكی ئاساییو زیندوو مامەڵە لەگەڵ دیاردەو رووداوەكاندا بكەم، دەخوازم رۆڵی چالاكو فرمانم لەكۆمەڵدا هەبێت، وشەم نەقشی سەر بەردو هەنگاوم رێچكەی كاروانی رێبواران بێت..

ئەفسووس كێ دەتوانێت لەتابووتێكی داخراودا لەژیان بگات, ژیان بەو هەموو كەندو لەندێوە.

ئێستا وەكو پارچە سەهۆڵێك توامەوەو بووم بەدڵۆپە ئاوێكی روونو تێكەڵ بەدەریای شلوێی رابردووم بوومەوە..

ئەوسا من بەندەیەكی بەوەفای ئەم درنجەیە بووم, هەرچی لەئەستۆیان دەنام بەبێ سڵكردنەوە ملم دەخستە ژێر چەقۆو ئامادەی سەربڕینو قوربانی بووم, ئەوانیش بێڕەحمانە مامەڵەیان لەگەڵدا كردم.

لەگەڵ خوادا دایانمە شەڕەوە، بووم بەقابیل‌و برای عەزیزی خۆم کوشت، تا دەهات دەروونی شووشوییم ژەنگاویتر دەبوو.. فێریان کردم:

(هەمیشە لەوپەڕی ئامادەباشیدا بم، دەستم لەسەر پەلەپیتکەبێت, نابێت لەهیچ غافڵ بم, دەبوو گوێم هەڵخەم بۆ دەنگی پێی مێرولەو چاودێری ڕێچکەو کاروانیان بم، نەبادا خواروخێچ پێ دانێن).

دڵم لەپارچە بەردێکی ڕەق‌و ڕەش دەچوو.. تەنیا هەر خۆمم خۆش دەویست, تا دواجار دەروونی شەڕانی‌و خۆویستم یوسفی برامی گورگان خوارد, یان ڕاستتر بڵێم ئەنفال‌و گۆڕەوشار کرد، بووم بەچقڵێکی نوک تیژووەکو مێخ چەقیم بەگەرووی گوڵدا، لێوو کەناری‌وەنەوشەم ژاکان‌و بەپەنجەکانم چاوی نێرگزم دەرهانی، هەناوی هەر هەموویانم‌وشك کرد..

لەگەڵ گیانکێشانی هەر گوڵێکدا من پلە پلە سەرووتر لەڕیزەکانی حزبدا هەڵدەکشام‌و زیاتر دەبوومە جێی متمانەو کاری مەزنتریان لەئەستۆ دەنام, منیش پوختەتر لەجاران ئەنجامم دەدا، پێیان گوتم:

(دەبێت دوامەنزڵی ئەم کارانە تەنها نەستی خۆت بێت‌و هەر ئەویش بێت بەگۆڕستانیان، نەدەبوو کەس گوێبیست‌و بەئاگابێت لێی).

منیش دڵڕەقتر لەجاران هاتمە پێشێ، ئیتر بووم بەپاسەوانی پایزو شمشێرەکەم لەملی هەموو درەختێکی باریك‌و ئەستووردا تاقیکردەوە, تا دواجار سەوزاییم نەهێشت، بەچاوێکی تووڕەو بەدەست‌و پلێکی خوێناوییەوە تەماشای سەمای مەرگی گەڵا و گوڵەکانم دەکرد..

فەرمان بوو، لەماوەیەکی زۆر کەمدا ئەم کارانەم ئەنجام دا، لەسروودی ئێمە بترازێ نەدەبوو گوێبیستی هیچ ئاوازێکی دی بن..

لەفەرماندەوە بروسکەیەکی بەپەلەم پێگەیشت، ئەگەر فریای خۆم نەکەوتبام, ئەوا بەفەرمانێکی چەند دێڕی تەمەنی منیش‌وەکو گوڵە گەشەکان دەژاکا و کۆتایی بەوەرزی تەمەنم دەهات‌و ئەوکاتە لەبری خەڵات‌و بەخشش‌و ئافەرین, لەپاڵەوانەوە دەبووم بەخائین‌و چەند فیشەکێك سەرو دڵمیان دەپێکا و دەبووم بەپەند‌و عیبرەت بۆ هەموو خائین‌و سەرپێچیکەرێك.. جا بەم کارەش ریزەکانی حزب تۆکمەو خاوێنتر دەبوونەوە!

بەڵام فریای خۆم کەوتم, عومری عەزیزی خۆم کڕییەوە، فرمانێکی دییان لەئەستۆ نام، فرمانی کوشتنی خائینەکان، منیش بەبێ بیرکردنەوەو سڵەمینەوە بەمۆدێرنترین ڕێگا ئەنجامم دا، مەرگی خائینەکانم بەئاوازو ئاهەنگ‌و چەپڵەو

مۆسیقاوە بەڕێ کرد، ئەم داهێنانە نوێیە فەرماندە فێری کردم.!

خەونەکانیشم هەر بەفەرمانی فەرماندە بەڕێوە دەچوو پێی گوتم:

(گەلحۆ دەبێتوریابی,وا خەریکە پۆلێك لەپەپوولان دزە دەکەن).

ئیتر منیش بەپەلە فوم بەکەڕەنای دەممدا کرد، تەمێکی سپیم پەخشی ناو گەرووی شار کرد، پۆل پۆلو دەستە دەستە تەرمی پەپوولەکانوەکو چیمەن لەژێر پێمدا راخران، لەدرێژەی خەونەکانمدا دەبوو مەرگی ماسییەکانیش ئەنجام بدەم, قولابم لەگوێچکەو چاوی هەموویان نا, بەبزەوە تەماشای دواساتی تەمەنیانم دەکرد.

لەخەوەکەم بێدار بوومەوە، لەگەڵ بێداریدا چ فەرقێکی نەبوو, لەبری هەموو ئەمانە مەدالیای ئازایەتیم لەبەرۆكو میلوانکەیوەفاداریم لەگەردن نرا. ئێستاش هەر ئەو میلوانکەیەیە کەلێم بووە بەزەردەمارو لەدەقیقەیەکدا دەیان جار پێوەم دەدات، بەڵام پێستی خۆشەکراوم لەقایشێکی ئەستووری رەش دەچێتو ژەهرەکان بەگیانم خۆشە.

*

فەرمانە پیرۆزەکانی سەرکردە هەمیشە لەناخمدا زایەڵەی زەنگ بوو نەمدەتوانی بەهەندوەریان نەگرم یان، لەیادیان بکەم، هەمیشە لەدڵەوە پەیمانم نوێ دەکردەوە بۆی، لەهەموو شوێنێکیش تووشی چورتمە, یان تەنگژە ببوومایە, ئەوا ئاوازەکانی فەرماندە، دەیهێنامە جۆشوخرۆشو بۆی هەڵدەپەڕیم.

ئاوازەکان یەك بەیەك,وەکو شەپۆلێکی هێواش بەپێش چاومدا تێدەپەڕی کەدەیفەرموو:

(بۆ پتەوکردنی ریزەکانمان دەبێت نهێنێکان بپارێزین).

ئیتر لەو رۆژەوە نەدەبوو هەموو ئەندامەکانی لەشم بەیەکدی ئاشنا بکەم, قاچەکانم بەنهێنیو جێوشوێنی هەنگاوەکانی نەدەزانی، قامكو دەستەکانم ئاگاداری هێزی خۆیان نەبوون، دڵم کەلاوەیەکی چۆڵوهۆڵ بوو بەڕازو جۆشو خرۆشی خۆی نەدەزانی, چاوەکانم بێ ئاگا بوون لەهێزی دیتنو تێڕوانین، کەللەی سەرم زرکەتاڵێك بوو بۆخۆی, ئاگای لەحاڵی هۆشی خۆی نەبوو.

منیش دڵسۆزانەوەکو ئەندامێکی چالاكو کارامەی حزب هەموو نهێنییەکانم بەپێی فەرمایشتەکان دەپاراستو نەمدەهێشت بەهیچ شێوەیەك ئاشنای یەکدی بن.

*

هەندێ جار هەستم بەئەسیری‌و وابەستەیی دەروونی خۆم دەکرد، دەمویست بڕسکێنم‌و ناخی خۆم بدوێنم‌و نەخشە بۆ پاشەڕۆژم بکێشم, دەبوو چێژ لەخۆشی‌و جوانی وەرگرم..

ئیستێکم دەکردو دەکەوتمە پرسکردن:

(هەتا کەی لەم ئاوە رچیووو مەنگەدا، بمێنمەوە, لەم بازنەیەدا بتاسێم؟!).

یەکسەر ئاوازەکانی فەرماندە رایدەوەشاندم‌و بەئاگای دەهێنامەوە, منیش بەپەلە پەشیمان دەبوومەوە، چەند جارێك تفم رۆ دەکردە زەوییەکەو بەرۆکی خۆم رادەوەشاندو داوای لێبووردن‌و گەردن ئازادیم دەکرد:

(پەشیمانم‌و سەد جاران تۆبە).

لەخۆم دەسڵەمیمەوە ئەم ئەندێشە شێتانەیە چییە بەمێشکمدا تێدەپەڕێت؟!

دەمزانی ئەمە سەرپێچی‌و لەڕێلادان‌و خیانەتێکی گەورەیە، فەرماندە دەیفەرموو:

(بۆ پارێزگاری لەدەستکەوتەکانمان، هەموو کات پاکسازی لەڕیزەکانماندا پێویستە).

زۆر دەترسام لەڕێگای ئەموڕێنە ناوەختەوە منیش بەر نەفرەتی‌وی کەوم, لەلای خۆمەوە دڵ‌و دەروونی خۆم بەندی هەتا هەتایی کردو جارێکی دی هاتمەوە ناو بازنە داخراوەکەو گوێبیستی ئاوازەکە بوومەوە، ئەمجارە دەبوو کارێکی پیرۆزتر ئەنجام بدەم.

بووم بەجەلادی هاوڕێ نەفرەت لێکراوەکەم، زۆر بێڕەحمانە وەکو داڵەکەرخۆرە کەوتمە وێزەی هاوڕێ بەوەفاکەم, دەبوو سزا بدرێت‌و تۆڵەی خۆی وەربگرێت.

هەردوو چاویم پووکانەوەو بوو بەدوو چاڵی تاریکی، پاشان زمانیم لەبنا قرت کرد، هەردوو دەست‌و قاچەکانیم بڕییەوە گوێیەکانیم بەقوڕقوشم کۆنکرێت کرد، خانە بەخانەی جەستەیم وەکو لۆکە لەبەریەك هەڵوەشاندو شیکردەوە, بەم کارەم تۆزێك ئارام بوومەوە، لەوە دڵنیا بووم کەفەرماندە لەوڕێنەکانم خۆش دەبێت‌و بەر نەفرەتی ناکەوم.

*

ئەم باهۆزە لەوە ناچێت خۆشکاتەوە، ئەم بارانی تەرزەیە بەدەنکی زل زلەوە دادەبارێ بەسەر تەوقی سەرو مل‌و رووخسارمەوە. باران تا پشتوێنەمی خنکاند بوو، تەرزەکانیش بەرەو سەرسنگ‌و چەناگەم هەڵدەکشێت.

ژیان مانایەکی نەماوە, حاڵوا بڕوات لەجێی خۆم رەق دەبمەوە.

وتەیەکی تری فەرماندەوەکو هەتاو بەسەر سەرمەوە داگیرسا:

(بۆئەوەی هەمیشە بمێنین، قوربانی زیاترمان دەوێت).

ئەموتەیە جەستە تەزیوو سڕەکەمی خاو کردەوە.

ئیتر گوێ نادەمە فەنابوونی ژیانو کارەساتێك دەقەومێنم، ژیان لەلام ترۆهاتو بچووك دەبووەوە، بچووك هێندەی پنتکێكو بەس.

دەبوو هەرچی زووترە بەئامانجی خۆم بگەمو لەو نێوەندەدا سەری بڵندم نەوی کەم، بەسۆزی ئەو ئاوازە لەگەڵ مەرگدا دەست لەملان بم، چش لەژیان, لەژن, لەمنداڵ, لەدایك, لەبابو لەهەموو شتێك، جەستەم لەبەر بارانی چەقۆدا راخست, بێباك بووم لەئازار، ئەو دەمە دڵشادم کەدەبینم چۆڕاوگەی خوێنی برینم گەورەو گەورەتر دەبێتو بەکەیفی خۆم لەگۆمی خوێنی خۆمدا مەلە دەکەم.

پێموابوو بەبڕینی جەستەی خۆم چەقۆکان کول دەبێت, سوژنەکان کوڵ دەبن، بەڵام سیکارتەکان دەمەزەرد بوونو سوژنەکانیش تیژتر مانەوە.

*

ئاوازەکانی فەرماندە زەمانو مەکانی بۆ نەبوو، نەمزانی لەکوێوە هەڵیکرد، دەیفەرموو:

(لەپاش مەرگ, لەبەرەبەیانی رۆژانی خۆماندا، یادتان دەکەین!!).

حەزم دەکرد مەرگ بمکاتە پاروویەکی چکۆلەو لەقووتی خۆیم بنێت.

لەدوورەوە تەماشای یادی پڕشکۆی خۆمو نازی ژنو منداڵەکانم بکەم, وامدەزانی ئاوازەکان لەجیاتی خۆم دەیان لاوێنێ!!

وانەکانی فەرماندە تەواوبوونی بۆ نەبووەکو گەردەلوول هەڵیدەکرد، ئێسكو پروسکی تێکهاڕیم, هزری لێسەندمەوە, توانای روانینو تێفکرینم نەما.

*

لەدووی بوونی خۆم لەپرسو گەڕاندام. لەم کاتانەدا بەگومانمو لێم دەگۆڕێت من پەیکەرێکی بەردینم یان مرۆڤێکی ئاسایی؟ ئایا منیش لەگۆشتو خوێنو ئێسكو سۆزو بەزەیی و خۆشەویستی پێك دێم؟

*

ئەو کاتانەی دەمهەوێ خۆم بناسم, ئازارەکانم دێنەوە سوێ, جەستەی قڵیشاوم دەناڵێنێو عەرش دێنێتە لەرزە.

بەدەم نرکە نرکو گیانەڵاوە راست بوومەوە, وتەکانی فەرماندەو ئاوازە ژەنگاوێکانم لەمەچکم گیرکردو مستەکۆڵەیەکی توندم بەتابووتە شووشەییەکەی سەر سەری خۆمدا دا، پەلاش پەلاشووردوخاشم کرد، ناڵەو ژاوەیەکی گەورەی لێ بەرز بووەوە ئینجا بازنە داخراوە ژەنگاوێکانم یەك یەك قرتاند, وەکو بارانوردە ژەنگەکان داباریبنە خوارەوە.

دەبوو بچوومایە بارەگای خواو گوڵو پەپوولەو ماسیو داوای لێخۆشبوون بکەم.

*

ئەوکاتانەی خەریکە لەخۆم بگەم هێواش هێواش بەری دیدەم
روون دەبێتەوە سێڵاوەکان لەسۆماکانم دەترازێن، زۆری نامێنێ
لەناخو دەروونمدا شەبەق هەڵبێت، دەستوپڵو قاچەکانم
هێزیانوەبەردا دێتەوە, هزرم دەکەوێتەوە کار، دەبم بەپەیامبەری
گوڵو پەپوولەکان، بەڵام هەرچەند دەکەمو دەکۆشم خۆم بۆ لێ
قوتار ناکرێت...
چەند ساتێکەو دەبینم بەسەر سەرمەوەوەکو هەور دەیان لەشکر
لەمرۆڤ خۆیان لەتابووتە شووشەییەکان ناوەو لەبازنە
داخراوەکاندا لەخولدان, بەئاوازی جیاجیاوە, بەڕووخساری
رموزنو بەچاوی بزەوە لەمنو لەخۆیان دەڕوانن و هەڕەشە
دەکەن، روانینیان دەبێتە سۆناتەی رۆحو بۆ هەتا هەتا
دەمتاسێنێت.

سلێمانی
ئایاری 1998

# زامەکانی منو جاکلینو سەگەکەی

لەسـەر یـەکێك لـە کورسـییەکانی کـەناری روبارەکـە دانیشـتم، سـاباتێکی مەحکـەم بەسـەر سـەری کورسـیەکەوە هـەڵکرابوو، دارسـتانێکی شـاش کـەوتبووە پشـتی مـنو کورسـییەکەمەوە، جارجـارە شـنەبایەکی فێنـك هەڵیـدەکردو گـەڵای دارەکـانی دەهێنایـە سـەماو بەلەنجـەوە دەشـنانەوە، لەوکاتـەدا تیشـکی زێڕینـی هەتاوەکـە دزەی دەکـردو لـەدرزو کـۆڵانی گـەڵای دارەکانەوە خۆی دەخزاندە سەر سنگی روبارەکەوە تا قوڵاییان رۆدەچوو، ئیتر ناخی دەریاکـە بەتـەواوی روونـاك دەبـووەوە.. دەوروبەرم هێندە بەلەنجەو جوان بوو هەر دەتگوت گەڕەکێکە

لەبەهەشت، هەوایەکی پاك و فێنێکی ئێجگار سیحراوی و
خۆش لەناخی گوڵە ڕەنگاو ڕەنگەکانەوە پەخشانی ئەو دەڤەرە
بوو، سەرباری هەموو ئەم دیمەنانە ناخی من تادەهات بچووکتر
دەبۆوەو دەگوشراو ڕەشتر دەبوو، کەیفم بەهیچێك لەم
دیمەنانە نەدەهات، بۆتاوێك چییە نەدەحەوامەوە.

(نامۆیی تێکەڵاوی خوێنم بووەو بەجۆگەلەو دەمارەکانی
لەشمدا دێت و دەچێت، یەکیەکی خانەکانی لەشمی کردۆتە
وێرانەو ... ئای نامۆیی چ پەتایەکی کوشندەیە، ئاوێنەیەکەو
ڕۆژانە بە زیندویی چەند جارێك گیانکێشانی خۆمی تیا
بەیدەکەم ..).

لەسەر کورسیەکە ڕاست بوومەوەو چەند هەنگاوێك بەرەو
ڕووی ڕووبارەکە ڕۆیشتم، بەردێك هەر هێندەی نۆکێك دەبوو،
یان نا، بەبێ مەبەست فڕێمدایە ناو ئاوەکەوە، لە جێی وی
بڵقێکی کردو بەردەکە نقووم بوو، بڵقەکە بوو بەچەقی
بازنەیەکی بچووك و پاشان تادەهات گەورەتر دەبووەوە،
بەجۆرێك بازنەکان سنوری خۆیان ونکردو ئاوێتەی
شەپۆلەکانی تری ئاوەکە بوونەوە، ئەم دیمەنە بەگیانم
خۆشبوو، چەند جارێکیدی دووبارەم کردەوە.. سەرنجم
بۆبڵق و بازنەو ئاوەکان ئاسایی نەبوو، زیاد لەپێویست
تەماشام دەکرد، بەجارێك خەیاڵمی ئاڵۆسکاندو پەرش و
بڵاوی کردەوە، بێڕەحمانە دای بەهەموو کەندو لەندێکدا..
دەیناردم بۆهەموو سوچ و قوژبنێکی ئەم دونیایە، وەکو مێخ
پرسیاری لەکەلەم دەچەقاند:

بەردێکی بچکۆڵەی بێگیان، ئاوێکی گەورە دەشەڵەقێنێت !

منیش وەکو بەردەکە چەند ساڵێکە دەستی بێڕەحمی زەمانە
فڕێی داومەتە ناو قوڵایی ئەم دەڤەرە، بەڵام چ بازنەیەکم
دروستنەکرد، بەئەندازەی بەردێکی بچکۆڵەش کەمتر سەنگم
هەیە، وەڵێ وەکو بەردەکە ڕەق و تەق بێناز لە سوچێکدا فڕێ
دراوم بۆ خۆشم نازانم چ دەکەم و چ ناکەم، هەتاکەی لەم ژێرەدا
دەمێنمەوە؟

لەئاقار ئەم پرسیارانەدا ئەقڵم گرموڵە دەبوو وەکو ئیفلیجێك
هەنگاوم بۆنەدەنراو بەچۆکدا هاتم، ئیتر لەوێدا هەموو هۆش و
ژیریم لە دەستدەداو بە تەواوی تەسلیمی ئەو ساتە زاڵمانە
دەبووم..

دوو هەنگاو گەڕامە دواوەو بەهۆشێکی شەکەت و خەیاڵێکی
هەڵبزرکاوەوە لەسەر کورسییەکە لەنگەرم گرتەوە.

ئێستا کەناخی من لەئاوێکی ڕاوەستاوو مەنگ دەچێت، زۆر
عاشقی بەردێکم ئەم مەنگیەم بشڵەقێنێت، بەڵکو تاوێك
ئاسودە بم..

ژیان بەمشێوەیە مانایەکی نەدەبەخشی، تەنیایی ئێسك و پروسکی تێکهاریم، لەپیاوەتی خستم، زۆرجار تەنیایی دەبێتە مایەی ئەفراندنی هزرو زۆر دەسکەوتی چاوەڕوان نەکراوی لێ هەڵدەگوێزرێت، بەڵام هەندێ جاریش دەبێتە مایەی سەرەگێژکەو خۆخواردنەوە، لەوەش ئەستەم تر نییە کەمرۆڤ خۆی لە خۆی نامۆ بێت.

هێواش هێواش خەیاڵم وەکو جوجەڵەیەکی زیتەڵە دەستی کردە جووکە جووك و جوونەکردن.. پاشانیش راستەو راست هەڵفڕی بەئاسماندا بردمی لەناو تەمتومانی هەورەکاندا ونی کردم، ئینجا لە چاو تروکانێکدا سەدان کیلۆمەتری ڕێگای پێ بڕیم و لە ژورە بچکۆلەکەی زیندان وەکو تڵتە فڕێیدام، هێشتا چاوم بەچوار دەوری دیواری ژوورە بچکۆلەکەدا نەگێڕابوو دەرگام لەسەر کرایەوە، کابرایەکی تێکمسڕاوی کەڵەگەت لەپشتەوە توند هەردوو مەچەکی شەتەکدام، ئینجا بەپەڕۆیەکی زبر تەوێڵ و چاوەکانمی بەستەوە، وەکو ڕەشەوڵاخ پێش خۆی دام، تا ئەوکاتە هیچ وشەیەك نە لەمن و نە لەوەوە دەرنەبڕا، وەك بڵێی ئەم کارە دەبێت وابڕوات، هەردوولامان بەبێ سەرکێشی هاوکاری یەکدیمان دەکرد، هێندەم زانی قاچی راستم کەوتە بۆشی و بەدەمدا کەوتم، هەر یەکسەر هەردوو ددانی پێشەوەم کەوتە سەر زمانم و ناو دەمم پڕ بوو لەخوێن، ئەویش بەلەقەیەك تەواوی لەنگەری گۆڕیم و هاوسەنگی خۆمم لە دەستدا، تا دوا پلیکانە بەتەقڵە هاتمە خوارێ.. بە مێکۆتێك بێهۆشیانکردم، ئیتر نازانم چیتریشیان لێکردم.. بەڵام دوایی کەچاوم کردەوەو بەئاگا هاتمەوە وەکو تازە لەدایك بووبم وابوو، جەستەیەکی رووت و قووت و شین و کەوە هەڵگەڕاو، هەندێ شوێنیش تك تك خوێنی لێدەچۆڕاو چەند شوێنی تریش پەڵە پەڵە خوێنی تیازابوو.. سەرم هەڵبڕییە ئاسمان بەتەوقی سەرمەوە هەردوو مەچەکی خۆم بینی بەکشتەکێکی ئەستورو زبر جەرەبا درابووو بەقولابی بنمیچەکەوە هەڵواسرابوو.. نازانم چەند وەخت و زەمان لەوێدا مامەوە، بەڵام ئەوەی لە چرکەیەکدا چەند جارێك رۆحی دەکێشام (تەنیایی) بوو..

خەیاڵی چۆلەکە ئاسا بە ماندویی و شەکەتی گەڕایەوە خزمەتم..

لە پاش ئەم یادەوەرییە تاڵە هەر بەجارێك ئارامم لێبڕاو کاس بووم..

تەنیایی ئەم بەهەشتەش هێندەی تەنیایی ژوورە بچکۆلەکەی زیندان بەئازارە..

خەڵکی ئەم دەڤەرە خوێنیان لە ئاوو هەواکەیان سارد ترە! رۆژێك بەیەکێکیانم گوت: ئێمە نەك ژیانمان بەڵکو مردن و

گۆڕەکانیشمان هەر بەکۆمەڵە! ئەو لەم زەمانە عاجباتییەی من
حاڵی نەبوو.. هیوای تەمەندرێژی بۆ خواستم..!!
چی لەو تەمەنە بکەم کە هەر کەڵەکەکردنی زەمەن بێت لەسەر
یەکتری؟

ئاوڕی دواوەم دایەوە، بینیم کیژۆڵەیەکی ناسك و شۆخ و
شەنگ توتەڵە سەگێکی کردبووە قەڵادۆشکان، لەنێوان
دارەکانەوە بۆلای من دەهات.. هات و لەسەر کورسییەکەی
بەرامبەرم لەنگەری گرت.. کراسێکی سوری کاڵی لەبەردابوو،
کە جارجارە تیشکی هەتاوەکەی بەردەکەوت جەستە
سپییەکەی نارنجی و هەندێ جار پەمەیی دەچووەوە، ئەو
تیلماسکە پەڕۆیەی کە جەستەی نیوە رووتی داپۆشیبوو
هێندەی تر جوانی بەخشیبووە کیژۆڵەکە..

سەگەکەی لەسەر هەردوو رانیدا خەواندبوو، منداڵ ئاسا
دەیلاواند و بەپەنجەی بلورینی ختوکەی ژێر سك و بن باڵەکانی
دەدا، دەستی لەناو توکەکانیدا کەدەتگوت ئاوریشمی خاوە،
ون دەبووو دەردەکەوتەوە، سەگەکەش جارجارە بەنازەوە
چاوی لێکدەناو لەدوای تاوێك بەنازێکی قورس و گەورەترەوە
چاوانی هەڵدەبڕییەوەو سەرنجی دەگرتە روخساری کیژۆڵەکە
کەدەتگوت ڤینۆسە.. سەگەکە بەم نمایشەی دەیویست
ئاسوودەیی و خۆشەویستی و سوپاسگوزاری خۆی بۆ
خانمەکەی دەربڕێت..

دیمەنی ئەم دوو هاوڕێ عەزیزە تا قوڵایی ناخی خۆیان
رایانکێشام..

(کیژۆڵەیەکی تازە فەریك و ناسك.. سەگێکی پاك و خاوێن و
بەختەوەر..)

نیگام برییە ئەم دوو عاشقە شەنگەو ویستم بۆ تاوێك
لەپەنایاندا پشوویەك بدەم.. چاوم نەدەتروکاند و هەموو
هۆش و خەیاڵم لەلای دەست و پەنجەی کیژۆڵکە بوو کەدەتگوت
بلورییەو لەناو مێرگێکی لۆکەدایە..

ئیغرایانە یاری بەپشت و تووکی سەگەکە دەکرد من لێرەوە
هەستم بە ئۆخ ژن و رەحەتبوونی جەستەی هەردووکیان
دەکرد، قژە زێرینە خاوەکەی لایەك لەروخساری شاردبووەوە و
بەسەر مەمکۆڵە نیوە روتەکەیدا شۆڕ ببۆوەو تێکەڵاوی تووکی
سەگەکە بووبوو، ئەم دیمەنە زیاتر هەڵوەدای روخساری کردم و
کەوتمە ملە قوتێ و چەند جارێك رەفتاری نائاساییم نواند،
سەرکێشیم کرد ئەویش وەك بڵێیت لەڕازو نیازی من
گەیشتبێت، وەکو منداڵ ژیرکاتەوە وابوو، پەنجەکانی
دەستەڕاستی وەکو شانە نوقمی ناو قژە خاوە شۆڕبووەکەی
سەرسنگ و بەرۆك و روخساری کرد و بەپشتا پەخشانی کرد،

ئینجا سەری هەڵبڕی بەنیگایەك تەواوی جەستەی منی سڕکرد، هەردوو چاوی بریسکەی داو بینیم ئاسمانێك بوو لە سەوزایی و دەریایەك بوو لەنهێنی، من گەرەکم بوو لەجاران قوڵتر لێی بڕوانم، بەڵام دیدەم بەر شەوارەی روخساری کەوت، بەری چاوانم تاریك داهات، تاریك وەکو ئاسمانی شەوێکی تاریك و ئەنگوستەچاو، دوای تاوێك هێواش هێواش مانگ هێندەی داسولکەیەك هەڵهات، سیمای تاریکە شەوەکە کاڵتربووەوە، تادەهات مانگەکە زێڕین و گەورەتر دەبووەوە، لێمدەهاتە پێشێ، هات..هات.. تاوای لێهات بەو هەموو شەوق و گەورەییەوە لەسەر کورسییەکەی بەرانبەرم جێگای خۆی کردەوەو قنج دانیشت، بەهەموو هێزی تێیدەڕوانیم دەوروبەری بۆکردم بەچراخانێکی رووت، هەموو شتەکان زێڕینانە نمایشی خۆیان دەکردو زەرد دەچوونەوە، ئینجا مانگەشەوەکە لەجێی خۆی جوڵاو چەند جارێك بەدەوری خۆیدا خولایەوە.. پاشان روخساری دابەیەکداو هەندێ گرژی و لێڵی تیا دەرکەوت، هێدی هێدی هێڵ و تارماییەکانی ناو دەروونی مانگەشەوەکە بەیەکدا دەهات و هەندێ جار لەشێوەی روخسارێك دەردەکەوت و پاشانیش وەکو تراویلکە ون دەبووەوە، لەمکاتەدا جەستەی منیش سات بەسات و چرکە بەچرکە دەگۆڕاو شێوەی راستی خۆی وندەکرد.. پەنجەکانم

.. کەمەرو نێو هەردوو رانم سەرو سەکوت و روخسارم.. هێواش هێواش لاو دەبوومەوە.. ئەوکات تەمەنی جەستەم هەژدە، نۆزدە ساڵێك دەبوو، بەڵام دڵ و دەروونم هەروەکو خۆی چەق بەستوو مایەوە..

لەچەق و ناوەڕاستی مانگەشەوەکەوە کەفێکی شیری سپی و جوان هەڵقوڵاو بوو بەبووکێکی فریشتەیی.. فریشتەکە دوو باڵی شەفافی دابەیەکداو لەجێی خۆی هەڵزناو لێم هاتە پێشێ، تا تەواو لێم نزیك بووە، ئینجا باڵەکانی لەجێی خۆی پوکایەوە، منیش زیاتر سەرنجم خڕکردەوە، روخسارە ئێسك سوکەکەی (شەونم) بەتەواوی و بەڕوونی دەرکەوت و ناسیمەوە، گەرەکم بوو لەسەر کورسییەکە هەستمە سەرپێ و لەئامێزی بگرم و تێر ماچی بکەم، بەڵام قاچەکانم گرموڵە بوون و لەدووم نەهاتن، بۆیە ناچار هەر لەجێگای خۆمەوە هەردوو دەستم بۆی درێژ کرد.. بەڵام نەیگەیشتێ، هەرچەندم کردو کۆشام ئەویش لەجێی خۆی نەجولا، بە زمانێکی لاڵەوە لەم دوورەوە پێم گوت: لێم ببورە شەونم گیان کەوەڵامم نەدایتەوە، دەزانم چەندە منت خۆشدەویست، باوەڕبکە منیش چەن هێندەی تۆ خۆشمدەویستی، ئاگام لێبوو چەند لێزانانە مامەڵەت لەگەڵ دەکردم.. دەزانی شەونم گیان هەندێ جاریش کافرانە دەتکوشتم، ئەوکاتانەی کە دادەنوایتەوەو لەدرزی

کراسەکەتەوە مەمکۆڵە بەفرینە قوتەکانت پیشان دەدام من لەجێی خۆم دەمردم، حەزم دەکرد هەموو جەستەم ببێت بەچاوو تەماشای خانە بەخانەی جەستەت بکەم، بەڵام ئاخ (شەرم) نەیهێشت، شەرم کوشتمی شەونم گیان، ئەوکاتەی دەفتەرەکەت بەدەستی حەمەی برا بچکۆلەکەتدا بۆڕەوانە کردمەوە، تەواوی رازو نهێنی دڵی تۆم خوێندەوە، بەڵام لێمببورە شەونم گیان منی شەرمن نەمتوانی نەك هەر وەڵامت بدەمەوە، بەڵکو چیدی زاتم نەکرد خۆم نیشانی روخساری شەنگت بدەم.. لەبیرتە شەونم گیان لەدوای ئەمە هەموو شەوێك بەخەیاڵو بەچرپە دەمهێنایتە ژێر لێفەکەمو تادرەنگانێك بۆنم بەسنگو بەرۆکتەوە دەکرد، تۆش لێزانانە هەناسە بڕکێت بەخۆت دەخست؟ .. پاشان تا بەردەرگای ماڵی خۆتان بەڕێم دەخستی؟ هەرکە دەشگەڕامەوە بەنیازی خەو چاوم لێکدەنا هەریەکسەر تابەیانی دەبویتە میوانی خەونەکانم.. لێمببورە شەونم گیان شەرم نەیهێشت منو تۆ بۆیەك ببین، من نەك هەر لەتۆ، وایان فێرکرم شەرم لەجەستەی خۆشم بکەم، چەند بەشەرمەوە دەمڕوانییە جەستەو روخساری تۆ، چەند هێندەی تریش بەشەرمەوە لەجەستەی خۆم رادەمام، ئێستا ئەو کوڕەی جاران نیم شەونم گیان، وەرە خۆت دەستلەملانم بەو لەئامێزم بگرە، لەم تەنیاییە ببە بەمیوانم، رزگارم کە شەونم گیان وا تەنیایی رۆژی چەندجار دەمتاسێنێت، دڵنیابە ئێستا وەکو جاران ناپیاوو ترسنۆكو شەرمن نیم..وەر بزانە..

هێشتا قسەکانم تەواو نەکردبوو روخساری شەونم لە ناو دیدەو گلێنەمدا تادەهات کاڵترو بچووکتر دەبووەوە، ویستم تا لەچاو ون نەبووە فریای خۆم بکەوم، هەرکە لەجێی خۆم راپەڕیم، تەواوی خەیاڵەکەم بەتاڵ بووەوەو هاتمەوە ژێر سفرەوە.. ئارەقێکی زۆرم دەردابوو، هەناسەیەکی قوڵم هەڵکیشاو جارێکی دی خێسەم لە کیژۆڵە ناسکۆڵەکەو سەگە بەختەوەرەکە گرتەوە، گوێم لێبوو بەدەنگێکی ئێجگار ناسك توتەڵەکەی دەلاواندەوە، سەگەکەش لەژێرەوە جار جارە مڕەیەکی بۆدەکرد، ئەو ئاوازە جگە لەسەگە توکنەکە بۆمنیش بوو ئیحاو تەڵقینو خەوی لێخستم..

خەوەکە تا قوڵایی خۆی کەمەندکێشی کردم، لەو خەونەمدا لە دورەوە چاوم لەچەڕە دوکەڵی گوندەکە بوو نێڵە نێڵ دەسوتا.. جگە لە (بۆرە) چ کەسێك لەو مەملەکەتەدا نەمابووەوە.. سەربازو جاشەکانیش بەناو کەلاوەکاندا دەسوڕانەوە، لەمکاتەدا بۆرەم بەرچاوکەوت کەلەژێر دار قەڵەمتۆزە سوتاوەکە وەك پاسەوانێکی کارامەو بەوەفا دەهاتو دەچوو.. (بۆرە) خۆی خاوەنی ماڵ بوو، هەر کەچاوی بەخەڵکە نامۆکە

کەوت لێیان چووە پێشێ و چەند جارێك لەسەر یەك وەڕی و دەحەپی، بەئاشکرا جنێوی دەداو تف و نەفرەتی لێدەکردن، ئەوانیش بەسەر سوڕمان و رقێکی زۆرەوە دەیانڕوانییە رەفتارو گفت و گۆی (بۆرە) زیاتر لێی چوونە پێشەوە (بۆرە) بەچوار چەنەڵە خۆی کوتایە سەر سنگی (ئەبو عەبود) و ئەستێرەکانی سەرشانی هێنایە خوارەوە، بەڵام (شەفیق) ئاغا دەمانچە ئیستلەکەی لەکەمەر هەڵکێشا و چواردەخۆرەکەی لە دەمی (بۆرە)دا خاڵی کردەوە، چۆڕاوگەی خوێنی (بۆرە) پۆستاڵەکەی (ئەبو عەبود)ی سور کرد.. بەڵام تا بەتەواوی گیانی دەرچوو هەر نەفرەتی لێدەکردن.. گریام بۆ چارەنوسی (بۆرە) زۆر گریام، لەدەروونی خۆمدا پرسەیەکی گەورەم ساز کرد..

لە هەنیسك و هەناسە سواری خۆم دا بەئاگا هاتمەوە، هەرکە توتەڵەکەم لەکۆشی کیژۆڵەکەدا بینیەوە بۆمەرگی(بۆرە) زیاتر بەزەییم لێدەچۆڕا..

تائەم کاتە کیژۆڵەکە بەپەنجەی ناسکی پشتی سەگە بەختەوەرەکەی دەخوراند، من و ئەو بە بێدەنگی یەکتریمان دەدواند و زۆرشتمان بەیەك دەوت، بەڵام بەمەندە کوڵی دڵم دانەمرکایەوە و چیتر خۆم پێڕانەگیراو بەزمانی پاراوی خۆیان بێدەنگییەکەی نێوانمان کوشت و پێم گوت:

وا دیارە سەگەکەت بەختەوەرە..پێدەچێت زۆرت خۆش بوێت؟ دەرکەوت ئەویش لە مێژبوو جاڕسی ئەم بێدەنگییە بوو، بەڵام چونکە ئولفەتیان بەبێدەنگی و تەنیاییەوە گرتووە، نەدەبوو قسە بکات، وەگەر نا ئەو زۆر لەمن زیاتر تامەزرۆی گفتوگۆ بوو، بەتایبەت گفتوگۆی لەمەڕ خۆشەویستی و پەیوەندی خۆی و سەگەکەی بێت، بۆیە بەتاسوقەوە لەجێی خۆی هەستاو بزەیەك کەوتە سەر پەڕەی لێوی کەدەتگوت شکۆفەی گوڵێکی سوورە.. لێم نزیك بووەوە و هات لەسەر کورسییەکەی دەستەڕاستم جێگیر بوو.. ئینجا کەوتە باسکردنی پەیوەندی خۆی و سەگەکەی، کەچەند پەیوەندییەکی رۆمانسی و عاتیفانەیان هەیە، رۆژانە لەهەموو هەڵوێستێکیاندا دڵنەوایی یەکدی دەکەن، لەحەمام لەناو یەك بانیوێدا خۆیان دەشۆن و بەیەك خاولیش خۆیان وشك دەکەنەوە.. لەسەر یەك سفرەو خوان پێکەوە نان دەخۆن.. شەوانەش لەسەر یەك سەرین و لەژێر یەك بەتانی تابەیانی لە ئامێزی یەك دەنوون..

منیش جارجارە رەزامەندیم بۆ دەردەبڕی و لەگەڵ قسەکانیدا دەڕۆیشتم.. ئەو لەسەر حەکایەتی خۆشەویستی خۆیی و سەگەکەی بەردەوام بوووتی:

(سەگەکەم دەبەمە پێشانگا، پێکەوە کۆگاکان بەسەر دەکەینەوە، هەفتانەش لەگەڵ خۆمدا دەیبەمە سینەماو

تائێستاش نمایشی چەندین شانۆگەری بینیوە، بۆزاخاوی مێشکیش چەند جارێك بردوومەتە ئاهەنگەکانی ئۆرکێسترا و ئاشنای سەمفۆنیا جیهانییەکانم کردووە، سەگەکەم ئەندامی یەکێك لەیانە وەرزشییەکانی گیاندارانەو رۆژانە پێکەوە لەماڵ راهێنان دەکەین، وەرزشەوانێکی تابڵێی چاکە..).

زۆر لەسەرخۆ قسەی دەکردو مەبەستی بوو زیاتر لەم تەرزە باسانە بدوێت، منیش زۆر بەرێزەوە گوێم بۆ یەکەکەی قسەکانی شل کردبوو.. ئینجا گوتی: – من ناوم (جاکلین)ەو ئێستا لەم دنیایەدا تەنیا ئەم سەگە شك دەبەم، هەموو هیواو ئاواتێکم بەختەوەری ئەم سەگەیە، بەڵێ من بۆیە بەختیارم چونکە خاوەنی ئەم سەگەم!!

تا دواجاروتی:

من سەگەکەمو سەگەکە منم!!

منیش تا دوا وشەی لەخزمەتیدا هەڵتروشکا بووم، دڵسۆزانە لەخزمەتی یەك بە یەکی وشەکانیدا مامەوەو گوێبیستی هەموویان بووم، لەپاش ئەمانە خۆشحاڵی خۆمم بۆ پەیوەندی خۆشەویستییەکەیان دەربڕیو هیوای ژیانێکی بەختەوەرترم بۆ (جاکلین و سەگەکەی)خواست..

پێش ئەوەی جارێکی دی بێدەنگی ببێتە پەرژینو دیواری نێوانمان، ئەمجارەیان من هەستامە سەرپێو بەرێزەوە زیاتر لێی نزیك بوومەوەو بەهەلم زانی منیش رازو نهێنی دڵی خۆمم پێشکەش کردو گوتم:

من کوردمو وڵاتێکی چوارلەتکراوو تیکە تیکەم هەیە، چەند ساڵێکە لە نیشتیمانو کەسو کاری خۆشەویستی خۆم دابڕاوم، ژیانی ئاوارەییو تەنیایی بەسەر دەبەم واخەریکە...

هێشتا زۆرێك لەوشەکان لەناخو دەرونما پەنگیان خواردبۆوە، بۆ دەربڕین پەلەیان لەیەکدی دەکرد، (جاکلین) هەستایە سەرپێو وشەکانی لەگەروما تاساند، داوای یارمەتی لەمن کرد کەتاقەتی گوێبیستی ئەم جۆرە تەرزە باسانەی نییە، چونکە دەبێتە هۆی ئاڵۆزبوونی باری دەروونیو سەرئەنجام کاریگەری خراپی دەبێت بەسەر پەیوەندی خۆشەویستی خۆییو سەگەکەیەوە، ئینجا توتەڵەکەی کردەوە قەڵادۆشکانو دەستی راستی بەرزکردەوەو لەسەرخۆ پەنجەکانی جوڵاندەوەو گوتی (بایی).

هەتا لێم وون بوون سەگە بەختەوەرەکەی (جاکلین) هەر سەرنجی دەدام ... ئیتر من بەهەموو پێکهاتەو پێگەی خۆمەوە، بەرۆحو جەستەوە، بەئازارو زامو خەونە رەنگاڵییەکانمەوە بووم بەبەردێکی بچکۆلە، هەر هێندەی نۆکێك دەبووم یان نا، لەنێوان بەردەلانەکەی ژێر پێمدا بزربووم، ئینجا بۆم دەرکەوت لێرەوە چ ئاوێکم پێناشلقێنرێت..

# زارا

**پێشکەشە بەعیشقو رۆحی خاوێنی شەهید ( د.ئاتێلا )و ( فاتیمە ) ی ناموراد**

........بەشـەکەتی، بـەڵام بەوپـەڕی شـادیو دڵخۆشـییەوە گەیشتیتە بەردەم دەرگا دارینەکەتان، ئەو دەرگایـەی کەلـەیادت نییـە کـەیو کـێ دروسـتی کـردووە، ناشـزانیت باوکـت، یـان چ کەسێکی تر چۆنو لەکوێوە هێناویـەتی، هەرئەوەنـدە دەزانیـت، لەوەتـەی تـۆ هـەیتو ئـەم خانووەتـان هەیـە، ئـەم دەرگایـەی پێوەیە..

لەگەڵ ئەوەی باوکت هەر چەندساڵ جارێك رووخساری دەرەوەو ناوەوەی خانووەکەتانی دەگۆڕی، هۆدەو هەیوانی نوێی دروستدەکرد، تەنانەت لەیادتە چەند جارێك دیواری ئەملاو ئەولای دەرگاکەی سەرلەبەر رووخاندو جارێکی تر بەقوڕو خشت دروستیکردەوە، وەلێ دەرگا دارینەکەی بەهەمان ریتمی جاران لەجێی خۆی دانایەوە، نەك هەر ئەمە تەنانەت لەیادت نییە تەنها جارێك لەجاران باوکت ئەم دەرگایەی بۆیاخ کردبێت.

ئەو زۆرجار پێی دەگوتی:

(کوڕم‌وەسێت بێت ئەگەر مردم لەدوای خۆشم ئەم دەرگایە بۆیاخ نەکەیت، خۆی رووخسارێکی زۆر تایبەت‌و رەسەنی هەیە، بۆیاخ نەك هەر شەنگی ناکات، بەڵکو تەواو دەی شێوێنێت).

باوکت ئەگەرچی لەگەڵتاندا زۆرکەمقسەو بێدەنگ بوو، بڕوای بەوە هەبوو کەدەبێت پیاو لەماڵەوە سامدار بێت‌و هەیبەتی خۆی بۆ ژن‌و منداڵ نەوی نەکات، بەڵام هەتا مابوو چەند جارێك لەسەر سیحرو نهێنی ئەم دەرگایە هێناتە قسە، تۆ هێندە بەمەراقەوە گوێت لەقسەکانی دەگرت، چاوەڕوانی ئەوەبوویت، داستانێك، یان حەکایەتێکی سەرنجراکێشت بۆ بگێڕێتەوە، وەلێ دواجار هیچی‌وای نەگوت دڵت ئاو بخواتەوە.

ئێستاشی لەگەڵدا بێت کە بەشەکەتی لەبەردەمیدا راوەستاویت لەنهێنی‌و پیرۆزی ئەم دەرگا دارینە حاڵی نەبوویت، باوکت هەموو جارێك بەوە کۆتایی بەقسەکانی دەهێناو دەیگوت:

( رۆڵە ئەم دەرگایە گەلێ یادگارو سەرگوزشتەی لەگەڵدایە، هەتا دەتوانن پارێزگاری لێ بکەن، وریا بن هەرگیز بەکراوەیی جێی نەهێڵن، چونکە شەیتان گەلێ سرکە، خۆشتان نازانن کەی‌و چۆن دێتە ژوورێ، هەرکە هاتە ژوورەوەش هەموو شتێك دەقەومێت، تەنانەت شوێنبزر دەبن‌و دەفەوتێن ئەگەر بشمێنن، هەرچی عەیب‌و عارتان هەیە هەموو بۆ خەڵکی دەکەوێتە دەشت!).

دایکیشت ئەم قسانەی باوکتی لابوو بەیەقین، زۆر بەوریاییەوە پاسەوانی دەرگاکەی دەکرد، بەبێ هیچ سین‌و جیم‌و بیرکردنەوەیەك، فەرمایشتەکانی باوکتی جێبەجێ دەکرد، لەگەڵ هەر چوونە دەرەوەیەکدا، یەکسەر دەگەیشتە سەرت‌و لەدوای تۆوە دای دەخستەوە.

تۆ دەتگوت: عەیب‌و عار چ پەیوەندییەکی بەکرانەوەی دەرگاوە هەیە؟

ئەو دەیگوت: (رۆڵە تۆ هێشتا منداڵیت، لەدنیا نەگەیشتوویت کەی گەورە بوویت خۆت‌وەڵامی خۆت دەدەیتەوە!).

ئەم قسانەی باوکت چەند هێندەی تر مەراق و نهێنی لەلادروست کردی، وەلێ هیچی لێحاڵی نەبوویت.

دەرگاکە، دەرگایەکی ئاسایی نەبوو، جگە لەوەی لەدارێکی فرە مەحکەم دروست کرابوو، بەپایانیدا هەندێ نەخشی گوڵ گوڵی لەسەر هەڵکەنرابوو، لەملاولای لای سەرەوەشی بەچەند قوبەیەك لەشێوەی ئەستێرە نەخشێنرابوو، لەناوەڕاستیشیدا کەهەم چاوەزاریش بوو، وێنەی مانگێکی داسولەیی هەبوو، لەلای سەرەوەشیدا لوتکەی چەند شاخێك بەحەوادا چووبوو، پارچە لەوحێکی ئەستوور لەکەمەری دەرگاکە بەسترابوو، ئەم پشتوێنە ئاسنینە چەند هێندەی تر دەرگاکەی مەحکەم کردبوو، تۆ زۆرجار لەنەخش و نیگاری سەردەرگاکە رادەمایەت, ئەگەرچی هیچی وای لێ حاڵی نەبوویت، بەڵام دەتزانی ئەگەر کەسێکی شارەزابێت بیان خوێنێتەوە، ئەوا مێژوویەکی کۆن و حەکایەتێکی دوورو درێژی لێوەدەگێڕێتەوە.

ئێستاو لەدوای تەمەنێکی زۆر بەشەکەتی، بەڵام بەوپەڕی شادی و دڵخۆشییەوە لەبەردەم هەمان دەرگا دارینەکەی خۆتاندا راوەستاویت، بەئومێدی ئەوەی (زارا) بێت دەرگات لێ بکاتەوە.

هێشتا لەدەرگات نەدابوو، ئەو بەرەبەیانییەت کەوتەوە یاد کەدەبوو لەنزیکترین کاتدا بگەیتەوە بەهاوڕێکانت، (زارا) یش چراکەی هەڵگرت و هەتا بەر دەرگاکە لەگەڵتدا هات، هێشتا قاچت نەخستبووە ئەودیو دەرگاکەوە هەر لەناو دەرگاکەدا بویت، (زارا) چراکەی بەیەکێك لەقوبەی دەرگاکەدا هەڵواسی، زۆر بەوریاییەوە چاوی بەملاولادا گێڕا، کەزانی لەهیچ کەسێکەوە دیارنین، شێتانە باوەشی بۆ گرتیتەوە، توند بەخۆیەوە گوشیتی، ئینجا هەتا توانی ماچێکی قوڵی ناودەمی کردیت، هێشتا دەمتان لەناودەمی یەکدابوو، ئەو بەنیاز نەبوو دەمت لێ بەربدات، بەڵام کاتێك ڕوومەتت بەفرمێسکی گەرمی ئەو تەڕبوو، تۆ خۆت کشاندە دواوە، فرمێسك وەکو باران لەچاوی (زارا)وە دەهاتە خوارێ، بەدەم هەنسکەوە پێی گوتیت: (ڕێبوار گیان دەڵێن وەزع زۆر خراپە، دەخلیت بم لەپێشمەرگەکانی هاوڕێت دانەبڕێیت..).

تۆش لەناخەوە لەو زیاتر دەسوتایت و دەگریایت، وەلێ لەخۆتت بارنەکرد، تۆ هەتا ئەو کاتە هەرگیز (زارا) ت بەو شەنگییە نەبینیبوو، ئەو ئەگەرچی هەناوی زۆر شپرزەبوو، بەڵام نیگای هێندە گەش بوو، بۆ خۆشت نازانیت چۆن توانیت خۆ لەبەردەمی رابگریت، گۆنای ڕێك لەهەرمێ دەچوو، هەردوو چاویشی لەژێر تەمی فرمێسکەکانیدا سەوزێکی کاڵی دەنواند،

کاتێکیش شەوقی چراکەی بەردەکەوت سەوزییەکەی تۆختر دەبووەوە، بێ ئەوەی ببزوێت، پێت گوت:

( (زارا) گیان هیچ خەفەت مەخۆ، ئێمە بۆ کاری زۆر پێویست بانگ کراوین، دڵنیابە زۆرم پێناچێت و دەگەڕێمەوە، تۆ ئاگات لەخۆت و دایکم و منداڵەکەمان بێت ).

کاتێك ئەمەت گوت دەستت لەسکی (زارا) دەخشاند کەحەوت مانگ زیاتر دەبوو.

ئیدی تۆ کەوتیتە ڕێ، هێشتا دوو هەنگاو دوورنەکەوتبوویتەوە، گوێت لەخرەی پشتی دەرگاکە بوو کە (زارا) لەدوای تۆوە دایخستەوە، تۆ هەتا ئەوکاتە نەت زانیبوو کەهێندە دڵناسکیت، باوکت زۆرجار پێی دەگوتیت:

(گریان بۆ پیاو شوورەییە، نەکەی لەئاقار ڕووداوو کارەساتەکاندا چۆك دابدەیت و ببیتە گریان، کوڕم دەبێت، زۆر لەوە دڵڕەقتربیت کەهەیت، چونکە پیاو کەگریا، هەرچی شەهامەت و پیاوەتی، بگرە نێرایەتیشی هەیە لەگەڵ فرمسێکەکانیدا دادەچۆڕێت ! ).

تۆ هەتا ئەوکاتە زۆر شانازیت بەدڵڕەقی و پیاوەتی خۆتەوە دەکرد، چونکە تەنها جارێك چییە نەتهێشتبوو لەو گەمە چارەنووسسازەدا بدۆڕێیت.

وەلێ هەر کە (زارا) ت بەجێ هێشت، ئەگەر باوکت زیندوو بوایە بەنەفرەتی دەکردی، چونکە هەرچی پیاوەتی و نێرایەتیت هەبوو، هەمووی لەگەڵ فرمێسکە گەرمەکانتدا داچۆڕین.

گریای، زۆر گریای، هەر بەتەواوی خۆت بەتاڵکردەوە، ئەگەرچی شەنگ لەڕەنگ و رووتدا نەمابوو، هەرواش جەستەیەکی مجرۆت لەگەڵ خۆتدا بەکێش دەکرد، بەڵام لەناخەوە فرە ئاسوودەو بارسوك بویت، ئەگەر ئەو بەیانییە ژوان لەگەڵ هاوڕێکانتداو کاری زۆر بەپەلەت نەبووایە، ئەوا ڕێڕەوی خۆت دەگۆڕی و ڕاستەڕێ دەچوویتە سەر گۆڕی بابت، گۆڕەکەت هەڵدەدایەوە، کفنەکەشت لەسەرو دەموچاوی دادەماڵی، قسەی زۆرت هەبوو بتکردایە، بەڵام لەپێش هەموویاندا دەتگوت:

(بابە ئێوە زۆر بەهەڵداچووبوون، نەتان زانیبوو گریان چ چێژێکی هەیە، دەزانی بۆچی زوو مردن؟ چونکە هەتا مابوون گریانتان لەناخی قوڵی خۆتاندا دیل کردبوو، دواجاریش واتان زانیبوو کوشتوتانە، وەلێ ئەو زۆر لەئێوە نەمرتربوو، ئەوە ئێوە عەیامێکە مردوون، بەڵام ئەو هەر دەژێت، بابەگیان دەبوو بەدڵ و بەگیان گریانتان بلاواندایە ).

ئەمانەو دەیان گفتی تری لەم جۆرەت پێ رادەگەیاند، بەڵام کاری بەپەلەی ئەو بەیانیەت، رێگەی نەدایت ئەم زیارەتە بکەیت.

بەدەم هەسنکی گریانەوە بەلای دەستەڕاستدا بەرەو رۆژهەلاَت هەڵکشایت، دڵیشت هەر لای (زارا) بوو، دەتزانی ئەویش لەودیو دەرگاکەوە هەتا قەدەرێکی زۆرتر هەر دەگریۆ ژێر نابێتەوە، بەڵام لەگریانی ئەمجارەدا هەرگیز (زارا) هێندەی تۆ ئاسوودە نابێت، چونکە زۆرجاریدی ئەو ئەم خۆشییەی تاقی کردبووەوە، دەزانێت کە گریان چ ئارامبەخشییەکی گیانە.

ئەو بەیانییە دەروونێکی شپرزەو خەیاڵێکی فرە ئاڵۆسکاوت هەبوو، هەرچەندت دەکرد نەتدەتوانی باری ئاسایی خۆتوەربگریتەوە, یان راستتر بڵێین: وەك ئەوەی هەیت خۆت بناسیت.

(مرۆڤیش کاتێك کەخۆی لێون دەبێت، ئیدی نازانێت لەکام دەروازەوە لەدووی خۆی بگەڕێت، سەر بەهەر کونێکدا دەکات، نامۆیە لای، لەمەش ئەستەمتر ئەوەیە، ناتوانێت رێ بەرێتەوە سەر ئەو دەروازەیەی کەلێوەی هاتووەتە ژووری، بەمشێوەیە هەتا هەنگاو بنێت، رایەڵەی زیاتر لەقاچو پلی دەئاڵۆسکێنو هەر بەجارێ شەکەتو مجرۆی دەکەن).

دروست ئەو بەیانییە تۆشوات بەسەرهاتبوو.

بەشێکی دڵو خەیاڵت هەر لەلای (زارا) بوو، وەکی ترو یەکەمجارت بوو، کەبەزەیت بەخۆتدا بێتەوە، ئەمەش باری دەروونیتی چەند هێندەی تر شپرزە کردبوو.

لەلایەکی تریشەوە زۆر لەوە دەترسایت تووشی گێچەڵێك ببیتو لەکاتو شوێنی خۆیدا نەگەیتەوە بەهاوڕێکانت.

(رێبوار گیان، دەڵێن: وەزع زۆر خراپە، دەخیلت بم لەپێشمەرگەکانی هاوڕێت دانەبڕێیت..)

ئەم قسەیەی (زارا) لەجیاتی ئەوەی گورجت بکاتەوە، یانوزەو توانا بدات بەهەنگاوە سستەکانت، چۆن ئاسکە کێوییەك، یان شێرێك دەکەوێتە تۆڕی راوچییانەوە، ئیدی پەلباریکی چ دادێکی کەڵەکێوی نادات بۆ راکردنو دانە جیڕەی شێریش چ کەسێك ناترسێنێت، تۆش ئاوها کەوتیتە تۆڕی ئەو قسەیەی (زارا)وە، خورپەو ترسێکی ناوەخت بەدڵتداهات.. زۆری نەمابوو بەلادا بێیتو بکەویت، بەڵام لەبەرئەوەی هێشتا کازیوە هەڵنەهاتبوو بەری خۆت بەتەواوی نەدەبینی، قاچی راستت لەبەردێك هەڵکەوت, خەریك بوو بەدەمدا بڕمێیت، هەر ئەوەبوو نەکەوتیتو لەنگەری ئاسایی خۆتوەرگرتەوە، لەپاش ئەمە، تەواوی ئەو رایەڵانەی کە لەقاچو پلت ئاڵابوون، کرانەوەو بەهۆش خۆتدا هاتیتەوە.

ئەوکاتەی کە گەیشتیتە سەر یاڵەکە، ئاورێکی دواوەت دایەوە، ئەگەرچـــی زۆر لەگونـــد دوور نەکەوتبوویتـــەوە، بـــەڵام لەوبەرزیەوە، هەرگیز گوندەکەتانت بەو شەنگییە نەبینیبوو.. هەر دەتگوت کیژە تاقانەی ناو ئەفسانەکانە، ئەو کیژەی کە لەشەنگیداوێنەی نەبوو لەسەر زەوی، لەگەڵ شەش براکەیدا داوەتی ئاسمان کرانو لەوێ بوون بەحەوت ئەستێرە، کە ئێستا پێیان دەڵێن: حەوتەوانە.

ئەوکاتەی گەیشتیتە سەر یاڵەکە، تازە هەتاو هەڵهاتبوو، بەتیلەی چاو لەپشتی شاخە بەرزەکانی بەرامبەرتەوە خۆی نیشانی گوندو دەشتو دەری دەوروبەرت دەدا، تیشکی زێرینی هەتاوی ئەو بەیانییە، لەتارایەکی زیوین دەچوو، کە درابێتە سەر بوکێکی ئەفسانەییدا..

ئەگەرچی زۆرت پەلەبوو بگەیتە هاورێکانت، بەڵام دیمەنی جوانی گوندەکەت قەدرێکی زیاتر رایگرتیت.. ئارەقێکی زۆرت دەردابوو، هەرواش هەناسەبڕکێت پێکەتبوو، لەمکاتەدا چەکەکەت لەشان هێنایە خوارەوە، روو لەئاوایی پشتت بەیەکێ لە تاوێرەکانەوە ناو جگەرەیەکەت گردا..

هەتا جگەرەکەت تەواوکرد، هەزارویەك خەیاڵ بەمێشکتدا تێپەرین، هەرواش هەزارو یەك دیمەنت بینی، پچرپچڕ هەر جارەو بیرت لەشتێك دەکردەوە، خەیاڵت رێك لەمۆنتاژی دیمەنی ئەو فیلمانە دەچوون کە هەرگیز چاو فریایان ناکەوێت کە بەتەواوی بیان بینێتو لێیان حاڵی بێت.. کاتێك بەخۆتزانی، سەرت داخ ببوو، چونکە هەتاو بەتەواوی هەڵ هاتبوو.

هەستایتە سەرپێو بەناچاری کەوتیتەوە رێ، کاتێك لە یاڵەکە شۆڕ بوویتەوە ئیدی ئاواییت لێوە دیارنەما.

هەتا دەمەو ئێوارەی ئەو رۆژە هەر بەرێوە بوویت... باش لەیادت نییە کە بەدەمرێوە بیرت لەچیو چی دەکردەوە، بەڵام لەیادتە کە (زارا) میوانی هەموو داڵغەو خەیاڵەکانی نەك هەر ئەو رۆژەت، بگرە دوو مانگو نۆ رۆژی تریش بوو، کە تۆ بەجێت هێشتبوو.

ئێوارەی ئەو رۆژە لەکاتو شوێنی دیاریکراودا گەیشتیتەوە بەهاورێ پێشمەرگەکانت.

(لێرەدا داوای لێبوردن لەهەموو لایەك دەکەیت، کە ناتوانیت بەتەواوی رووداوی ئەو دوومانگو چەند رۆژە بگێڕیتەوە، کە لە (زارا) دابڕابوویت، دەزانیت زۆرێك لەخەڵکی بەسەرهاتی ئەوکاتەی ئێوەیان لەرادیۆوە گوێ لێبووە)، بەڵام ئەوەی کە هەرگیز لەیادت ناچێت، ئەوە بوو، کە تۆو چەند هاورێیەکت، وەکو بەرخی لەران دابراوو بەجێماو بەرێیەکی چۆڵدا خۆشتان نەتان دەزانی بەرەو کوێ هەنگاو دەنێن، لەپڕ دوو بەرخ

لەبەرخەکانی هاوڕێتان، ئیستی لیٚ کردن، ئینجا بەبەرچاوتەوە دوو بەرخەکە کەڵبەو کلك‌و گوێی تازەیان لیٚ روا، رێك بوون بەدوو گورگی برسی، تۆ فریاکەوتیت‌و تەقەی خۆتت کرد، بەڵام لەچاو تروکانێکدا باقی هاوڕێکانی ترت کەوتنە بەر کەڵبەیان، هەر لەجێدا بوون بەخۆراکی دوو گورگە برسێکە، تۆ بە تەنیا نەت دەزانی روو لەکویٚ بکەیت، دواجار لەو شوێنەی کەژیانی تیا قاتی بووو مەرگوەك پاسەوانێك لەچاوەڕوانیتا بوو، گەردەلوولی خەیاڵی (زارا) لەگێژەنی خۆی نایت.. بەرەو ئاوایی بۆلای (زارا) گەڕایتەوە...

***

ئێستا تۆ دوو مانگ‌و دە رۆژە (زارا) ت بەجێهێشتووە، بەڵام دروست بەپێچەوانەی ئەو رۆژەی کە جێتهێشت، فرە دڵخۆشیت..

هەر چەند هەنگاوێکت ماوە کە بگەیتەوە سەر یاڵەکە، ئەو یاڵەی کە دەڕوانێت بەسەر گوندو ناوچەکەدا.

ئەوکاتەی گەیشتیتەوە سەرکەل، خۆر بەرەو ئاوابوون دەچوو، هەتاو بەو گەورەییەی خۆیەوە، هەر ئەوەندەی لەگەنێکی مابوو، کەوتبووە پشتی دار چنارە بەرزەکانی پایانی ئاواییەوە، ئەمجارە، بە پێچەوانەی جاری یەکەمەوە، خۆر لەجیاتی تارای زیوین، لەسەر پۆشێکی خۆڵەمێشی دەچوو.

گەیشتیتەوە لای تاوێرەکە، بەڵام نەلاتداو نەجگەرەکەت گرِدا، ئەمجارەیان زۆر دیقەتی دیمەنی ئاواییت نەدا، تۆ گەرچی زۆرت مابوو بگەیتەوە ناو ئاوایی، بەڵام خەیاڵت بەدوو قەڵەمباز خۆی گەیاندەوە لای (زارا). هەرکە لەدەگاکە چویتە ژوریٚ، (زارا) باوەشی بۆکردیتەوە، تێرتێر ماچی ناو دەمی یەکتان کرد، هەر لەهەیوانەکەدا لانکەیەك دانرابوو، پۆپەشمینێکی تەنك کرابووە چەتری، بەهەنگاوێك خۆت گەیاندیٚ، چی ببینیت، منداڵێکی قشتیلەی ناسك، چاوەکانی هەر دەتگوت نێرگسن، زۆر لەسەرخۆ ماچێکی سەر گۆنایت کرد، کە هەر لەپەڕەی گوڵ دەچوو، بۆنیشی خۆش‌وەکو شەمامە.

ئینجا چووی بۆلای دایکت، هەردوو دەستی ئەویشت ماچ کرد، ئەویش تێر بۆنی پێوە کردی....

کاتێك دەستت بەئاسمانەوە بوو، لەدڵەوە شوکری خوات دەکرد، ئەمجارەش قاچی راستت لەبەردێك هەڵکەوت، زۆری نەما بەدەما برمێیت..

ئاوها تەواوی خەیاڵەکەت کە گەیشتبۆوە لای (زارا) لیٚ تێکچوو، لەم کاتەدا بزەیەك کەوتە سەر لێوت، لەگەڵ ئەوەی هەر هەنگاوت دەنا، لەناخەوە هەندیٚ گاڵتەت بەخۆت کرد...

***

ئـەوا گەیشـتیتە نـاو ئـاوایی، نـەخێروەکو چـۆن لەسـەرەتای چـیرۆکەکەوە گوتمـان، بەشـەکەتی، بـەڵام بەوپـەڕی شـادیو دڵخۆشییەوە گەیشتیتەوە بەردەم دەرگا دارینەکەی خۆتان...

بەئومێدی ئەوەی، کە (زارا) بێتو دەرگات لێبکاتـەوە، چونکە دەزانتیت دایکت پیر بووەو توانای دەرگا کردنـەوەی نـەماوە، هەرکـە دەسـتت گەیشـتو نەگەیشـتە دەرگاکـە، دەرگاکـە جیڕەیـەکی لێوەهـاتو بەپشـتا بۆتوالآبـوو.. هێشـتا قاچـی راستت نەگەیشتبووە ئەودیوی دەرگاکـە، ئـەو قسـەیەی باوکـت هاتەوە یاد، کە دەیگوت:

(کوڕموریای باڵەکانی دەرگاکە بنوشك نـەبێت، هەمیشـە بـەڕۆن چـەوری بکـەن، دواجـار لەکردنەوەیـدا جـیڕەی نـاخۆش دەبێت...).

لەمکاتـەدا لەدڵـەوە هەنـدێ سەرزەنشـتی خۆتـت کـرد، کـە فەرمایشـتەکانی باوکـت لـەیاد کـردووە... بـەڵام ئەمانەتوەلاوەناو هەر هێندەی بڵێی یەكو دوو، گەیشتیتە ناو حەوشـەکە، هـەر بـەپێوە بوویـت (بـۆرە) پێشـوازییەکی باشـی لێکردیـت، ئەوەنـدەی نـەمابوو بەسـینگو بەرۆکتـدا خـۆی هەڵواسـێت، تـۆش دانەویتـەوەبۆیو دەسـتێکی سـۆزو میهرەبانیـت بەسـەرو پشـتیدا هێنـا، هەنـدێك نـان کـە لەگیرفانەکانتدا مابوون، بۆت خستە بەردەمی ....

لەسێبەری هەیوانەکـەدا چـاوت بـەلانکێك کـەوت، بەهـەنگاوێك خـۆت گەیانـدە لای، جگـە لەدەسـترازەیەکی گـوڵ گـوڵیو مەمەیـەکی مندالآنـە، هیچـی دی تیانـەبوو، گەڕایتـەوە بـۆلای (بـۆرە)، لـەم کاتـەدا چـاوی (بـۆرە) لـەگۆمێکی مـەنگو قـوڵ ئەچوو...

(بۆرە) ئەگەرچـی هـەتا ئەوکاتـە گـەماڵ بـوو، بـەڵام لێـرە بـەدوا خـۆی پێڕانـەگیراووەکو مـرۆ دایـە پرمـەی گریـان، لەمکاتـەدا دەنگێك کەبۆ تۆو بۆرە زیاتر لەکـەڕەنای رۆژی دوایـی دەچوو، نەتزانی لەکوێوە پەیدابوو، پێی گوتیت:

ئێوارە بوو، زیلیان ریزکرد

بەیەکەوە باجی (زارا)و مەڕو بزنی ئاواییان تێکرد

رەزیان شێلا، کانییەکانیان ژەهر خواردکرد

کە کەوتنەڕێو گوندیان چۆڵکرد

لەدوورەوە..*

ئیـدی لـەوە حـاڵی بوویـت، کـەدایکتو (زارا)و منداڵـە تـازە زاکەتان، کە نەتزانی کچ بووە یان کوڕ، وەك هەزاران مرۆڤی تر بەر پەلاماری ئەنفال کەوتوون..!

چـاوی (بـۆرە) لـەگۆمێکی قـووڵ دەچـوو، زۆری نـەمابوو بـەلادا بکەوێتو بمرێت، لەم کاتەدا تۆ هاتیتە دەستو خۆت فڕێدایـە

ناو گۆمی چاوی (بۆره)وه.. ئیدی نهتزانی (تۆ) یان (بۆره) لهپێشدا گیانتان دهرچوو.

* کۆپله شیعرێکی (شێرکۆ بێکهس)ه.

# زهلال*

پێشکهش به (زهلال) ئهو کچه عاشقه شۆڕشگێڕهی، کهنازانم ئێستا لهکوێیهوه چی لێهات!!

چیاکانیش وەکو جەستەی من تەزیبوون، بەفروەك كفن باڵاپۆشی هەموویان بوو، بەڵام ئەوان چ باکیان نەبوو، بەم تەزینە راهاتبوو، هەرچی جەستەی من بوو لەناو ئەشکەوتەکەدا، کەهەم زیندانیش بوو، وزەی لەبەر بڕابوو، زمانم کەجاران دەتگوت چیکەنەیە، لەگۆ کەوتبوو هیچی بۆ نەدەگوترا.
زۆر دەترسام ئەم حاڵی تەزینە درێژە بکێشێت و بمباتە قۆناغی رچین و بەستنەوە.
(مرۆڤ کاتێك دەزانێت مەرگی نزیکبووەتەوە، چەند هێندەی تری عاشقی ژیان دەبێت، بەئامان و زامان لێی نابێتەوە).
بەڵام لەودیو پێستە تەزیوەکەمەوە، خوێنی ناو لەشم وەکو کورەیەکی داگیرساو گەرم بوو، هەرچی درزو کوچەو کوڵانی ناو لەشم هەبوو نێڵە نێڵ دەسووتاو، گاڵتەیان بەسەرماو تەزین و رچین دەهات، شۆڕشێکی سەیریان هەڵگیرساندبوو، کەهیچی لەشۆڕشە رزگارییەکانی مرۆڤ نەدەچوو.
خوێنە گەرمەکەی ناو لەشم وەکو عاشقێکی دڵسۆز بۆ ژیان لەگەڵ مەرگدا کەوتە شەڕێکی بێئامانەوە، خۆیان نەدا بەدەستەوە، زۆر چاپووکانە دەهاتن و دەچوون، ورەیان دەدایە جەستەی تەزیوم، هەرواش دڵنەوایی رۆحی شەکەتیان دەکردم.
ئەگەر چیش دەمزانی هەڵاتن لەدەست مەرگ گەوجییە، وەلێ ئەوان گوێیان بەمە نەدا.
خوێنە گەرمەکەی ناو لەشم لەپێشداورەو تینیان دایەوە بەچاوەکانم، کە ئەوکاتە وەکو دوو مۆمی کوژاوە سیس هەڵاتبوون.
لەدەوروبەری خۆم روانی، هیچی نوێم بەدی نەکرد، وەکو جاران پاسەوانەکە، کە کۆنە هاوڕێی خۆم بوو، لەودیو پەنجەرە بەندەکەی ئەشکەوتەکەوە، یان راستر بڵێم زیندانەکەوە، دەهات و دەچوو.
هەڵۆیەك کەنەمزانی لەکوێوە پەیدابوو لەسەر تاوێرە رەقەنەکەی بەرامبەرمانەوە هەڵنیشت، قاچەکانی لەناو بەفرەکەدا، کەدەتگوت پەشمەکە نقومبوون، هەڵۆکە تاوێك لەدەوروبەری خۆی روانی، پاشان هەڵبەزی و جێپێی خۆی

لەسەر تاوێرەکە باشتر قایمکرد، بەقاچەکانی بەفرەکەی بەملاولادا پەخشکردو هەڵکوڕما، ئەمەیان بۆمن سەبوورییەکی باش بوو، چاوم لەچاوی هەڵۆکە بڕی‌و نەمدەتروکاند، ئەگەرچی لەنێوان من‌و هەڵۆکەدا جگە لەپەنجەرە بەندەکە، تەمێکی سپی هەبوو نەیدەهێشت بەڕوونی روخساری ببینم، بەڵام جارجارە تەمەکە دەڕەوییەوەو جلکێکی تەنکتری دەپۆشی، ئیدی لەوکاتەدا، چۆن لەئاوی کانییەك دەڕوانم، ئاوها لەچاوانی زەلالی هەڵۆکەم دەڕوانی، بێدەربەستانە لەگۆمی چاویدا کەوتمە مەلەکردن، بەم گەمەیە جەستەی تەزیوم خاو بووەوەو گوڕوتینێکی باشی پێدا هاتەوە.
لەم کاتەدا حەزمدەکرد ببمە دڵۆپێك ئاوو لەچاوی هەڵۆکەدا بتوێمەوەو بۆ هەتا هەتایە نەیەمە دەرێ.
بەڵام هەی هوو، من لەکوێ‌و هەڵۆکە لەکوێ؟
من لەمدیو پەنجەرە بەندی ئەشکەوتەوە، بۆ ئاو خواردنەوەو چوونە پێشاوێك دەبوو مۆڵەت لەپاسەوانەکە بخوازم بمباتە دەرێ، بەمەرجێ زۆر بەپەلە تەدارەکی خۆم ببینم‌و لەگەڕانەوە دوانەکەوم، نەبادا ئەویش تووشی گێچەڵێك بێت، پاشان‌وەکو کوێر دەستم بگرێت‌و بمهێنێتەوە ژوورەوەو دەرگاکەم لەسەر قفڵ بکاتەوە.

وەلێ هەڵۆ هەر کاتێ بخوازێت دەتوانێت بفڕێت، ژێرو ژوورو چەپ‌و راستی ئاسمان تەیدەکات، کێ دەتوانێت رێگری بێت؟
(مرۆڤ هەتا یەخسیر نەبێت، بەتەواوی لەنرخ‌و بەهای ئازادی ناگات).
ئەمە قسەی کۆنە هاوڕێ‌و مامۆستاکەم بوو، کە دەساڵ لەپێش ئێستا لەکۆبوونەوەیەکی دووقۆڵی نهێنیدا پێی گوتم.
حەزمدەکرد بەرایەڵەی ئەو یادانەدا بچمەوەو روپەڕێکیان لێهەڵدەمەوە، وەلێ سەرما نەیهێشت بەڕوونی ئەو رۆژانە بهێنمەوە پێشچاوی خۆم.
هەتا ئەم کاتە پاسەوانەکە بێئاگا بوو لەدیقەت‌و هەڵکوڕمانی هەڵۆکە، هەڵۆکە قەدەرێك بووەکووێنەگرێکی بەئەزموون، بەچاوە تیژو زەلالەکانی زۆر لێزانانەوێنەی من‌و زیندانەکەو هەنگاوی پاسەوانەکەی دەگرت.
پاسەوانەکە هەرکە چاوی بەهەڵۆکە کەوت، کە لەخاڵێکی رەش دەچوو لەناو بەفرەکەدا، لەجێی خۆی راوەستاو هەڵوەستەیەکی کرد، پاشەوپاش دووهەنگاو کشایە دواوە، لەگەڵیدا تفەنگەکەی لەشانی هێنایە خوارەوە، فیشەکێکی لێخوڕی، لاونیو بۆی دانیشت، ئەژنۆی چەپی خستە سەر بەفرەکە، تفەنگەکەی لەسەر قاچی راستی دانا، قۆناغەکەی لەشانی راستی گیرکرد، ملی بەلای راستیدا خوارکردەوە،

چاوی چەپی نوقاند، چاوی راستی خستە سەر جێنیشانەکە، سیرەی لەهەڵۆکە گرت، پێش ئەوەی تفەنگەکە بتەقێنێت، هەڵۆکە دووجار باڵە درێژەکانی بەیەکداداو بەرەو قوڵایی ئاسمان هەڵفڕی.

لەم کاتەدا من ئەگەرچی لەمدیو پەنجەرە بەندەکەوە زیندانیکرابوومو هەموو جەستەشم تەزیبوو، بەڵام هەرچی خەون و خەیاڵ و خولیاو خۆزگەی کۆن و نوێم هەبوو لەگەڵیدا هەڵفڕین، هەڵۆکە بوو بەپەیکی ئەندێشەکانم و بۆ رۆژگارەکانی دە ساڵ لەپێش ئێستای گەڕاندمەوە.

ئەوکاتە من تەمەنم چواردە ساڵ بوو، کچەکانی هاوڕێم کەوەکو خۆم تازە فەریك بوون، بەدزی دایك و باك و براکانیانەوە، گەندەمووی دەمو چاوو دەست و مەچەك و قاچەکانیان کردبوو، برۆشیان قەیتانی، تازە هەڵگرتبوو، بۆ ئەمەی دواییان هەندێکیان کەوتنە بەر نەفرەتی باوك و براکانیان، بەڵام ئەوان بێدەربەست بوون، زۆر لەوە سرکتر بوون بەو هەڕەشانە رام بن و بێنە ژێر باری ترس و ئامۆژگارییەکانیانەوە، بەعیشوەوە لەبەردەم کوڕە لاوەکانی شاردا خۆیان بادەداو دەهاتن و دەچوون.

منیش زۆرم حەزدەکرد وەکو ئەوان بکەم، وەلێ جگە لەشەرم، ئامۆژگاری مامۆستاکەشم، کەدواجار بوو بەهاوڕێی دژوارترین رێگەم، لێم نەگەڕت.

مامۆستاکەشم زۆر سەرزەنشتی کچە هاوڕێکانی کردم، پێی دەگوتم: (زەلال نەکەی تۆوەکو ئەوان بێشەرم بیت، دەبێت بزانین جوانی روخسارو سیما، وزەو رۆحێکی درۆزنانەیان هەیە، هەرچی زووترە دەبێت ئەو رۆحە بکێشیت، چونکە ئەو نازو عیشوەو خۆبادانانە جگە لەفریودان و خەڵەتانی چاوە برسییەکان هیچی تریان پێناکرێت، خۆشت باش دەزانیت کەئێمە لەتۆکمەکردنی ریزەکانماندا چەند جاویدانانە کاردەکەین و بیردەکەینەوە، (زەلال)وریابە نەکەی بەقسەو رەفتاری ئەهریمەنانەی ئەو هەوەسبازانە بخەڵەتێیت...).

قسەکانی مامۆستاکەم تەواو سڕیکردم، لەو رۆژەوە قژەکەشم، کەهەتا خوار ناوشانم هاتبوو، وەکو پێویست دانەدەهێنا، هەردوو گۆی مەمکەکانم کە لەدوو گێلاسی نەگەیوو دەچوون، دەبوو زۆر بەوریاییەوە بیانشارمەوە، نەبادا دەستی نەگریس و چاوی برسی بیانگاتێ، لەشوێنێکی هێندە قایم هەڵیانم گرتبوو، مەگەر هەر خۆم، ئەویش لەکاتی خۆشتن و زۆر بەشەرمەوە لێیانم بروانیایە.

مەمکەکانم وەکو ئێستام دیل و یەخسیر بوون.

من ئەوکاتە کەبالآم لەخلفە چناریکی یەك سالە بەرزتر نەبوو، تفەنگیکیان دایە دەستم، فەرماندەکەمان پیاویکی بەویقارو سامدار بوو، منی بەهاوڕیکانم ناساند:

(ئەمە زەلالە، بەوەنییە کەمندالە، ئەو دەمیٚ سالە لەڕیزەکاندا لەگەلماندایە، ورەو تواناشی لەتەمەنو بالآی مەزنترە).

هاوڕیکانم کەوەکو خۆم هەموو چەکداربوون لەپایانی دۆلەکەدا زۆر نیزامیانە راوەستابوون، فەرماندەکەمان بەمنی گوت:

(زەلال بۆ لەمەودوا دەبیت دوو شتت لەخۆت خۆشتر بویت، چونکە مانەوەو کەرامەتی تۆو هەموومان بەم دووەوە پەیوەستە, یەکەم: دەستی دایە ئالآکەی لای دەستی راستیو دووجار بەلای راستو چەپدا رایوەشاند...).

گوتی: (ئەم ئالآیە، یان دەبیت هەر شەکاوە بیت، یان دەبیت ببیت بەکفنت)...

لەم کاتەدا تەزیکی ناوەخت، کەپڕبوو لەترسو سلەمینەوە بەلەشمدا تیپەڕی، بەلآم لەخۆمم بارنەکرد، لەجیی خۆم نەجولآم، فەرماندەکەمان گوتی: (دووەمین شت چەکەکەتە، کەهەموو مەزنیو پیگەی تۆ لەئەودا چڕ بوونەتەوەو...).

من کە تائەوکاتە گوییەکانم ئاشنای ئەم تەرزە باسانە نەببوو، خەیالم رۆیشتبوو بەتەواوی ئاگام لەفەرمایشتەکانی تری فەرماندە نەما، بەلآم لەپڕ کاتیك بۆ جاریکی تر ناوی منی هینایەوە، بەئاگاهاتمەوە.

بەدەنگیکی بەرز گوتییەوە:

(زەلال لەهەموو ئەمانە گرنگتر، دەبیت بزانیت کەنەك هەرتۆ، بگرە هەمووماد لەئاستی فەرمانەکانی سەرۆکدا زۆر مندالو نەفامین، وریابە سەرۆك هەرچی فەرموو، نەك هەر راستە، دلنیابە بیٚ فەندو حیکمەت نییە، چونکە...).

ئیدی نازانم فەرماندە چیتریشی گوت.. بەلآم لەوڕۆژە بەدواوە من کەجگە لەخۆشەویستی هیچی دیم شك نەدەبرد، دەبوو رقم لەهەموو ئەوکەسانە، ئەو شتانە بیت، کەسەرۆكو فەرماندە رقیان لییە.

نازانم چیم کردو چیم کوشت، بەلآم لەگەل تیپەڕبوونی رۆژو هەفتەو مانگو سالدا، من لەناو هاوڕیکانمدا مەزنتر دەبووم، چونکە تا ئەوکاتە توانیبووم ئالآکە بەرز رابگرمو لوولەی تفەنگەکەشم هەمیشە گەرم بوو، فەرمایشتەکانی سەرۆکم کردبووە رۆشنکەرەوەی ریم.

بەلآم لەناخمدا، ئاخ کەئەستەمە بتوانموەکو خۆی باسیبکەم، دەعبایەك، کەنازانم ناوی چی لیبنیم، هەمیشە لیم راست دەبووەو دەیکوتام، نەیدەهیشت ئاسودەبم، لەدوای هەر کاریك کەئەنجامممدەدا دەکەوتە سەرزەنشتم، من سەرەتا ئەو دەعبایەم

بەهەندوەرنەگرت و لەخۆمم بارنەکرد، چونکە نەنکم زۆرجار پێی گوتبووم:
(هەرچی دەکەن بیکەن، بەڵام زۆروریابن خێڵی جنۆکان نەچێتە لەشتانەوە، ئەوان هێندە سرکن، بۆ خۆشتان نازانن کەی و چۆن زەفەرتان پێدەبەن...).
من سەرەتا ئەمەم هەر بەشتێکی وادەزانی، وەلێ مەسەلەکە لەوە گەورەتر بوو، کەمن بەو ساویلکەییە لێم دەڕوانی.
جگە لەو دەعبایە، جەستەم، کە تا ئەوکاتەوەکو سێو لوس و ساف بوو، ئاڵۆشێکی پێکەوتبوو، مەگەر جارجارە بەخەوی شەوانە، وەگەر نابە هیچ دانەدەمرکایەوە! ئەگەر سەرۆك، یان فەرماندە بەحاڵی ئاڵۆشی جەستەمیان بزانیایە کارەساتێك دەقەوما، ئەوان زۆرجار دەیانگوت:
(ئێمە زۆر باش دڵنیاین کەچەك و جبەخانەی دوژمن ناتوانن ورەی پۆڵایینی ئێوە بڕوخێنێت، بەڵام وریابن، ئاڵۆشی جەستەتان، کەنزیکترین دوژمنی ناختانە، لەخشتەتان نەبات، دواجار هەموو قارەمانێتییەکتان بۆ دەکات بەخیانەت، وریابن، پێویستە رۆژانە رەجمی ئەو ئاڵۆشی جەستەیە بکەن، ئەگەر رۆژێك فەرامۆشی بکەن، لێتان دەبێت بەهەوشار، بەئەژدیهاو سەرتان دەخوات...).

قسەکانی سەرۆك و فەرماندە تەواو راست بوون، هەتا ئەوکاتەی ئاڵۆشی جەستەم تاساند بوو، من مەزن و قارەمان بووم.
وەلێ دواجار... ئاخ دواجار... ئەو ئاڵۆشە سەری خۆم و کوڕە هاوسەنگەرەکەی خواردم.
من کە تا ئەوکاتە رەفتارو کردەوەم لەلای سەرۆك و فەرماندەو هاوڕێکانم وەکو ناوەکەم (زەلال) بوو، کەدەمێك بووەوەکو ئەڵقە لەگوێمدا بوون.
من ماوەیەکی زۆر بوو لەلای کوڕە هاوسەنگەرەکەی هاوڕێم گوڵێکی بۆنخۆش بووم، ئەویش وەکو هەنگ لەدەورم دەگەڕا.
تاریکە شەوێکی درەنگ بوو، کوڕە هاوسەنگەکەم ویستی هەناوم هەڵمژێ، منیش بۆ ئەم گەمەو راموسانە تەواو سازو ئامادەبووم، لەبەردەمیدا دەساژۆ، جوڵەم لەخۆم بڕی و نەبزوام، هەر کەدەمی گەیشتە دەمم، ئاسمان بروسکەیداو دنیا بوو بەچراخان.
فەرماندەو هاوڕێ بێوەفاکانم گەیشتنە سەرمان، هەر لەجێدا چۆن مێشێك دەکوژی، ئاوها دەزگیرانەکەمیان کوشت، منیشیان باڵبەستکرد، لەو رۆژەوە کەوتمە بەر نەفرەتی فەرماندەو بەفەرمانی سەرۆك خرامە زیندانەوە.
ئێستا جەستەم لەم دیو پەنجەرە بەندەکەی ناو ئەشکەوتەکەوە، رێك لەپارچە سەهۆڵێك دەچێت، تەواو لەجووڵە کەوتووە، پێستی لەشم وەکو دەشتێکی وشکە ساڵ زەرد هەڵگەڕاوە، لەودیو

پێستەکەشمەوە شەپۆلی خوێنە گەرمەکان کەماوەیەکی زۆر بەهاژەو لرفە بوون، لەخوڕە کەوتوون، هەستمدەکرد هەرچی جۆگەلەو مولوولەی خوێنم هەیە هەمووشکبوون.

لەودیو پەنجەرە بەندەکەشەوە، وەکو جاران پاسەوانەکە هەردەهاتو دەچوو، لەقوڵایی خەیاڵی خۆیدا مەلەیدەکرد، ئاگای لەمن هەر نەمابوو، لەبیری چووبووەوە، کەئەو پاسەوانی منەو دەبێت زۆروریابێت نەبادا هەڵبێم.

جەستەم کە بەتەواوی مردبوو، بەڵام رۆحیانەتم، وەکو رۆحیانەتی پیرۆزی مەسیح هەر زیندووبوو.

گیانە پیرۆزەکەم لەکونی پەنجەرەکەوەو بەبەرچاوی پاسەوانەکەوە، کەکۆنە هاوڕێی خۆم بوو هاتەدەریٚ، ئەو ئاگای لەم کەینو بەینە نەبوو، بێهودە هەنگاوی دەناو دەهاتو دەچوو.

لەم کاتەدا چاوم بەهەڵۆکە کەوتەوە، کەدەمێك بوو پەیکی ئەندێشەکانم بوو، گیانی پاکیزەیی من چووە ناو جەستەی هەڵۆکەوەو لەئەودا بەرجەستە بووم، ئیدی بووم بەهەڵۆ.

وای لەو خۆشییە! لەچاوتروکانێکدا هەموو شتێکم بینی، کەمن ناتوانم بیانگێڕمەوە، بەڕاستو چەپدا شێتانە بەئاسماندا مەلەمدەکرد، لەپاش گەشتێکی دوورودرێژ، بۆ پشوودان لەسەر تاوێرە رەقەکە، کە لە بەفردا سپی دەچووەوە هەڵنیشتمەوە، لەم کاتەدا پاسەوانەکە بەئاگاهاتەوە، لەجێی خۆی راوەستا، هەڵوەستەیەکی کرد، پاشەوپاش دوو هەنگاو کشایە دواوە، لەگەڵیدا تفەنگەکەی لەشان هێنایە خوارەوەو فیشەکێکی خستەبەر، لاونیو بۆی دانیشت، ئەژنۆی چەپی خستە سەر بەفرەکە، تفەنگەکەی لەسەر قاچی راستی دانا، قۆناغەکەی لەشانی راستی گیرکرد، ملی بەلای راستدا خوارکردەوە، چاوی چەپی نوقاند، چاوی راستی خستە سەر جێنیشانەکە، سیرەی لێگرتم، پێش ئەوەی هەڵفڕم، تفەنگەکەی چرکاند، لەیەك کاتدا، لەدیو پەنجەرە بەندەکەی ناو ئەشکەوتەکەوە جەستە سەهۆڵینییەکەم بەلادا هاتو کەوت، لەم دیو پەنجەرە بەندەکەشەوە، بەفری سەر تاوێرە رەقەکە سوور بوو یەك پارچە بوو بەخوێن. ئیدی نەمزانی پاسەوانەکە لەپێشدا گەیشتە سەرکاممان.

**سلێمانی**

**ئەیلولی** 2001

* ( زەلال )واتا ئاوی روونو پاك . ناوی مرۆڤە. زیاتر بۆ ناوی کچ دەشێت.
* ئەم چیرۆکە خەڵاتی دووەمی یەکەمین فیستیڤاڵی ئەدەبی ژنانی بەدەستهێنا.

## گەڕانەوەی تارماییەکەی ژەنەڕاڵ

**لەم سەرزەمینەدا بۆ پیاو هیچ شتێك لەجەنگ بەنرختر نییە، هەموو چێژو خۆشییەکانی دنیا ناگەنە چێژوو خۆشی جەنگ..**

**تەیمووری لەنگ**

راوەستانەکەم راوەستانێکی سەربازییە، جەستەم لەخاچێکی یەك باڵ دەچێت، دەستی چەپم بەلەشمەوە جووت بووە، بەرەو خوار شۆڕبۆتەوە، قامکەکانم لەخوار کەمەرەوە لە ریزی یەك‌و بۆ ناوەوە نوشتاونەتەوە. دەستی راستم‌وەکو کلکی دووپشك هەڵگەڕاوەتەوە بۆ لای سەرم. پەنجەکانم کراوەیە، بەبرۆو لاچاوی راستمەوە لەنگەری گرتووە. هیچ نابزوێم. بەوردی لێم بڕوانە، وا دەزانی هەناسەش نادەم، سەرو ملم لە بنچکە خڕنووك دەچێت، قاچەکانم‌وەکو دارێکی رەگ داکوتراو قایم‌و مەحکەم راست‌و رەپ لەجێی خۆیان رەق بوونە..

راوەستانەکەم تەواو راوەستانێکی سەربازییە، سڵاوی یەکبەیەکی سەربازەکانم‌وەردەگرم، کە دەستە دەستەو پۆل پۆل دێنە خزمەتم، سڵاوی سەربازی خۆیان پێکەشی ئەستێرە درەشاوەکانی سەرشانم دەکەن, منیش بەهەمان دەستوور بەبێ‌ورتەو جوڵە پێشوازی لە سڵاویان دەکەم، پاشانیش بەهەمان دەستوور سڵاوی پڕ شکۆی خۆمیان دەدەمێ..

نابێت ببزوێم، چونکە جوولآن لەم شوێنەدا سوکایەتییەکی گەورەیە بۆ ئەستێرەکانی سەرشانم.

(شورەییە، بۆ ئەفسەرێکی دەرەجەداری گەورەیوەکو من گەر نەتوانم خۆم ڕابگرم لە پێشوازی ڕۆژێکی ئاوها مەزندا).

(خۆم سەربازەکانم ڕاهێناون، هەر خۆشم کردویانم بەم پاڵەوانەی کە ئەمڕۆ دەیانبینن. ئەمە تەنها نمایشێکی سەربازی نییە، بەڵکو ڕاهێنانو خۆئامادەکردنە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەرگدا.. نەك تەنها ئەم چەند ساتە کورتە، بەڵکو دەبێت بۆ چەند شەوو ڕۆژوەکو داوڵ بچەقمو نەجوڵێم).

(ئینجا چییە، بۆ ناتوانم!).

ئەمڕۆ بۆ من ڕۆژێکی مێژووییە، لەو ڕۆژانەیە کە پلەو پایەی سەربازی منی تیا مەزنتر دەبێت، لەو ڕۆژانەیە کە کەمجار ڕێدەکەوێت خۆمو ئەستێرەکانی سەرشانم هێند ڕێزلێگیراوبین، وا پۆل پۆلو دەستە دەستە بنیادەم بەجلوبەرگی تایبەتی سەربازییەوە بەرێدەخەم بۆ دەشتاییە بەرینەکان.

ئەمڕۆ بۆ من لەو ڕۆژانەیە دەبێتوەکو هەل بیقۆزمەوەو لەدەست خۆمی نەدەم..

ئەمڕۆ ڕۆژی تۆڵەیە، تۆڵە لە ڕۆژانی ڕابردووم، تۆڵە لە باوکم، لەهەموو کەس...

بەڵام هەرچەند دەکەمو دەکۆشم هێز لەقاچەکانم نەماوە، ناتوانم لەوە زیاتر خۆم بەپێوە ڕابگرم، دەستی ڕاسیشم کە هەر بەلاچاومەوەیە، وەکو چڵە دارێکی ئاولێبڕاو هێدی هێدی بەرەو کزبوونو دابەزین دەچێت، هەردوو چاوم تەواو ماندوو بووە هێندە خێسەم لەدەستو قاچی سەربازەکان گرتووە، کە چۆن بەیەك تایمو بەیەك ئاواز دەچنە حەواو دێنە خوارێ..

گوێیەکانم کپ بوونە، جگە لەو ئاوازە هیچ ئاوازێکی تر ناژنەوم، جەستەیەکی شەکەتو ڕەقو ڕاست، تا دێت شلتر دەبم، بەری دیدەم لێڵتر دەبێت..

لە سێبەرەکەی خۆم ڕادەمێنم، دەبینم جەستەیەکی کەڵەگەتی مەچەك ئەستووریوەکو من، سێبەرو تارماییەکی باریکەڵەی بنجکی هەیە!

ئیتر هێندەی هۆش دەدەمە سێبەرە خڕنوکێکەم، هێندە ئاگام لەنمایشی سەربازەکان نامێنێت، کە دەستە دەستەو پۆل پۆل هەر تێدەپەڕن.

بەدەست خۆم نییە، لەتارماییە بچکۆلانەکەم دەکەومە تێفکرینو موتالآ. ئیدی من لێرەبەدوا جگە لەپەیکەرێکی قوڕین، هیچی تر نیم .. بەتەواوی لەدەوروبەرو شوێنی شیاوی

خۆم، کە ژەنەراڵێکی دەرەجەداری گەورەم دادەبڕێم... بەدووی سەرەداوی‌ونبووی خۆم دەکەوم.. زیاتر لەتارماییەکەمورد دەبمەوە، تەماشا دەکەم قورسایی هەموو جەستەم، بە ئەستێرەکانی سەر شانیشمەوە، سێبەرێکی منداڵانە، یان راستتر بڵێم (قەزەم)ی دروستکردووە.. من بەم مەزنی خۆمەوە، سێبەری منداڵیم بە رۆحێکی زیندووو بەجەستەیەکی گرگنەوە، بەڵام بەدەسەڵاتێکی باڵاوە ئامادەیە! بەتەوەسەوە گاڵتە بەشان‌و شەوکەت‌و ئەستێرەکانی سەرشانم دەکات.

بەئاشکرا پێم دەڵێت:

(ئەمە چییە بۆرەپیاو، بۆوا لەخۆت گۆڕاوی..وا دیارە خەڵکی‌وەکو من ناتناسن. ئەگەر بتناسن دەبێت لەجیاتی سڵاو چیت پێشکەش بکەن؟).

(مەگەر تۆ هەر منداڵە ترسنۆک‌و چڵمن‌و خوێڕییەکەی جاران نیت؟).

زۆری نامێنێت هەموو شتێك بشێوێنم‌و لەخۆم بگۆڕێم. بەراست‌و چەپدا بکەومە لێدانی سێبەرە بێحەیاکەم، بەڵام لەخۆمی تێك نادەم‌و بەئاگا دێمەوە.

*

دەستم هەر بەلا چاومەوەیە، نەجوڵاوم، سەربازەکانیش هەر تێدەپەڕن.. بەڵام‌وتەکانی سێبەرەکەم تەواو نیگەرانی کردوم، بەجۆرێك هەستدەکەم راوەستانەکەم زۆر شل‌و خاوەو لەئاستی جێگاکەمدا نییە، کە (سەکۆی سڵاوی سەربازییە). نابێت بجوڵێم، زۆر لەوە دەترسم کە دەوروبەرو هەڤاڵەکانم ئاگایان لەقسەو گوفتی سێبەرەکەم بووبێت. ئەووتانە تووشی شڵەژان‌و بێئارامییەکی زۆری کردم، زیاتر لەخۆم نامۆم، هەرچەند دەکەم شوێنی شیاوی خۆمم لێ‌ون بووەو بۆم نادۆزرێتەوە، نازانم ئایا هەر بەڕاستی من شیاوی ئەم شوێنەم کە سەدان دەست‌و پێ لەخزمەتی مندا دەچنە حەواو دێنە خوارێ، سڵاو لە ئەستێرەکانی سەرشانم دەکەن؟ یان من منداڵە بودەڵەو ژێر دەستەکەی منداڵانی گەڕەك‌و قوتابخانەم؟ ئایا من هەر منداڵە ترسنۆکەکەی باوکمم؟

ئەمانەو دەیان پرسیاری تروەکو دووپشك جەستە سڕەکەم دەگەزن.. ئەگەرچی تا ئێرە هەر بەڕێزەوە لە خزمەتی مەراسیم‌و نمایشی بەڕێکردنی سەربازەکاندا راوەستاوم، بەڵام ناتوانم بەسانایی‌واز لە تارماییەکەم بهێنم. یان بەهەندوەری نەگرم، کەوەکو جانەوەرێکی ترسناك لێم پەیدابووە. زیاتر لە سێبەرەکەم رادەمێنم، بە نیگا لێی دەچمە پێشەوە، ئیتر ئەویش لەسەرخۆوەکو پاروویەکی چەورو خۆش قوتم دەدات...

*

(من) دەبمەوە بە منداڵە سەر کوێرو گێژو حۆلو ترسنۆکەکەی جاران..

*

شەوێکی کپو قەترانییە، دەڵێی چاوی رووناکی گل بووە، هیچ نابینێت، هەموو شتێك بەتاریکی نمایشی خۆی دەکات.

(ئای لە سیحرو ترسناکیو چارەبەدی تارکی!).

منیش لەو نیوە شەوەدا، دەمەوێت بچمە دەرێ، نەبادا خۆم پیس بکەم، میزم دێت. چەند جارێكوەکو تولەسەگی بابردەڵەو بەچکە پشیلەی نەخۆش دەنوزێمەوە، بانگ لەدایکم دەکەم تا بمباتە دەرێ، هیچوەڵامێك نییە .. پاشان دەست لەجێگاکەی دەکوتم تا لەخەوی غەفڵەت رایپەڕێنم، بەڵام دایکم لەجێگاکەی خۆی نەماوە.. لەژێر بەتانیەکە بەترسەوە دەنوزێمەوە، دەڵێم:

(دایە گیان فریام کەوە، بەم نیوە شەوە هانا بۆ کێ بەرم؟).

( ئەی دایکی میهرەبانم زۆر دەترسم جنۆکەکان تۆشیان فڕاندبێت!).

(دایکە گیان بۆ دەنگت نییە؟ لە تۆ بترازێ کێ شك دەبەم؟).

(ئەدی کێ لەشەوەو جنۆکەو شەوە تاریکەکان بم پارێزێت؟).

(ئەی دایکی میهرەبانم، دەتخوا مەرەنجێو قسەبکە، دەستم بگرەو بمبەدەرێ..).

(من دەزانم ئێستا لەودیو دەرگاکەوە پۆل پۆل جنۆکەکان خۆیان بۆ لە کەمین ناوم، لەچاوەڕوانی مندا بێئۆقرە راوەستاون..).

(ئەی دایکی بێدەنگم، فێرتان کردین، بەتەنها، بەتارکیو چۆڵەوانیدا رەت نەبین..).

(دەدەی دایکی بەڕێزم، بمبەدەرێ.. ئەگەر نەیەی، ئەمن چی بکەم، ئاخر حاڵوابرواتەموو شتێك دەقەومێت! هەموو شتێك لەدەست دەدەم.. بۆ بەیانی خوشكو برا بێڕەحمو خائینەکانم تیزم پێدەکەن, دەرپێی میزاویو بۆگەنم نیشانی یەکدی دەدەن، سەرزەنیشتم دەکەن).

(زیاتر بچووك دەبمەوە، ئیدی لەداخاندا دەمرم!).

(دایە گیان، دایکی میهرەبانم، خۆت دەزانیت منوا راهاتووم، دەبێت بەرامبەر بەوان کەڕو لاڵ بمو نەیەمە قسە..).

(فریامکەوە دایکە گیان، بەبێ تۆ رێك لەو بەچکە پشیلەیە دەچم کە بەدەستی منداڵانەوە گەمەی پێدەکرێت، لە تۆ دەپرسم جگە لە نوزەنوز چی لەدەست دێ؟ هەتا رۆژێك لەپەناو پەسێری دیوارێکدا رەق هەڵدێت!).

(دە ب م گ ە ر ێ، دا ی کە گ یا ن)..

*

دایکم نایات، هیچ نابیستێت. لەپاش تاوێك باوکم دێتە سەر سەرینەکەم، بەهەردوو گوێ ڕاستم دەکاتەوە، تفێکی خەستی گەورە دەکاتە تەوێڵمو بەوتفە ڕوخسارم دادەپۆشێت، بەسەرمدا دەشاخێنێت، پێم دەڵێت:

–(سەگی لەسەگ بوو، بەم نیوە شەوە بۆ لێم ناگەڕێی کاری خۆم بکەم؟ بۆ لێم دەبی بەچەتە؟).

دڵڕەقانە چەپۆکێکی ئاگرین لەڕوومەتم دەدات، هەردووچاوموەکو کورە دادەگیرسێت، خۆم گرمۆڵە دەکەم، لەجێگاکەی خۆم مت دەبم، ناخی خۆم دەکرۆژم، بەڵام بڕیاری تۆڵەسەندنەوە دەدەم...!

بۆ بەیانی دۆشەکەکەم هەڵدەخرێت .. دەرپێکەشم بەتەنافەکەوە دەلەرێتەوە، دەلەنگێتەوە.

*

(ئای باوکی غەددارم، تۆ خۆت فێرت کردم خۆم لەتاریکی نەدەم، پێت دەگوتم: تاریکی ماڵی شەیتانو جنۆکانە، وریای خۆتان بن ڕێ هەڵەنەکەنو نەچنە ماڵی ئەوان).

(ئەی باوکی بێڕەحمم، ئەی تۆ نەتگوت: نەکەن سەرکێشی بکەنو نەفامانە ڕەفتار لەگەڵ تاریکیدا بکەن، ئەو شێتانەی ئێوە دەیبینن، هەموو ئەوانە پاڵەوان بوون، بە فیزەوە خۆیان لەو جەنگەدا تاقیکردەوە، بەڵام سەرئەنجام هەموویان دۆڕان، هۆشیان لەدەست داو شێت بوو!).

(ئەی باوکی لەدەست چووم، تۆ دەتگوت ترس سەرچاوەی ئازایەتییە، بۆئەوەی ئازابیت، دەبێت لەپێشدا بترسیت!).

(ئەی باوکی دڵڕەقم، منیش دێر بەدێر فەرمایشتەکانی تۆم کردە خۆراکی ڕۆژانەم. پێ بەپێ لەگەڵیاندا گەورە بووم، بەڵام سەرئەنجام جگە لە کەسێکی بودەڵەو سەرکوێرو خوێڕیو ڕقاوی، هیچی دیم لێ دروست نەبوو!).

(هۆ باوکی لەدەست چووم، ئێستا سەرێك هەڵبڕەو بڕوانە، کوڕە بودەڵەکەت، چەند ئەستێرەی لەسەرشان ڕیزکردووە، چەند مەزنە, چەند سەری گەورە لەئاستیاندا ملکەچو بچووکن).

(بەڵێ باوکی زۆردارم، ئێستا ئەو ڕۆژانەیە تۆڵەی خۆم لە ڕابردووی بودەڵەم بکەمەوە!).

(ئەی باوکی نەفامم، جارانێك چەند گێلو بچکۆلەبووم، ئێستاکە دەبێت چەند هێندە مەزن بم!!)

*

پێ بەپێ خۆم بۆ دواوە دەکشێنمەوەو بەتۆبزی لەقوتی سێبەرکەم دێمە دەرێ!

*

دەستی راستم هەر بەلاچاومەوەیە، سەربازەکانیش دەستە دەستە هەر ئۆغر دەکەن، بەپێشمدا تێدەپەڕن.

کاسەی سەرم لەشارە زەردەواڵەیەکی خاپور دەچێت، گیزەووازەوازێکی جاڕسی لێوەدێت.. ئیدی وەکو بروسکە چەخماخە دەداو ئەم بڕیارە لەدایك دەبێت:

(دەبێت بۆ لەمەودوا، جگە لە گەنجەکان، هەرچی پیرو کەنەفتەو شەلو ئاویلکەو نوقسان هەیە.. بەرگی خاکی بپۆشنو خۆیان لەڕیزی سەربازیدا ناونووس بکەن، گەروا نەبێت من چۆن لەمە مەزنتر دەبم؟ گەروا نەبێت ئەم ئاگرە دادەمرکێتەوە، شەڕگەکانیش خامۆش دەبن، منیش لەجاران زیاتر تڕۆر دەبم!).

(ئا لەوێدا حەزدەکەم هەرچی مرۆڤو گیانداریوشکانیو ئاوی هەیە کفن پۆش بکەم، یا دەست لە قوڕقوڕاگەی هەموویان گیر بکەمو هەناسەیان لێ یاساغ بکەم، پاشان بەپەلەپیتکەیەك وەکو شەکرۆکێکی وشکەوەبوو، سەریان لەملیان جیابکەمەوە، ئینجا کەلەی سەریان وەکو تۆپ بەدەم نووکە شەقەوە ئەمسەرو ئەوسەر پێ بکەم.).

(لەئێستادا کە سەرۆكو ژەنەراڵی سوپای مەرگم، ئاوەها ئاسوودە دەبم، کە دەبینم مرۆڤەکان تاقبڕ بوونەو.. بەڵام هەی هوو! سێبەری منداڵیم بۆتە مۆتەکەو لێم جیانابێەوە. لێم ناگەڕێ تا رەحەتبم! لەو دوورەوە، گاڵتەم پێدەکات، قاقا پێم پێدەکەنێت، بەچەپۆکێك متم دەکات. ئیدی ئەستیرەکانی سەرشانم بەهانامەوە نایەن، هیچ رۆڵێکیان نامێنێ، وەکو ئاشی ئاولێبڕاو، وردەوردە لەچەرخەو سوڕان خاودەبمەوە، تا بەتەواوی لەجێی خۆم دەوەستم، پاشانیش بەلادا دەکەوم..).

من بەم مەزنی خۆمەوە، بەخۆمو ئەستێرەکانی سەرشانیشمەوە زمانم، لە ئاقار سێبەری منداڵیم دا لەگۆکەوتووە، ئەویش بەزمانێکی روونو تووڕەوە بەسەرمدا هاوار دەکات، جارێکی دی راپێچم دەکات بەرەو دەشتاییەکانی خۆیو لەکۆڵانە قوڕاوییەکەی منداڵیم فڕێ دەدات..

*

منداڵانی گەڕەك، هاوڕێ بێبەزەییەکانم، بە ئارەزوو خۆیانوەکو مزراح دەمسوڕێنن، لەگەڵ هەر سەرزەنشتو تێهەڵدانێکدا خۆم بەکەمتر دێتە بەرچاو. رێك لەو سەرە مێکوتانە دەچم پێش ئەوەی دەستو پێ دەربکەنو فێری باز بازێن بن لەئاویان دەبڕن، پاشانیش بێنمودو تووڕەهات دەمرن، بەمردویش دەرخواردی مریشكو کەڵەشێرو توتەڵەکانیان دەدەن!

کسپە لەناخم دێتو ئەم جارەش بەڵێنی تۆڵەسەندنەوە دەدەم.. لەخانەی مێشکمدا تۆماریان دەکەمو دەڵێم :

(ئەی هاوڕێ بێفەڕو خائینەکانم، بۆ کوێ دەڕۆن، شەرتە شەرتی خودا لەدەستم رزگار نەبن، رۆژێك لەڕۆژان تۆڵەی خۆم هەر دەکەمەوە، گەر فریای خۆشتان نەکەوم دڵنیابن لێتان ناگەڕێم، منداڵەکانتان، رۆڵە تاقانەکانتان رەوانەی مەرگێك دەکەم کە تا هەتایە پێوەی بتلێنەوە)...

*

(من) رقم لەهەموو کەسێك دەبێتەوە، تەنها هەر خۆم لەبیرە، (من) لەکەس ناچم، کەسیش لەمن ناچێت. حەزم لەهاوڕێیەتی هیچ کەسێك نییە، یان راستتر بڵێم: کەس من بەهاوڕێی خۆی نازانێت. لەناو منداڵانی گەڕەکدا ترسنۆكو بێغیرەتانە رەفتار دەکەم، تەنانەت بەگومانەوە، دەڕوانمە جەستەو لەشولاری خۆم، بەترسەوە سڵی لێدەکەمەوە.. هەمیشە ژێر چەپۆکەی منداڵانی گەڕەکم...

تەنها جارێك چییە نەمتوانیوە لەمنداڵێك هەڵدەم، ئەگەرچی ئەو منداڵە بەتەمەنو لەشولاریش لەخۆم بچووکتر بوو بێت. نەدەبوو راپسکێمو بەرگی ترسنۆکیو بودەڵەییو ساویلکەیی لەخۆم داماڵمو بەکاڵای ئازایەتیو زیرەکیو چەلەنگییەوە خۆم نیشانی منداڵانی گەڕەك بدەم.

*

جارێك خۆم لەو هەورازە دەدەمو خۆم تاقیدەکەمەوە، هەروا بەسانایی لێناگەڕێمو تەسلیمی خواستی منداڵانی گەڕەك نابم، سەرکێشی دەکەمو خۆم نادەم بەدەستەوە، دەزانم ئەگەر جارێك، دووجار لەم کارەدا سەرکەوم ئیتر منداڵانیش سڵم لێدەکەنەوەو منیش دەبمە منداڵێکی ئاسایی..

ئەمجارەیان بەهەمان شێوە زمانیوان قسە دەکەم، ئەو جنێوەی دەیگەیێننە دایکم، بەهەمان دەستوور، رەوانەی خۆیانی دەکەمەوە.. بەڵام رەوانە کردنەکە هێند ترسنۆکانە دەبێت، وشەکان لەنێوان منو ئەواندا گیانیان دەردەچێت تەپ دەکەوێتە سەر ئەرزەکە!

ئیتر ئەوان یەك یەكو دوو دوو بەشەقو چەپۆك دەکەونە کوتانی سەرو گوێلاکمو مار هەنجم دەکەن .. ئیتر بڕای بڕ ناتوانم لەئاقار هیچ منداڵێك بێئەدەبی ئاوەها گەورە بکەم . هەمیشەوەکو دیل لەئاستیاندا مت دەبم ..

بۆیە کوچەو کۆڵانم لێدەبێت بە دۆزەخ، لەدەقیقەیەکدا چەند جارێك جەستەم بەر گریان دەکەوتو قرچەقرچ دەسوتێ، لەگەڵ هەر قرچانێکدا من بچووکتر دەبمەوە، بەڵام دەماری تۆڵەسەندنەوە لەناخماندا مەزنتر دەبێت، تا دێت رقئەستورتر داوای تۆڵەسەندنەوە دەکەم، تۆڵە لە هاوڕێ، لەبرا، لەباوك،

لەهەموو کەس.. دەروونم یەك پارچە دەبێت بەئاگرو نێڵە نێڵ دەسوتێت...

*

(من) ئێستا بەم سوتانە ئاسودە دەبم، جەستەی سەربازەکانم بەخوێنو گۆشتو ئێسکەوەوەکو نەوت بەکاردەبەم، ئاگرەکە زیاتر خۆش دەکەم، هەر تێر نابم، ناخی هەموویان بەنوکی دەرزی کون دەکەم، بەدووی ڕۆژانی منداڵی بەسەرچووی دۆڕاوی خۆمدا دەگەڕێم لەناخو جەستەی ئێستای ئەواندا بەدی دەکەم.

*

جەستەم هەر لەخاچێکی یەك باڵ دەچێت، دەستی ڕاستم هەر بەلاچاوی ڕاستمەوەیە، ڕاوەستانەکەم تەواو ڕاوەستانێکی سەربازییە، لەجێی شیاوی خۆمەوە لە (سەکۆی سڵاو)ەوە سڵاوی سەربازەکانم وەردەگرم.

من پێم خۆشە هەموو شتێك لەجێی خۆی پێ بگرێتو لەوێنەی سەرباز بەپێشمدا تێبپەڕێت، سڵاو لە ئەستێرەکانی سەرشانم بکات، چش لەوەی لەناخیدا چۆن سەیرم دەکات، گرنگ ئەوەیە (من) ئێستا بەخۆمو ئەستێرەکانی سەرشانمەوە مەزنمو ئەوانیش بودەڵە. لەگەڵ ڕەتبوونی هەر سەربازێکدا من زیاتر باڵا دەکەم، ئەستێرەکانی سەرشانیشم تا دێت درەوشاوەتر دەبێت.

(جا چ دەبێت با چاویان بەر شەوارەی ئەستێرە ڕووناکەکانی سەرشانم بکەوێت!).

من لەو بەرزییەوەوەکو چرایەکی گەش هەڵکراوم، سەربازەکانیش ڕۆحیان بەمنو ئەستێرەکانی سەرشانم دەسپێرن، منیش لەتۆڵەی دۆڕاوی منداڵیمدا، پێشکەشی مەرگیان دەکەم!

*

بەڵام، ئەم مۆتەکەیە لێم ناگەڕێت، سێبەری منداڵیم هەر گەورە نەبووەو لەگەڵمدایە.

ئەمجارەیان وەکو ئەسپێکی باڵداری زینکراو، ئامادە لەپێشمدا چوار ناڵە ڕادەوەستێت، خەیاڵو ڕازو ئەندێشەکانم بۆ سەر زینی خۆی ڕادەکێشێتو تێی دەتەقێنێت .... دەمبات بەسەر شارداوەکو نەورەس دەمگێڕێت، وەکو ئەوەی پەیامێکی گرنگم پێ بێتو بەخەڵکی شاری ڕابگەیەنم، دواجار لەبەردەم قوتابخانە کۆنەکەی گەڕەکی خۆمان دامدەبەزێنێت .. تا حەوشەی قوتابخانە بەڕێم دەکات، ئینجا هەر هێندەی بڵێی یەكو دوو، ئەسپە باڵدارەکە هەڵدەفڕێتو دیار نامێنێت..

*

لەنێو عەشامات و شایلۆغانی قوتابخانەدا بەتەنها هەڵکوڕماوم، بۆ خۆشم نازانم بیر لەچی دەکەمەوە، لە قوڵایی ناخی لێڵی خۆمدا نقوم دەبم، بیرکردنەوە نییە، بەڵکو تەسلیم بوونی وزەو تواناو ئیرادەیە..

هاوڕێکانم، دوو دووو سێ سێ، وەکو ڕێچکەی مێروولە بەیەکدا دێن.. تەنها من نەبێت تەریک و تەنها خۆم لەپەنای دیوارەکە ناوە، بەچاوی ئەبڵەقەوە دەمڕوانمە جمەی هامشۆکەران.

زرەی زەنگەکە بێدارم دەکاتەوە، بەپەلە قۆپی و پەرە تیکەتیکەکراوەکانم دابەشی گیرفانە خاڵییەکانم دەکەم .. ئینجا بەرەو دەرگای پۆلەکە بەڕێ دەکەوم، هاوڕێکانم بەنووکەشان ئاودیوی دەرگاکەم دەکەن.. لەپاش تاوێك، چاودێری پۆل بەدەنگێکی سەربازییانەی نێرەوە هەمووان لەجێی خۆ قیت دەکاتەوە:

–(هەستن).

ئێمەش وەکو پەیکەرێکی قوڕین ڕەق ڕادەوەستین، لەدوای تاوێك تێڕامان مامۆستا فەرمانمان پێدەکات:

–(دانیشن).

مامۆستا دەست دەداتە تەباشیرەکەو لەسەر تەختەکە دەنووسێت:

(پرسیاری یەکەم: ژیری و ئازایەتی دوو سیفاتی سەرکردەی سەربازین، بەدرێژی باسیان بکەن).

ئەموتەیەی مامۆستا هێندەی دی کەڕو کاس و کوێرم دەکات، لەوە بێئومێد دەبم کە من نابمە سەرکردە، چونکە لەبری ژیری و ئازایەتی، دەبەنگی و ترسنۆکی شك دەبەم..

پێم خۆشە، هەر یەکسەر لەجیاتی وەڵام مستێك بسڕەوێنمە ناودەمی مامۆستاو کڕی بکەم، بەڵام نابێت.. (ئەمە پرسیارەووەڵامی دروستی دەوێت)، جگە لەدەنگی پێی مامۆستا، کە ئەم سەرو ئەوسەری پۆلەکە دەکات، چ دەنگێکی دی نییە .. منیش لەهەڵێکدا بەدوو پەنجەو بەخشپە قۆپییەکە دەرهێنم، وەك نارنجۆکێکی سازو ئامادە لەمستم قایمی دەکەم، زۆر دەترسم لەدەستم بترازێت و خۆم تووشی قەڵبەیەك بکەم، هەموو جەستەم دەکەوێتە لەرزین، تیکە پەرەکەش وەکو پشکۆیەکی داگیرساو دەست و پەنجەکانم دەسووتێنێت..

(من) پاڵەوانی ئەم جەنگە نیم گێژاوێکەو تێی کەوتوم, نازانم چۆناهیی خۆمی لێقوتار بکەم، ئیدی لەم هەڵوێستەمدا زیاتر دەرکەوت کە چەند بودەڵەو ترسنۆکم، لەئاقار منیشدا ڕاستییەك وەکو هەتاو هەڵهات: (سەرجەم سەرکردەکان زرنگ و ئازان، چاونەترس و زیتەڵەن!!).. هەموو هاوڕێکانم بەبێ ترس و سڵەمینەوە، ژیرانە خەریکی تاوتوێکردنی

پرسیارەکەن، ئیتر هەست دەکەم لەناو کۆمەڵێ سەرکردەی سەرکەوتوودام، بەڵام، (من) زیاتر لەدیل دەچم, نەك قوتابی... لەم جەنگەشدا دەدۆڕێم...

لەم کاتەدا دەنگێکی ناوەختوەکو زریان هەڵدەکات پەخشانی ناو پۆلەکە دەبێت.. بەڕێوەبەرە، من هێشتا لەتە پەڕەکە هەر لەنێو دەستمدایە...

بەڕێوەبەر بەدووچاوی زەقەوە خۆی بەمەسیحێکی زرنگ دەچووێنێت.. بەڵام ئەو رێك لەمن دەچێت، مەسیحێکی درۆزنو ترسنۆکە ..وەکو قاژو دەخوێنێت، بە بەرچاوی هەموومانەوە بەئامۆژگاری درۆماڵێکی پڕ لەتەفرە دروست دەکات، هەموومان تێئاخنێت، خۆشیی لەدەرەوە دڵسۆزانە (بەدرۆ) لەسەر یەك خۆی لەخاچ دەداتەوە!!

من هێشتا دەستم دەلەرزێت، بەڕێوەبەر دێتە سەرمووەکو دووپشك پێوەم دەدات.. دەستی چەپم دەگرێت، قۆپییە ئارەقاوییەکە لەنێو دەستم دەردەهێنێت.. بەڕێوەبەر بەدەنگێکی نێرانە، وەکو سەرکردەیەکی سەرکەوتووی جەنگ، دەنەڕێنێت:

(ئەمە چییە خوێڕی؟)

زمانم قفڵ دەبێت، وشەکان لەگەروومدا دەتاسێن، ناتوانم هیچ بڵێم، بەچەپۆکێك چاوەکانم دەشڵەقێنێت دیدەم تاریك دەکات،

منیشوەکو قوماربازێکی دۆڕاوو موفلیسو بێ زانست، بەفەرمانێکی بەڕێوەبەر لە خوێندن تەڵاق دەدرێم!

وەکو گەڵای دارێکی پایز دەکەومە سەر شەقامە جەنجاڵەکە، بەکزە بایەکی نەرم، تلاوتل بەردەم کۆگاو جامخانەکان، سینەماو مەزاتخانەو مزگەوتو کڵێساو تەکیەو گەڕەكو ماڵو خانەخوێو یاران, ئەمسەرو ئەوسەر دەکەم، هیچ یەك لەمانە نابنە مەنزڵگەم، ئۆقرەیان تیا ناگرم!.. دواجار دەکەومە زێرابێکەوە، دەبم بەهاوڕێی جرجەکان!..وەکو مار چەند جارێك کاژ فڕێدەدەم، سەر لەنوێ بە بەرگو سیمایەکی ترەوە خۆم دەنوێنم، سەما دەکەم، بەڵام هەمیشە بێزارو بۆن گرتووم، ناتوانم لەهیچ ساتێکدا سەرخەوێك بشکێنم، یان خەونێکی پەمەیی ببینم.. هەمیشە لەخەیاڵی ئەوەدام چۆنو بە چ شێوەیەك ئەم شکستی تەمەنە دروست بکەمەوە؟ بەدووی وەڵامی ئەم پرسیارە دەکەوموەکو دێوانە دەشتو شارو گوند تەی دەکەم، ئەو دەستەی برینم ساڕێژ دەکات، ئۆخژن بەگیانم بەخشێت (جەنگە جەنگ!) هەر ئەوە سیمای من بەدی دەکات، لەمە زیاترون نابم.. جەنگ خۆی دەکات بەپەیژەیەکی درێژو لەبەرپێم رادەوەستێت، منیش بەسەر پشتی ئەودا پلە پلە سەردەکەوم، هەڵدەزنێمو مەزن دەبم, تا دەستم دەگاتە گەردنی ئەستێرەکانو یەك بەیەکیان دەهێنمە خوارەوە، لەسەر هەردوو شانی خۆم ریزیان دەکەم.. ئیتر دنیا دەبێت بەتاریکستان، رووناکی تیا قاتی دەبێت، تەنها

شەوقێك كە هەبێت، ئەستێرەكانی سەرشانی من دەبێت، منی ژەنەراڵ، ژەنەراڵی سوپای مەرگ!.. لەسەرخۆ دادەبەزمو هەموو باخچەكانی شار دەكێڵم ...

(چی لەجوانیو ڕەونەقو بۆنو بەرامەی گوڵ بكەم، كە بستە خاكێك نەبێت بۆ گۆڕستان؟).

(ئەدی تەرمی سەربازەكانم لەكوێ بنێمە چاڵ؟). (دەبێت، كانیو گۆلاوەكانیشوشك بكەم، چی لە سەوزەڵانی بكەم؟).

(دەبێت، گۆڕستانەكان زیاتر ئاوەدان بكرێنەوە!).

*

تا ئەم كاتە ڕاوەستانەكەم، تەواو ڕاوەستانێكی سەربازییە، جەستەم هەر لەخاچێكی یەك باڵ دەچێت، دەستی چەپم، ڕاست جووت بووە، بەلەشمەوە، دەستی ڕاستیشمەوەكو كلكی دووپشك هەڵگەڕاوەتەوە بۆ لای سەرم، پەنجەكانم كراوەیەو هەر بەلاچاوی ڕاستمەوە لەنگەری گرتووە.. سەربازەكانیش هەر بەپێشمدا تێدەپەڕن، سڵاو لەئەستێرەكانی سەرشانم دەكەن، منیش پۆل پۆلو دەستەدەستە بەخێرایی بەرەو شەرگەكان بەڕێیان دەخەم.. گرنگ نییە، شەڕەكان هەر جارەو بەناوێكەوە دەڕازێنمەوە، ناوی دەنێم شەڕیوڵاتپارێزی، یان شەڕی چینایەتی، نەخێر كێ دەڵێ شەڕی شەرەفو كەرامەت نییە؟

*

(خوێنەری بەڕێز، چاكتروایە پرسێكیش بە تۆ بكەم: ناوی چی لێبنێم؟ زۆر گرنگ نییە لەلام، ئەمن ڕازیم تۆ هەرچیت پێ باشە، ئاوهای ناودەنێم..)...

*

بەڵام هەی هوو.. هێندە دەزانم سێبەرە قەزەمەكەم هێندەی قەدو باڵای ئێستام باڵای كردووە، مەزن بووە.

*

لەم كاتەدا، ڕاڕەوو نمایشی سەربازەكان دەبن بەدوو ڕاڕەو، لەلایەك بەرەو خۆرهەڵات، بەتەواوی جلو تفاقی سەربازییەوە تێدەپەڕن.. لەڕاڕەوی بەرامبەریشمەوە، ڕێچكەی سەربازەكان مەراسیمێكی تر سازدەكەن، بەڵام ئەم جارە سەربازەكان لەتابووتدان، پارچە پەڕۆیەكیش كفنو كالای باڵایانە، بەسەر پشتی ئۆتومبیلەكانەوە بەرەو خۆرئاوا دەگەڕێنەوە.. لەم كاتەدا سێبەرە باڵا بەرزەكەم لەجێی خۆم دادەنێم، خۆشم بە قەڵەمبازێك خۆم دەگەیەنمە ڕاڕەوی ئەوبەرەوە، بەهەمان دەستوور بەشێوەی خاچێكی یەكباڵ ڕادەوەستم... ڕاوەستانەكەم تەواو ڕاوەستانێكی سەربازییە، سڵاوی سەربازی خۆم دەگەیەنمە یەك بەیەكی سەربازەكانی ناو تابوتەكانو بەڕێزەوە ئەمانیش بەڕێدەخەم..

**سلێمانی**

تەمووزی 1998

# هەڵفڕین لە ئاتەشگەوە*

سەمەد ئەحمەد – مهاباد قەرەداخی

ئەوە یەکەمین جاربوو کتێبی (هەتاو)ی هاوسەرم لەدوای چاپکردنی بخوێنمەوە، من هەمیشە کتێبەکانی ئەوم لەپێش چاپکردنی دەخوێندەوە، بۆئەوەی ئەگەر سەرنجێکم لەناوەڕۆکەکەی هەبێت، پێی بڵێمو گفتوگۆی لەسەر بکەین. کتێبی ئەمجارەیانو ئەو چیرۆکە پڕ لەڕازو نیازە، کە دوای چاپکردنی پێشکەشی کردم، خوێندمەوەو سەرسامی ئەو هەموو تیژەوەتیرو جەربەزەییو نهێنیو هێمایانەبووم کە لەنێو کەسایەتی پاڵەوانە سەرەکییەکانیدا کۆبووبووەوە. دوای خوێندنەوەی، بەسەرسامییەوە چوومەلایو پێم گووت:

–دەزانی لەنێو هەر یەکێك لە وشەکانیدا هەست بەهەبوونی خۆم دەکەم. هەستدەکەم لەنێو هەر کۆدێکدا، هەر هێمایەکدا، هەر مەتەڵێکدا منت داناوە! هەستدەکەم باسی ئەودیوی ژیانی

من دەكەی! هەستدەكەم، دەتەوێت خۆت ڕابێنی لەگەڵ ئەودیوی بوونم.

(هەتاو) بەزەردەخەنەیەكی خەماوییەوە، بەقوڵترین سەرنج، وەك ئەوەی دواسەرنج بێت، تەماشای نێو چاوەكانمی كردو وەك ئەوەی پێم بڵێت چاك لەهێماكان تێدەگەیت. سەرنجەكەی هێندە قووڵ بوو، هەستم دەكرد دەیەوێت لەمیانەی سۆماییەكانی بیناییمەوە، ناخی دەروونم وردتر ببینێت. ماوەیەكیش بوو كەمتر سەرنجی وا قووڵی دەدام، هەستم دەكرد ئەو هەستی منو نهێنییەكانی نێو نەستی من دەخوێنێتەوە. كە كتێبەكەشیم خوێندەوە، ئیدی بەتەواوەتی زانیم كە دركی بەنادیارێك كردووە، كە لەتوێكانی نەستی خۆمدا حەشارم دابوو. وام شاردبووەوە خۆشم نەمدەزانی بەتەواوی ئەوەیە كە ڕوویدا، وەلێ دەمزانی دەبێ شتێك هەر ڕوبدات. ماوەیەك بوو دەیویست خۆی لەسەرنجدانم بپارێزێو دەیویست خۆی لەگەڵ دیارنەمانم ڕابهێنێ. منیش لەلای خۆمەوە هەوڵمدەدا تەنها بەگیان ئەو بدوێنمو ئیدی كەمترو كەمتر بەزمانی جەستە بدوێین، تا بەتەواوی فێری هەموو كۆدەكانی زمانی ڕۆحی یەكتری ببین. كچەكەشم، كچە تاقانەكەشم، كە هەر لەساوایەتییەوە هەستم بەزرنگی و هەستیارییەكەی دەكرد، ئەویش لەوەتی منو دایكی دركمان بەنزیكبوونەوەی سەعاتی سفری كۆچەكەم كردبوو، شتی وا سەیری دەگووت، بەناڕاستەوخۆ خۆئامادەكردن بوو، بۆ ئەو پێشهاتە. كە لەفڕۆكەخانە (شانتی)و (هەتاو)م بەڕێخست، پێم گووت:

– (شانتی) گیان، زۆر زۆرم خۆش دەوێی، ئەگەر زۆر زۆر لەخۆم بكەم، تەنها دوو هەفتە دەتوانم بەرگەی دووریت بگرم. (هەتاو) گیان، دەزانم سەفەرەكەتان یەك مانگە، بەڵام من تەنها دوو هەفتە دەتوانم دووربم لێتانەوە نەك زیاتر. بەنیازی دیدار.

(هەتاو)و (شانتی)، ڕووانینێكی وا تێیان ڕووانیم، وەك ئەوەی ئەوانیش هەمان نیازو رازی من بەوردەكارییە نادیارەكانیشیەوە لە دەروونیاندا پەنگ بخواتەوەو نەوێرن دەریببڕن. هەردووكیان پێكەوەو بەئاوازی جەختكردنەوە لەسەر دیداری هەمیشەیی پاش دووهەفتەی ئاینده، بەدەم ماچی شیرینەوە، كە لەدواماچی ژوانی ئەبەدی بچێت، گوتیان:

–بەنیازی دیدار.

*

كە یەكەم زەنگی تەلەفۆنم لێدا، (هەتاو)وەڵامی دایەوەو گووتی: ها، ئەوەتا یەك چركەیە لەفڕۆكە دابەزیووینو ئێستا لە(ستۆكهۆڵم)ین، ئەو شارەی كە تۆ ناوت ناوە(شاری خودا).

راستە، وابوو، کە بەنێو ئەو دارستانو شەقامانەیدا دەسووڕاینەوەو ئەو پاکیو جوانیو ڕێکوپێکییەی سەرنجی رادەکێشاین، (هەتاو) دەیگووت:

–دەزانی (هەڵگورد) هەستدەکەم ئەم شارەنهێنی رۆحی منی تێدا حەشاردراوە. دەزانی کە منداڵبووم خەوێکم دی لەشوێنێ بووم نەمدەزانی کوێیە، کە بەیانی هەستامو بۆ دایکم وردەکاری شوێنەکەم گێڕایەوە، دایکم گووتی : کچم تۆ بەهەشتت لەخەو دیووە، ئەوەی تۆ دیووتە خودا بەهەموو کەسێکی نادا، تەنها بەئەولیاو پێغەمبەرەکانی دەدا. ئەو خەوەم هەرگیز لەبیر نەچووەوە، کە یەکەم جار هاتم بۆ (ستۆکهۆڵم)، چرکەکانی ئەوەڵ خەونەکەم بیرکەوتەوەو تەواوی وردەکاری شوێنی ناو خەونەکەمی تێدا بوو.

– (هەتاو)، بەڕاستیش ئەم شوێنە پاكو جوانو ڕێکوپێکە شاری خودایە. منیش هەستێکی خۆشەویستی بێ ئەندازەم بۆ ئەم شوێنە هەیە. نە (زوریخ) و نە(موینشن) و نە (بێرن) و نە (بەرلین)، نە (لەندەن) و نە (ڤییەنا)، نە (بروکسل) و نە (ئەمستردام) و نە (کۆپنهاگن) و نە (ئۆسلۆ) و نە (هێلسنکی)، هێندەی ئێرە سەرنجیان ڕانەکێشاوم، ئەگەرچی ئەوانیش هەموو جوانن.

– (هەڵگورد)، ئەوەی منو تۆی بەم شارە بەستۆتەوە نهێنییەکە لەڕۆحماندایە، هەمان ئەو نهێنییەی کە رۆحمانی بەشوێنێکی دیکەوە گرێداوەو کەمەندکێشمان دەکات.

– (کوردستان)، بەڵێ ئەو شوێنەی کە لەهیچ شوێنێك ناچێ! بەتایبەت شارەکەم، کە چلوچوار ساڵە لەنێو ئەم دنیایەدامو گیرۆدەی عەشقی ئاگرەکەیم.

– (هەڵگورد) تۆ بۆچی ئەوەندە بە کەرکووکەوە پەیوەستی؟ بۆ هێندە حەز دەکەی بچینەوە لە (کەرکووك) بژین؟ تۆ دەڵێی ئاگرپەرستی، هێندە سوکناییت بە (باوەگوڕگوڕ)و (چەمبۆر) دێتەوە. تۆ هەبێو نەبێ دۆنێکی ژیانت لەگەڵ (زەردەشت)دا بەسەر بردووە. تۆ تەواو پەیامەکەی (زەردەشت) پەیڕەو دەکەیت. ئێستاش پەیامەکەی (زەردەشت) دەگەیەنیت.

–بیری باش، وتەی باش، کرداری باش.

–زۆر کەس ئەم وتانە دەڵێنەوە، بەڵام کەم کەس پەیڕەوی دەکەن. گرنگی تۆ لەوەدایە، کە پیادەی دەکەیت و پەخشی دەکەیتەوە. تۆ پیاوێکی لەئاوریشم.

–تۆش ژنێکی لەتیشك.

–پێم بڵێ نهێنی عەشقی تۆ بەئاگرەوە، بە (باوەگوڕگوڕ)ەوەچییە؟ ئەوەتا لەمنیشدا تیشك دەبینی، هەر خۆشت ناوی (هەتاو)ت بۆ هەڵبژاردم.

–دەشێ بە وشە وەڵامی ئەو پرسیارەت نەدەمەوە، بەهەڵوێستێك، بەڕووداوێك، بەكارەساتێك، لە ئایندەیەكی نزیكدا، دەشێ دووساڵ زیاتر نەخایەنێت، وەڵامی ئەو پرسیارەت دەدەمەوە.

*

كە زەنگی دووەمم بۆ (هەتاو) لێدا، گووتی: ئەوە لە تەكسییەكە دابەزین و چووینە ئەو ژوورەی كە بۆ مانگێك بەكرێمان گرتووە. ژوورێكی پاك و جوانە و كۆمپیوتەر و ئینتەرنێتیشی تێدایە. زوو زوو ئیمەیلمان بۆ بكەو با ئاگاداری هەواڵەكانمان بیتو ئاگاداری هەواڵەكانت بین. بیرت نەچێت هەواڵی كوردستانم بۆ بنووسی. تۆش ئاگات لەخۆت بێت، (كەركووك) خەتەرەو نەچیتە ناوچە عەرەبو توركمان نشینەكان. سڵاوم بگەیەنە هاوڕێیانی ڕۆژنامەكەت.

*

هەموو چركەیەك پێم خۆش بوو تەلەفۆنیان بۆ بكەمو لەگەڵ (شانتی)و دایكی بدوێم، سێیەم تەلەفۆنم لەهەمان ڕۆژی گەیشتنیان كردو شانتی زۆر خۆشحاڵ بوو، دەیگووت: بابە بۆخۆم تێر مەلە دەكەم، منیش بەدایكیم گووت: لەماڵ دامەنیشنو بۆخۆتان هەركوێ خۆشە بچنو (شانتی) كام دەریاچەی پێخۆشە بیبە بۆ مەلە.

*

سبەینێ بۆ بەیانیباش تەلەفۆنم كردەوەو هەتاو پێی گووتم: تۆ گووتت تەنها دوو هەفتە بەرگەی دووریتان دەگرم، بەڵام وا دیارە دوو ڕۆژیش بەرگە ناگریت، خۆزگە لەگەڵمان هاتبای، نازانم بۆچی ئەمجارە وایلێهات لەیەكتر دابڕێین و پێكەوە نەیەین. پێم گووت با لەگەڵ شانتی قسەبكەم:

–هەلوو (شانتی) گیان، چۆنی دڵەكەی بابە؟

–زۆر باشم، بەڵام بابە دایە نامبا بۆ مەلەوانی، دەڵێ ئەمڕۆ بارانە، پێی بڵێ با بارانیش بێت، حەزم لێیە مەلەبكەم.

–پێی دەڵێم ئەگەر بەفریش بباریێت هەر بتبات.

–دەئەوەتا تەلەفۆنەكەی دەدەمێ پێی بڵێ...

*

كە دواتر تەلەفۆنم كردەوە، (شانتی) شڵپەشڵپ لەنێو ئاوەكەدا یاری دەكردو دەخەنییەوەو بەچاوی هەستم خۆشیو هەستە شیرینەكەیم دەبینی. ئەو هێندە نوقمی خۆشیو سیحری ئاوەكە بووبوو، نەمویست لەو خۆشییە دایبڕم، تەنها لەگەڵ دایكی دووام. (هەتاو) ئەمجارەش بەرستەی (ئاگاداری خۆت بە)، كۆتایی بەتەلەفۆنەكە هێنا.

*

دوو هەفتەکە خەریکبوو کۆتایی بێت، هاوڕێکانم دەیانزانی (هەتاو)و (شانتی) لەسەفەرن و بیریان دەکەم. بەڵام کەسیان نەیاندەزانی کە چۆن و چەند بیریان دەکەم. لەناخما زەنگێك بەردەوام ئاگاداری دەکردمەوە کە لەسەعاتی سفر نزیك دەبیتەوە. لەو ماوەیەدا کە یەکجار زۆر بیرم دەکردن، جگەرەشم زۆر دەکێشا. شەوەکەی کە جگەرەکەم کوژاندەوەو بیری ساتەکانی لەدایکبوونی شانتیم کەوتەوە، گرێك لەدەروونم بەربوو، مەحاڵە گری باوەگوڕگوڕی پێ بگات. لەناو ژووری منداڵبووندا باوەشم بە(هەتاو)دا کردبوو کە چەند سەعاتێك بوو بەدەم ژانێکی پیرۆزەوە دەیناڵاند. دواساتەکانی ژانەکەی هێندە سەخت بوو، کە ئیدی بەرگەی نەگرت و دەگریا. بەڵام کە دەشگریا بەبێدەنگی دەگریا. دەمزانی پێی شەرمە بگری و دەمزانی لەو ساتە پڕ لەژانەدا ئەشکەنجەکانی زیندانی بیر دەکەوێتەوە. لەدوا چرکەدا، تەماشایەکی پڕ لەنهێنی و خۆشەویستی قووڵی کردم و گووتی:

– (هەڵگورد)، تەواو، بەرگە ناگرم، دەمرم!

–قسەی وا مەکە! تۆ هەرگیز نامری!

–ناتوانم، زۆر سەختە، ژانەکەم زۆر سەختە!

– (هەتاو) ئەم ژانە پیرۆزە، هەر ئێستا منداڵێکمان دەبێت، خۆت ناوی بنێ، حەز دەکەی ناوی بنێین چی!؟

– (شاکار).

دەستم لەژێر سەریا بوو، دەمم لەنزیك گوێیەوەبوو، قسەم بۆی دەکردو دڵیم دەدایەوەو جارجاریش نەرمە ماچم دەکرد. نیو خولەکی نەخایاند لەدوای ناونانی، (شاکار) هاتە دنیاوە. پەرستارە فریشتەئاساکە هەر بەڕووتی و بەهاوڕێ منداڵەکەوە شاکاری دایەدەستم، گووتی: ئەم کچە چەند جوانە دەڵێی فریشتەیە، من فریشتەیەکم هەیە زۆر لەم ساوایە دەچێت ناوی (شانتی)یە. ئیدی (شانتی) بوو بەنازناوی (شاکار)ی کچمان و لای خۆشمان زیاتر لە فریشتەیەك دەچوو، نەك لەمرۆڤ. یەکەمین ماچی من کردم و ئینجا لەسەر سنگی دایکی دامنا. (هەتاو)یش ماچی کردو بروسکەیەك لەچاوەکانی تیشکی دایەوە، بریسکانەوەیەك پریشکی خۆریشی نەدەگەیشتێ. هەردووکمان بەسەرسامییەکی خۆشئامێزەوە لەو موعجیزەیەمان دەڕوانی، کە پەرییەکەو لەشێوەی ساوایەك خۆی دەنوێنێ و بووەتە منداڵی ئێمە. ساتێکی بێئەندازە ناوازە بوو، ساتێك کە ئیدی من بووم بەباوك و ئەویش بەدایك. باوکایەتیی هەستێکی نوێ بوو، لەچرکەی لەدایکبوونی ئەو منداڵەوە ئاویزانم بوو. سات بەسات گەورە دەبوو، وەك نەمامێکی بەژنزراڤی خۆشەویستی باڵای دەکردو تا دەهات زیاتر بەرەو ئاسۆ بڵندی دەکردمەوە، کە ئەو یادگارییەم

بیرکەوتەوە، بەبێدەنگیو بێ ئەوەی هەستبکەم، چەندین ریزە فرمێسك بەلاچاوەکانمدا هاتبووە خوارەوەو سەرینەکەمی خوساندبوو. ویستم تەلەفۆن بکەم، پەشیمان بوومەوەو گووتم: ئێستا ئەوان نووستوونو لەشیرینی خەودان، با خەویان نەزڕێنم.

زەنگەکە هەراسانی کردبوومو دەیگووت دوو هەفتەکە دوو کاتژمێری ماوە. چوومە سەر کارەکەمو ئەو رۆژە لەنێو ژووری سەرنووسەردا کۆبوونەوەمان هەبوو. لەبەر دەنگی زەنگەکەی ناوەوەم، ئاگام لەگفتوگۆی نێو کۆبوونەوەکە نەمابوو. (شوان) بەکامیراکەی وێنەیەكو دووانو سیانی گرتم، پێم گووت:

–ئەوە بۆ ئەوەندە وێنەم دەگری، بۆ سبەینێ لەڕۆژنامە بلاّوی دەکەیتەوە، یان بۆ کۆڕی ماتەمینییەکەمتانە.

(شوان) پێکەنی، منیش بۆ ئەوەی دەنگەکەی ناخم نەیەتە دەرەوە، دەستم بەپێکەنین کردو مژم لەجگەرەکەم دەدا. سەرنووسەری رۆژنامەکەمان، تا بڵێی تووڕە، بەڵام تا دڵ بخوازێ دڵپاكو سەر راستو قسەلەڕوو بوو. دوکەڵی جگەرەکەم بێزاری کردبوو، بۆیە یەکسەرو بەبێ پێچو پەنا گووتی:

–ئای (هەڵگورد) دەتووخوا بەسە، ئەم جگەرەیە چی بوو نەبڕایەوە، خۆ بەدوکەڵی جگەرە دەمانکوژی.

زەنگەکە زۆر بڵند لێی دا، دوو مژم لێی دابوو، جگەرەکەم لەنێو تەپڵەکەکەدا کوژاندەوەو نەمزانی وەڵامی سەرنووسەر دەدەمەوە یان بەرسڤی زەنگەکە، گوتم:

–ئەمە دوا جگەرەم بوو، ها ئەه، ئیتر هەرگیز جگەرە ناکێشم.

ئیدی لەدوای خامۆشکردنی جگەرەکەوە نەمتوانی ناوی بنێم زەنگ، چونکە دەنگەکەی لەتەقینەوە مەزنەکەی ( بیگ بانگ)، دەچوو. ئەو بیگ بانگەی، کە گێتی خولّقاندو هەموو شتێك لەوەوە دەستی پێکرد. لەگەڵ بیگ بانگەکەدا، ئیدی من بەرگەکەم فڕێدابوو، چووم لەئاسمانو لەدووریو بەرزی سەد مەترێکەوە دەمڕوانییە هەموو شتێك.

*

هەموویان شڵەژانو پرشی ئاگرو باروت لەپەنجەرەکانەوە دەهاتە ژوورەوە. (سەرنووسەر)و (شوان)و هاوڕێیانی ترم پڕیشکیان بەرکەوتبوو، کەچی هاواریان دەکردو دەیانگووت: کوڕینە فریاکەون وابزانم (هەڵگورد) نەماوە.

زۆر سەیر بوو بەلامەوە کە هێندە بەڕوونی هەموو شتێکی ئەو ڕووداوە لەسەرەوەوە دەبینمو تەنانەت دەیانبینم بەدیار کلّێشەکەی منەوە دانیشتوونو پەژارە لەچاویانەوە دەبارێت. سەرنووسەر بەدەستی راستی دەماری دەستەچەپی منی گرتبوو، تابزانێت دڵم لێدەدات؟ (شوان) گوێی نابوو بەسنگمەوە تا بزانێ هەناسەم ماوە. یەکێکیان دەیانگووت ماوەو ئەویتر دەیگووت

نەماوە. دیمەنی لاشەکەی خۆمو پەژارەی هاوڕێکانم بەجێهێشت، تا بزانم لەولاتر چی دەگوزەرێ. جادەکەم بینی خەڵتانە لەخوێنی بەشەر، ئاوڕی راستو چەپی ئاسمانەکەی خۆمم دایەوە، بینیم چەندین کەسی دیکەش وەکو من لەتاو ئەو تەقینەوە گەورەیەو بۆ ئەوەی نەمرن، زەمینیان جێهێشتووەو بەڕووتی، بەبێ بەرگی جەستەیان پەنایان بۆ ئاسمان بردووە. هەموومان، ئەوانەی سەرەوە رووت بووینو بەرگەکانی خۆمان دەبینی شلو شێواو لەو ناوە کەتوونو خەڵتانی خوێنو قوڕن. بەرگەکەی من هەر باش بوو، تەنها یەك پارچەی بچووکی بەرکەوتبوو، کە لەئاستی چەپی سەرسنگ، رێك لەسەر خورپەی دڵم، دڕاوێکی تێدا بوو. ئەگەرچی ئەو هەموو نەهامەتییەم دەدی، کەچی زۆر دڵشاد بووم بەوەی کە رۆحم سەلامەتەو تەنها بەرگی جەستەمە کەوتووەو فڕێدراوە لەو ناوە. دەمگووت بەس نییە خێرا فریاکەوتم بێمە ئاسمان. هەر ئەمبولانس بوو دەهاتو پڕیان دەکرد لە کوژراوو بریندار. لاشەکەمیان خستە نێو مەیتخانەکەی نەخۆشخانەی ئازادییەوەو لەپاڵ هەشتا لاشەی تردا دایاننا.

دیمەنی مەیتخانەکە سەیرو سامناك بوو، زۆر گوناهیش بوون ئەو بەرگانەی کە لەوێ فڕێدران. من بەزەردەخەنەیەکەوە سوپاسی کلێشەکەی خۆمم کردو پێم گووت: چلو شەش ساڵ، لەچەندین ولاتی دنیابوومو تۆ هەر ماڵی رۆحم بوویتو سوپاس کە ئەو ماوەیە بەرگەی ئازارەکانی منت گرت. من پێموابوو کێشەکان لە جوگرافیادان، دواتر زانیم لە مێژووی رۆحماندانو لە ئێمە جیانابنەوە. یەك بەیەك جوگرافیاکانم بەجێدەهێشت تا مێژوویەکی تر بۆخۆم دروستبکەم. لە کەرکووکەوە بۆ تاران، لەئێرانەوە بۆ پاکستان، لەدیمەشقەوە بۆ بەیروت، لەئەستەمبوڵەوە بۆ بوخارست، لەبێرنەوە بۆ بەرلین، لەڕۆماوە بۆ ڤییەنا و دواتر بۆ چەندین شوێنی ترو دواجاریش بۆ ستۆکهۆڵمو ئاکامیش بۆ کەرکووك. درەنگ زانیم کێشەکان لە جوگرافیاکاندا نینو لەنەخشەی نەستماندانو مێژووی عەقڵمان لێیان بەرپرسیارن.

هاتمەوە سەر ئاسمانی مەیدانەکەو بینیم لەجاران شلۆقترە. بینیم کەسوکاری هەرچی کوژراوە لەوێ دەگرینو سنگی خۆیان دەکوتن. لەناو ئەوانەدا خوشکەمم دی کە ئارامی لەبەربڕاوەو لەتاوا جلەکانی خۆی لەبەریدا پارچەپارچە کردووە. کە بەو شێوەیە بینم زۆر خەمبار بووم، هەر هاوارم دەکرد کە بێدەنگ بێتو نەگریت، ئەو گوێی لەدەنگی من نەبوو. هاوارم دەکرد ئەوەتام من لێرەم لەئاسمان، ئەوەی کە کوژرا تەنها جەستەکەمە، منی تێدا نیم، من جەستەکەمم بەجێهێشتووەو لەناوی نیم، بەڵام مەخابن ئەو دەنگی منی رۆح، یان سەدای رۆحی منی نەدەبیست.

ئەگەرچی لەبیرم نەچووبووەنەوە، بەڵام لەبەر گەورەیی رووداوەکە نەپەرژام بچمە کن (هەتاو)و (شانتی)و بزانم لەکن ئەوان چ باسەو چۆن رووبەڕووی ئەم رووداوە دەبنەوە. ئیدی دوو هەفتەکە تەواو بوو بوو، منیش رۆحم لەزیندانی جەستەمدا ئازاد بوو بوو، دەمتوانی بەچاوتروکانێك بچمەلایان و بیانبینم. بەڵام دەترسام ئەوانیش وەکو خوشکەکەم نەمبینن و بگرین و شیوەن بکەن. بیرم کەوتەوە کە هەتاو لە دوا چیرۆکی خۆی رێك باسی ئەم دۆخەی کردووە، دڵنیابوومەوە کە هەتاو لەزمانی رۆح تێدەگاو دەنگی زەنگی گیان دەبیستێ. بۆیە بڕیارمدا سەرێك لەلاشەکەم بدەمەوەو دوای ئەوە بچم سەر لە کچە خۆشەویستەکەم و هاوسەرەکەم بدەم کە لەولاتی خودان.

لەمەیتخانەکەدا براکەمم بینی بەکوڵ دەگری بەسەرمداو براڕۆ دەکات، دوای ئەو خوشکەزاکانم و خوشکانم. دەمزانی دەنگی من نابیستن، بۆیە بەخەمبارییەوە تەماشام دەکردن و منیش لەگەڵ ئەواندا دەگریام. چاوی هەموویان ببووە دەریایەکی مەنگو بەسەرسامییەوە دەگریان و منیش زۆر گریام، بەڵام من بۆ ئەوان دەگریام، چونکە من ئازاد بووبووم و ئەوان هێشتا دیل بوون. ئەوان هێشتا گیرۆدەی دەستی ژیان بوون، ژیانێکی بێهوودە لەشارێکدا کە لەتابووت دەچێ. چ ئەستەمە بەرۆح و کلێشەکەیەوە هەردەم لەنێو تابووتی نابووتدا بیت. بینیم لاشەکەیان شۆردەوەو کفنیان کرد. خوشکەکانم دەگریان و دەیانویست کفنەکە بدڕێنن، تا هیچ نەبێ یەك چرکەی تر چاویان پێم بکەوێت، کەسانی دی دەستیان دەگرتن و نەیاندەهێشت نزیکی لاشەکەم بکەون. ئینجا بەرەو گۆڕستان کلێشە مردووەکەیان بەڕێخست، منیش هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵیان بووم و لەو سەمەرەیەم دەڕوانی کە لەشارەکەمدا ڕوودەدات. یەك بەیەك لافیتە رەشەکانم خوێندەوە کە لەبەر دەرگای ماڵەکان و سەرکۆڵان و بەر مزگەوت و سەرشەقامەکاندا داکوترابوون. لەپڕ ناوی خۆمم خوێندەوە. نازانم بۆچی راچڵەکیم، ئەگەرچی دەمزانی جەستەکە لەهەوەڵ چرکەی بیگ بانگەکەوە مردووە. دەشێ ئەو راچڵەکینە بۆ ئەوە بووبێ کە زۆر بەناهەقم دەزانی پێش ئەوەی نیوو سەدە بژیم، جەستەم ماڵئاوایی لێکردم و نەیتوانی هیچ نەبێ چوار ساڵی دیکە بەرگەم بگرێ. هیچ نەبێ تا پرۆژەکانم تەواو کردبا و ئەو کتێبەی کە دەمویست بینووسم تەواوم کردبا. یان رەنگە هۆی ئەوەبێ لەبەر تەمەنی (شانتی) وا نیگەران بمو لۆمەی جەستەم بکەم، کە نەیتوانی هیچ نەبێ تا ئەو کاتەی فریشتەکەم هەندێ گەورە دەبێت و دەیخەمە سەر سکەی ژیان، جێگەی رۆحم بکاتەوە. کە لافیتەکەم خوێندەوە تۆزێکی تر گریام. تەرمەکەم بەرەو گۆڕستان بەسەر شانی ئازیزانمەوە بوو. کەس نەمابوو لە کەس وکارم لەوێ نەبێت، چەند سەیر بوو بەلامەوە، کاتی زەماوەندەکەی خۆم و (هەتاو)م بیرکەوتەوە، لەلای ئێمە تەنها لەشایی و لەشین ئاوا هەموو خزم و خوێش

دەستەوایی دەکەن‌و هاوبەشیی دەکەن. جیاوازییەکەی ئەوەبوو، لەشاییەکەمدا پێدەکەنین‌و لەشینەکەمدا دەگریان.

گەیشتینە گۆڕستان، نازانم کوێڕا فریاکەوتبوون گۆڕێکی ئەوەندە قووڵ هەڵکەنن، لەو ساتەدا پێکەنینم بەکولتووری خۆمان دەهات کە لەهەموو شتێکدا خاوو خلیچن، کەچی بۆ لەگۆڕنانی مردوو ئەوەندە گورج‌و گۆڵ‌و خێران. لەو کاتەدا بیرێکم بۆ هات‌و لەبەرخۆمەوە دەمگووت: هەقوایە کورد لەگەڵ هەموو گەلانی دیکەی دنیا لەمردوو ناشتندا پێشبڕکێ بکات‌و دڵنیام دەیباتەوە. هەر هێندەی بڵێی یەك، دوو، سێ، جەستەکەمیان بەخاك سپارد. لەو ساتەدا کە خاکەکەیان بەسەردا دەکردم، زۆر هەستم بەئارامی کرد، چەند باشە کە لە کەرکووك نێژرام. ئەمە نیوەی وەڵامی پرسیارەکەی هەتاو بوو، کە چەندین جار دەیپرسی بۆ ئەوەندە بەکەرکووکەوە پەیوەستی‌و بۆ هێندە حەز دەکەی لەکەرکووك بژین. سەیرە، ئێمە دەڵێی بۆ مەرگ دەژین، هێندەی ئەوەی بۆ ژیان بمرین. کە لاویش بووم بیرم لەو دەستەواژانە دەکردەوە کە فێریان دەکردین‌و وایان دەکرد مەرگمان لەلا پیرۆزتر بێت لە ژیان. من زوو درکم بەهەڵەی ئەو بیژەیە کرد، بۆیە ژیانم خۆش دەویست.

*

کە تەڵقینەکەیان خوێندەوەو هەمووان فاتیحایان بۆ گیانم خوێند، من لەسەرەوە چێژێکم پێگەیشت. کە ئەوان گۆڕستانەکەیان بەجێهێشت، منیش دوای تاوێکی کورت ئەوێم بەجێهێشت. چەند چاکە کە ئێستا بەچاوتروکانێك دەگەمەلایان‌و بەدیداریان دەگەم. ئەمە کۆتایی دووهەفتەکەیەو دەبێ بیانبینم. ئەوێم بەجێهێشت‌و لە ستۆکهۆڵم خۆمم بینییەوە. مەخابن کە هەر خۆم خۆمم دەبینی‌و کەس نەیدەبینم. بەڵام منیش مەبەستم لەهاوسەرەکەم‌و کچەکەم بوو، دەمزانی ها ئێستا، ها ساتێکی تر هەواڵیان پێدەدەن.

شانتی تەماشای فیلمی کارتۆنی دەکرد لە ژوورەکەی دیکە، هەتاویش دانیشتبوو بەدیار تەلەفۆنەکەوە. هەموو رۆژێ کاتژمێر یانزە تەلەفۆنم دەکرد، دیاربوو لەدواکەوتنی من نیگەران بوو بوو.

زەنگەکە لێیدا، زۆر بەخێرایی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت‌و خێرا گووتی: (هەڵگورد)، ئەوەبۆ دواکەوتی، چاوەڕوانی تەلەفۆنت بووم. بەڵام خێرا دەنگورەنگی گۆڕاو، هاواری کرد: بەڕاستیتە، کەی تەقینەوە روویداوە؟ سەعات یانزە؟ لەکوێ؟ چۆن؟ بەڕاستیتە بریندارە؟ راستم پێ بڵێ، ئەی ئەگەر بریندارە خۆی بۆ تەلەفۆنی بۆ نەکردم. دەباشە، بچۆ بۆ نەخۆشخانەو خێرا لەوێوە تەلەفۆنم بۆ بکەو تەلەفۆنەکە بدە دەستی خۆی با قسەم لەگەڵ بکات، ئەگەر بەتەنها یەك وشەش بێت، تا دڵنیابم.

هەستم بەلەرزینی هەموو جەستەی (هەتاو)کرد، من لەناو ژوورەکە بووم‌و نەیدەبینیم. تەلەفۆنەکەی داخست‌و بەکوڵ گریا،

دراوسێکەیان هاتەلای‌و لێی پرسیی: چی روویداوە، ئەو بەدەم قوڵپی گریانەوە تەنها توانی وشەی تەقینەوە دەربڕێت.

دیسانەوە تەلەفۆن کرایەوە، ئەمجارەیان راستییەکەیان پێگووت: پێویستە بێیتەوە بۆ کوردستان، مەخابن لەتەقینەوەکەدا (هەڵگورد) گیانی لەدەستدا. لەڕاستیدا دەبوایە بڵێن (هەڵگورد) جەستەی لەدەستدا، چونکە گیان لەدەست نادرێت، ئەوە جەستەیە لەدەست دەچیٚ‌و لەبەرچاو ون دەبیٚ. (هەتاو) خۆی ئەمەی باش دەزانی‌و لە دواچیرۆکیدا بەوردی گوزارەی لێکردووە، ئیدی نازانم بۆ لەو کاتەدا ئەو راستییەی لەبیرچووبووەو هەر دەگریا‌و هەردوو چاوی بووبووە دوو گۆمی خوێن.

(شانتی) کە هەستی بەگریانی دایکی کرد، فیلمی کارتۆنی بەجێهێشت‌و هات‌و بەنیگەرانییەوە دەیپرسی دایە چی بووە، بۆ دەگرییەی؟

–دەبیٚ بگەڕێینەوە بۆ کوردستان، تەلەفۆنیان کرد، دایکم نەخۆشەو دەبیٚ بگەڕێینەوە.

–نا، ناگەڕێینەوە، ئەی تۆ نەتگووت یەك مانگ لێرە دەبین، ئێستا دوو هەفتەیە لێرەین. هێشتا دوو هەفتەمان ماوە.

–دەبیٚ بڕۆینەوە کچی خۆم. تۆ بچۆ تەماشای کارتۆن بکە، تا تکیتی فڕۆکەکان جێبەجیٚ دەکەم.

(هەتاو) لەبەر فرمێسك چاوی نەیدەبینی‌و نەیدەزانی چی بکات. تەلەفۆنی بۆ (کوێستان)ی هاوڕێی کرد: (کوێستان) لە کەرکووك تەقینەوە بووەو هەڵگورد کوژراوە، دەبیٚ سبەینیٚ بگەڕێینەوە. تکایە یارمەتیم بدەو تکیتی فڕۆکەکەمان بۆ بگۆڕە.

لەهەتاوێك دەچوو ئاوابووبیٚ، پەژموردەو شێواو. بەبێدەنگی دەگریا تا (شانتی) هەست بەکارەساتەکە نەکات. منیش لەنێو ژوورەکەدا بەنادیاری باوەشم پێداکردبوو ماچم دەکرد‌و دڵخۆشیم دەدایەوە. ئەو دەمەی کە من لەباوەشم دەگرت بەکوڵتر دەگریا، دیار بوو یادگارییەکانی سەرەتای ئەویٖنداری بیردەکەوێتەوە. حەسرەتەکان‌و ئازارەکانی ژیانی نامۆیی‌و ژیانی دوورە ولاٚتیمانی بیردەکەوێتەوە. نیو کاتژمێری نەبرد، دەستەیەك لەهاوڕیٚ دڵسۆزەکانی بەخۆشەویستی خۆیان گەمارۆیان داو دەستیان کردە دڵدانەوەی. من لەو کاتەدا کە ئەوان لەویٚ بوون، دڵنیابوومەوە کە لەنێو دڵسۆزەکانی خۆیەتی ژوورەکەم بەجێهێشت‌و چووم بۆ لای (شانتی)‌و لەتەنیشتی دانیشتم‌و دەستم لەملی ئالاٚندو پێکەوە تەماشای فیلمی کارتۆنمان دەکرد..

دەبوو سبەی بگەڕێنەوە بۆ کوردستان‌و لەپرسەی مندا دابنیشن. ئەو شەش حەوت سەعاتەی کە مابوو، هەرچی دۆست‌و هاوڕێمان لە(ستۆکهۆڵم) هەبوو هاتن بۆ لای (هەتاو). شەو درەنگانیٚ کە هەمووان بەخەمناکییەوە ئەوێیان جێهێشت، تەنها

(هەتاو) مایەوە، (شاكار)ی بردە ژووری نووستنو منیش لەگۆشەیەكی ژوورەكە تەماشام دەكردن، بەڵام ئەمجارە(شانتی) وەك شەوانی تر داوای داهێنانی چیرۆكێكی نوێی لەدایكی نەكرد. لەجێی ئەوە لەدایكی پرسی:

—دایە، بۆچی ئەمڕۆ تۆ ئەوەندە گریای؟ بۆ هاوڕێكانی تۆو باوكم هەموویان هاتن بۆ لاتو ئەوانیشو تۆش دەگریان؟ بۆچی سبەینێ دەبێ بڕۆینەوە بۆ كوردستان، ئەی تۆ نەتگووت مانگێك لێرە دەبین، ئێستا دوو هەفتەیە نەك مانگێك، هێشتا تێر مەلەم نەكردووە؟

— (شانتی) گیان، من دەمەوێت راستییەكت بۆ بگێڕمەوەو باش گوێ لەدایە بگرە.

—باشە، دەزانم دەبێ شتێكم بۆ بگێڕیتەوە. سوپاس كە بۆم دەگێڕیتەوە.

— (شانتی) گیان، تۆ تەمەنت هەشت ساڵەو هەندێ شت هەیە لەداهاتوودا تێیدەگەیت، بەڵام زۆر شتیش هەیە، كە ئێستاش دەتوانی لێی تێبگەیت.

—دەباشە بۆم باس بكە، دایە.

—تۆ دەزانی مرۆڤ ئەگەر بشمرێت، رۆحەكەی بەزیندوویی دەمێنێتەوەو دەچێتە ئاسمان.

—ئم، دەزانم.

—دەبێتە ئەستێرەو بۆخۆی لەئاسمان دەدرەوشێتەوە.

—ئم، دەزانم مامۆستاكەشمان ئەوسا كە لەباخچەی منداڵان بووین وای گووت.

—ئافەرین، كەواتە ئێستا دەزانی مردن چییە؟

—بەڵێ.

—ئەگەر مرۆڤێ دیاریش نەمێنێت، ئەوە تەنها جەستەكەیەتی نەماوە، رۆحەكەی لەئاسمانە.

—دایە كەواتە ئەو هەموو ئەستێرانەی ئاسمان رۆحی ئەوانەن كە مردوون.

— (شانتی)، لەمەودوا ئەگەر منو تۆش بمانەوێت بابە ببینین تەماشای ئاسمان دەكەین.

—بۆ؟! دایە.. بۆ باوكم مردووە؟ ئەی دوێنێ بەتەلەفۆن قسەمان لەگەڵی نەكرد؟

—ئەمڕۆ كەسێكی خۆكوژ لەنێو لۆرییەكی گەورە خۆی تەقاندۆتەوە. تەقینەوەكە لە (كەركووك) روویداوە، لەو كارەساتەدا سەدان كەسی تریش بەركەوتوونو بابەش بەركەوتووەو تەواوبووە.

—بەڕاستی؟ باوكم ئێستا مردووە؟ كەركووكیش بەو تەقینەوەیە وێران بووە؟!.

(شانتی) هەشت ساڵە فرمێسكەكانی یەك بەدوای یەك هەڵدەوەرینو ئەوەی كە نارەحەتی كردم مردنی خۆم نەبوو،

تەنانەت گریانەکەی ئەو فریشتە هەشت ساڵەیەشم نەبوو، بەڵکو پرسیارە مێژووییەکانی بوو.

– دایە، ئیدی قەت بابە نابینینەوە؟

–کچم چۆن نایبینییەوە، ئەی باسی ڕۆحم بۆ نەکردووی، لەوانەیە ئێستا لەنێو ئەم ژوورەدا لەگەڵمان بێت.

کە ئەم قسەیەی کرد، من پێکەنیمو زانیم هەستی بەبوونم کردووە لەنێو ژوورەکەدا. (شانتی)ش هێمنتر بووەوەو بەئارامییەوە تەماشای بۆشایی ژوورەکەی دەکرد. هەردووکیان وەک من بێدەنگ بوونو، (شانتی) هێدی هێدی خەوی لێکەوتو (هەتاوی)ش چاوەکانی لێکنابوو، منیش وەک فریشتە بەدیار (هەتاو)و فریشتەکەمەوە دانیشتبوومو تەماشام دەکردن. لەوساوە، ئیدی لە هەموو کاتێک و لە هەموو شوێنێکدا لەگەڵیانم. زوو زووش سەر لە (کەرکووک) دەدەمەوە. ئاخر (باوەگوڕگوڕ) تەواو لەو ئاتەشگەیە دەچێت، کە یەکەمین پەرستگای ڕۆحم بوو، لە یەکەمین سووڕی ژیانمدا، ئەو دەمەی کە پەیامی خۆشەویستیم بەسەرزەمیندا دەبەخشییەوە. چەند شادمانم، کە لەو ئاتەشگەیەوە هەڵفڕیم، بەبێ ئەوەی لە خاچیش درابم!

**کەرکووک – هەولێر**

*ئەم چیرۆکە خەڵاتی یەکەمی دوانزەیەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژی بەدەستهێنا.

# راموسانی خەونە تەربییەکان

....، ئـەویش، کـەخۆی لەبەتانیەکـە پێچـابوو لەپەناگەمـدا, بەڕواڵەت نوستبوو، بەڵام بێدار بوو...

منیش، لەبیابانی نەستی خۆمدا کەتمە تێفکرینو بیرکردنەوەو دروســتکردنی تـانوپۆی خەیاڵـە پچـڕ پچـڕو ناتەواوەکـەم کەچەندوەختە دەمەوێت تەواوی بکەمو بۆم تەواو ناکرێت..

ڕێچـکەی خـەیاڵم لەتولـە ڕێیـەکی باریـك دەچـوو، پێبـەپێ بەشوێن پێو هەنگاوەکانمدا گەڕامە دواوە, لەگـەڵ هاویشتنی هـەر شـەقاوێکدا, دەیـان دڕکـەز لەگۆشـتو خـوێنم دەچـەقین, لـــەجێی خـــۆمو لەســـەرخۆ دەکەتمـــە بـــژارکردنی قاچـــە دڕکاوییەکانم, جارێکی دی، بەڵام لەجاران بەگوڕتر بۆ پێشـەوە تەکانم دەدا، ڕۆیشتمو لام نەدا، تا گەیشـتمە مـەزاری خـۆم, زۆر شتم بینی. بەڵام هیچیانم بەهەندوەرنەگرت, هـەموویان لـەئاقار شەنگەباڵای ئەو یادەدا بنچکە باڵاو دەستەمۆ بوون..

ئیتر لـەوێوە ئیستێکم کـردو ڕازێکـی ڕەشتاڵە لـەئامێزی گـرتم، بـەجیا بـەدووی دۆزینـەوەی سـەرەداوی ئـازاری خۆمـدا کـەوتمو خەیاڵم بە (با)سپارد...

وەکو کەڵە ئاسکێکی چوستو چالاك لەهەڵبەزو دابەزدا بووم، دەچوومە حەواو دەهاتمە خوارێ.

(ئەو)، ئەوسا هێشتا کچ بوو، دەمێك بوو خەونی رەنگاو رەنگم بەو شەوەوە دەبینی، هەر جارەی بەشێوەیەك...

(ئەو)جارێك دەبووە چڵە نێرگزێکی بەهاری چاوگەشو پەپوولە هەناوی هەڵدەمژی...، لەم هەڵمژینو راموسانەشدا چەند هێندەی تر کولمەکانی شەنگترو هەناوی گەشتر دەچووەوە.. لەو دەمەدا لەگەڵ فریشتەکاندا دەبووە هاوڕێو هاو...، هەرکە لەوخەوە بێدار دەبووەوە، جەستەیەکی ئارەقاویو سیمایەکی شەرمنو هەناوێکی شپرزە.., سەری بۆخوارەوە کزدەکردو لەنێوەندی لاقەکانی رادەما..!

ئەم خەونانە بەوردو هەراشیانەوە,وەکو گوڵەباخ چرۆیان کردو جارێکی دی لەنەستی مندا ژیانەوە، منیش چاوی یەك یەکیانم ماچکردو بۆنی هەناسەی هەموویانم کرد، گەرم تر لەجاران لەئامێزم گرتن.

بەڵام هەندێ جار، ئێڵنجێم دەهات بەحاڵی ئەو کیژانەی کە بەتۆپزیو بێویستی خۆیان دەیانخزاننە ناو تەونو رایەڵی جاڵجاڵۆکەی خەو خەیاڵی کوڕانو زرتە پیاوانی سوڵتانەوە، کیژۆڵەکانیان دەکرد بەشەیتانو، بەکەیفی خۆیان دەیانشێلان هەتا شەیتانی دەبوون...

خەیاڵم لەشێوەی هەورێکی کەوەیی جارجارە لەخۆیدا مۆڵی دەخواردو چڕدەبوەوە، هەندێ جاریش رۆشنو گەش خۆیان نمایش دەکرد...لەپاش سکاڵاو سەربووردەی ئەم خەونانە بەزەیم لێدەچۆڕا بۆ ئەو کیژانەی کە بەبێ مەیلی خۆیانوەکو ئاسکۆڵەیەکی ناسك دەکرانە پاڵەوانی خەونە هەڵبزڕکاوەکانی کوڕانی گورك ئاساو هەرزەو سەرسەری...

بەڵام هەندێ جاریش دروست پێچەوانەی ئەمە راستە، کوڕان ئەگەر گورگیش بن، هەر هێندەی ئەو گورگە بەرپرسن کە تاوانی خواردنی جەستەی حەزرەتی یوسف یان لەئەستۆ نا..

بێ مەبەستو نازانم بۆچی سەرم هەڵبڕی، روانینم ئاوێتەی تیشكو شەوقی گڵۆپەکە بوو. لەگۆشەی لای راستی ژورەکەمەوە قژێکی زەرد بەڵام تاڵ تاڵە سپی تێکەڵ ببوو، لەشێوەی راستەهێڵ هێواش هێواش بۆ ناوەڕاستی ژورەکە کشا... بەدەنگێکی کزۆڵەو نزمەوە خۆی پێناساندم کە نوێنەری خەونەکانی کچانی عازەبی شارەو.. لەگۆشەی لای چەپیشەوە، چەند گەندە مویەکی رەشو چەند تەڵ ریشو سمێڵی ماشو برنجی، رەقو نووك تیژ، بەهەمان دەستوور لەشێوەی راستەهێڵ هات, هەتا ناوەڕاستی ژورەکە کشا.. ئینجا بەدەنگێکی گڕ، بەڵام تاساوەوە خۆی پێناساندم کە نوێنەری خەونەکانی کوڕانی شارەو...

هەردوو هێڵەکە هەر بەحەواوە چەند جارێك بەدەوری یەکدا خولانەوەو، پاشانیش لەیەکدی دورکەوتنەوە, بەرەو بنمیچی ژورەکە هەڵکشان و پاش تاوێك وەکو دوو راستەهێڵی تەریب و یەکسان شانبەشانی یەکدی هاتنەخوارێ و هەریەکەیان بەنیگای قوڵیان ئەویدییان دادەپۆشی، بەشێوەیەك سیمای یەکدیان گرتبوو, بەئاسانی راستەهێڵ و نوێنەرەکانم بۆ لەیەك جیا نەدەکرانەوە، لەدوورەوە ماچبارانی یەکتریان دەکرد... دواجارەوکو دووپارچە سەهۆڵ توانەوەو بوون بەچەند دلۆپە ئاوێك.

لەم حەلەدا، هزرم چیدی رێگەی نەدا ئەم پرسیارەی لەخۆی کرد:

-دوو راستەهێڵی تەریب چۆن بەیەك دەگەن؟

-ئەمە یاسای ماتماتیکە، کێ دەتوانێ لێی یاخی بێت و هەڵیبوەشێنێتەوە؟

هێشتا پرسی ترم زۆر مابوو.,. قریشکەو هاورێك لەچەند دلۆپە ئاوەکە بەرز بوەوە، تەورێك ناوەڕاستی هەردووکیانی دوولەتکرد, هێواش هێواش گرێکان لەیەکدی ترازان، ماچە رەنگاڵەییەکان کە تازە گەیشتبوونە سەر کولمی یەکدیوەکو پەپولەی شەرمن و باڵکراو بەسەر عەرزەکەوە راکشان... لەدلۆپە ئاوەکانیشدا, پێکهاتەو یاسای ئاو تێکچوو، ئۆکسجین و هایدرۆجینەکان لەیەکدی جیابوونەوە..لەپاش تاوێك، سەدایەك لەبۆشایی ژورەکەمدا دەنگی دایەوە:

-کێ گوناهکارە لەم نێوەندەدا، کچ یان کوڕ؟

-کەسیان.

-ئەدی کێ؟

-تاوانبارت بۆچییە, بۆ خۆت گێل دەکەیت, یانی نازانی..؟؟

* * *

قەڵەمەکەم کەچەندوەختبوو لەنێوان پەنجەکانمدا دەساژۆ مابۆوە، خۆی رسکاندو لار بووەوەو بەدەمدات کەوتە سەر سنگی لاپەڕە خاڵی و سپییەکەی سەر باوەشم.. کەبەنیاز بووم سەرەداوی خەیاڵە ناتەواوەکەم تەواوبکەم.

هەر هێندەی بڵێی یەك و دوو، ژوورەکەم بروسکەیەکی داو باری ئاسایی خۆیوەرگرتەوە. بەڵام لەپاشی ئەم نمایشانە روخسارم هەڵبزڕکاو جەستەشم شەکەت تربوو.

من دەمویست لەگەڵ رووداوەکاندا بژیم و هەرچی نهێنی خۆش و ناخۆش، زانراوو نەزانراوو هەیە لەدوتوێی خەیاڵی خۆمدا مۆڵیان بدەم، یان گەڵاڵەیان بکەم... دەمویست تێبگەم لەسیحری پێکەنین، لەئەوکی گریان و لەشەوقی مانگەشەو، لەمەنگی دەریاو، لەسەرشێتی شەپۆل، لەنهێنی و زمانی

بێدەنگی، لەفڕوفێڵو زۆرزانی سەراب، دەمویست هەر ئەم شەو سەردانی نزرگەی عاشقان بکەمو لەڕازی مەعشوقەکان تێبگەم.

بەلاَم (ئەو)، کەخۆی لەبەتانییەکە پێچابوو، لەپەناگەمدا بەڕواڵەت نووستبوو، بەلاَم بێدار بوو.. نەنووستبوو. حەزی دەکرد قەڵەمو کاغەزەکەم لەدەست فڕێداو لەیادی ئەو شەوەی (ئەو) بووکی یەك شەوەو (من) زاوا چەند جارێك ماچم کات... بەلاَم نەجوولاَو خۆی متکرد.

(ئەو) جارێکی دی گوێی لە دەنگی ناخی خۆیگرت، پێڵوی رۆحی خۆی هەڵخست، بەئاوازی یادی ئەو شەوە، لەدڵەوە هاتە سەما...

دڵی منیش بوو بەنیشتمانی کچانو کوڕانی عازەبی شارو خەونەکانیانی لەئامێز گرت...وشەکانیانوەکو زنجیر لەدەستو قاچم ئالاَنو...(من) مت بووم... سەرەتا قەیرە کچەکان گوتیان: (حەزمان دەکرد سیمامانوەکو گوڵ گەشو جوان بوایە، بەلاَم ئاخ، لەبەرئەوەی روخسارمان ناشرینە کوڕێك نەهات بمانقرتێنێتو بۆنمان پێوە بکات، تەنیایی بوو بەهاوڕێو هاوسەرمان، ئەگەر چی ناخمانوەکو بەفر سپیو پاکەوەکو گوڵیش بۆنخۆش، بەلاَم ئەم بۆنە کەسی مەستنەکرد... ئێمە نوێنەری هەموو قەیرە کچە ناشرینەکانی شارین، ئەم رازەمان بگەیێنە بەهەموو کوڕانی شار، پێیان بڵێ: مەملەکەتێ لەکچان هەن لەچاوەڕوانی ئێوەدا کانی چاویانوشکی کردو قژی رەشیان سپی بوو، مەمکی قوتو سرکیانوەکو گندۆرە بڵ بوو بڵ... هەر نەهاتن... پێیان بڵێ: جەستەی تەزیوو سستمان تینوی پەنجەو ختوکەی ئێوە بوون... بۆچ نەهاتن؟ پێیان بڵێ: تازە زەمەنووەرزەکانی ئەڤین مردن، ئەگەر ئێمە مەیمونەکانی شاربین، ئەوا ئەوان سەگە خوێڕیو برسی سەر زبڵدانی جادەو کۆلاَنەکانن... بەکوڕانی شار بڵێ: زۆر بێ ئینساف بوون. چەند شەنگ دەبوو گەر کوڕان هێندە دڵڕەقو دیلووابەستەی چاوی برسییان نەبوونایە؟ خۆزگە کەمێکیش گوێبیستی رازی دڵی سافمان دەبوون... بەکوڕانی شارەکەم بڵێ: مەملەکەتێ لەقەیرەکچان هەن خۆیان بۆ عیسا هەڵنەگرتوەو راهیبە نین... خۆیان لەپەنای بێدەنگیدا حەشارداوە، ئەگەر هیمەتی کوڕانی شار نەبێت، لەجیاتیوان مردن بەئاسانی بەبێویستی خۆمان لەئامێزی خۆیمان دەنێت... دەبێ ئەوسا کوڕان چی بکەن؟ بەکوڕانی شارەکەم بڵێ: ئێوە پایزتان بەسەر بەهاری ئەڤیندا هێنا، وەرزەکانی ئەڤین بەسەرچوون، روخسارو سیمامانوەکو پەڕەی گوڵ خاوێن بوو... نەهاتن ئەمێستا سەرو قژمانوەکو کۆترە دارێکی پایزە، روتو سپییە... روخسارمانوەکو دەشتای پاش باران شەقار شەقارو چاڵ چاڵە..).

سکاڵاوویردو رازەکانی قەیرە کچانی شار لێم نەدەگەڕان تاك تاكو دەستە دەستە دەهاتنە خزمەتم, لەدەریای خۆیاندا دەیانتاساندم...

خۆم گورج کردەوەو، جارێکی دی قەڵەمەکەم راستکردەوە، کەتا ئەو کاتە هیچ نەبزوا بوو, هەر لەجێی خۆیدا بوو... لێرە بەدوا، لەگەڵ هزری خۆمدا, کە زۆر سرك و سەرکێش بوو, کەوتمە گێرمەو کێشەی زیاترەوە... بەجۆرێك سەر قاڵی رووداوەکان بووم, چیدی نەمدەتوانی لەم دورەوەوەکو کەسێکی ئاسایی تەماشای روداوەکان بکەم.. هێواش هێواش چەند جارێك هەر لەجێی خۆمەوە بزوامو... ئیتر بووم بەرۆح و چومە جەستەی پاڵەوانی چیرۆکەکانمەوە، ئیتر ئەوە من نەبووم کە قەڵەمبازی بەووشەو جێگۆڕکێ بەڕووداوەکان بکەم... بەڵکو بەکەیفی خۆی بەهەورازو نشێودا سەری دەخستمو دای دەبەزاندمەوە.

یەکەم جار بەکێوی برسێتیدا سەری خستم, لەجێی خۆی تاساندم. پەیامی مەرگی برسێتیم بەشاردا پەخشکرد، پاشان لەگەڵ (ئەهریمەنی شەڕ) کەوتمە شەڕێکی دەستەویەخەی خوێناویو قورسەوە, هەرچی بێ دەستوپێو پەککەوتەی شەڕ هەبوو, هەرچی ئاوارەو بێخانەی شار هەبوو، بوون بەشوێنکەوتەمو خۆشم بووم بە سوپا سالاریان، لەدوای هێوربوونەوەی شەڕەکان ئەم بانگەوازەم جاڕدا:

(ئەی مەسیحایی ئاشتی ئەی گروی مرۆڤایەتی، ئارامیمان دەوێت ئارامی، ئێمەی قوربانیانی شەڕ لەدەرگای حەق دەدەین، ئەوە بەهارە, ئەدی بۆچی لەم مەملەکەدا هیچ شین نابێت؟ دەدەی لەم سەرەتای بەهاردا ئاشتیمانوەکو نێرگز بۆ دەسکەنە بکەن, وەکو شەونم بەهێمنی دابارێنو جەستەی خوێناویمان بشۆنەوە...).

*

پاڵەوان لێم نەدەگەڕاو پەلکێشی دەکردم بۆ هەموو کوڵانو گەڕەكو ماڵێك... تەنانەت بەشێوەی (دۆنادۆن) دەیکردمە جەستەی هەموو بونەوەرێکی ترەوە، وەکو فریشتەی خێر دووباڵم لێڕواو بەئاسمانی شاردا دەیگێڕام لەبەردەم قەڵا ئاسنینەکەی زینداندا فڕێیدام، هەڵوێستەیەکم کردو زۆر ترسام، دوو دڵ بووم، سەرەنجام چوومە خزمەتی زیندانییەکانو هەموویانم بەسەرکردەوە، لەزامو جەستەی کون کونیان عەبڵقەبووم... لەوەنەوشە هەتوانم بۆ دروستکردنو برینەکانیانم ساڕێژکرد، بەڵام هەرچەندم کرد ئەفسوس، نەمتوانی جارێکی دی هیوا لەدڵیاندا بروێنمەوە، بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە ماڵ ئاوایم لێکردن... ئەمانیشم بەجێ هێشت...

وەکو چرایەکی گەش بەتاقی ئاسمانەوە داگیرسابووم، شەوقم هەموو درزو کون‌و کەلەبەرێکی شاری رووناك کردبۆوە.

ئەمجارەیان بووم بەمیوانی کۆڕی هەرزەکارو لاوە هەژارەکانی شار، ئەو لاوانەی کە تا ئەوکاتە دڵی لەخۆبایی کچانی لووتبەرز لەئاستیانداوەکو بەردوابوون...

مەراقم بوو لەڕازی ناخی ئەمانیش بگەم، بێ مۆڵەتوەرگرتن چوومە ژوورەوە. ناخ‌و دڵیان کەلاوەیەکی بێ دەرگاو چۆڵ‌و هۆڵ بوو... هیچم نەبینی، لەخزمەتیاندا ئیستێکم کردو دانیشتم گوێم شلکرد لەسکالای ئەمانیش:

–(ئێمە خێڵی کوڕانی هەژارو نامرادی شار، دڵمان نەبوو بەجێنیشان‌و هیچ کیژێك نەیدواندین، چاومان تەقی لەئاقار لارولەنجەی کیژاندا، زۆرجار بۆ پیاسەو هاتووچۆی کچانی شار, دڵمان‌وەکو بەری دەست رادەخست، کەچی ئەوان بەڕێچکەی شەقامی دڵی ئێمەدا گوزەریان نەدەکرد... قوڵایی دڵمان‌وەکو کانی روون‌ووەکو دەریا فراوان بوو، بەڵام ئەوان ماسییەکی سەرکێشی لەخۆبایی بوون, لەدەریای دڵی ئێمەدا مەلەیان نەدەکرد، تەمەنمان لەگەڵ ئەو خەونە شێتانەیەدا بەسەر بردو هەر شەوەو بەکیژێکەوە شەیتانی دەبووین...) ئای لەسەرابی ئەو خەونانە...

***

لێرە بەدوا نەمتوانی چیدی هەنگاو هەڵێنم، هێزم لێبڕاو تەواو شەکەت بووم. هەر چۆنێك بوو خۆم باریك کردەوەو بەتۆپزی لەقوتی پاڵەوانی چیرۆکەکەم هاتمە دەرێ، کە تا ئەو کاتە لەجەستەی ئەودا بووم‌و بەئارەزووی خۆی بەکەندو لەندیدا دەدام...

زۆری نەمابوو هەردوو گوێم کاسبێت، دڵم تادەهات زیاتر دەگوشرا، ماوەیەکی زۆر حاڵێکی نائاسایی جەستەو رۆحمی تەنیبوو، بەڵام دواجار خۆم رسکاندو هێواش هێواش‌وەبەرخۆم هاتمەوەو لەبارێکی ئاسایدا لەنگەرم گرت... ئینجا فەرمانم کرد بەقەڵەمەکەی دەستم، کەتا ئەو کاتە لەنێوان پەنجەکانمدا رەق ببوو، کەبچێت خەونە تەریبیەکانی قەیرەکچانی شارو کوڕانی هەژاران کۆبکاتەوەو یاساکانی ماتماتیك کەدەڵێت: دوو راستەهێڵی تەریبی یەکسان بەیەك ناگەن درۆ دەکات... لێرە بەدواوە، لەم یاسایە یاخی دەبم... دەبێت پیرۆزی‌و راستگۆیی خۆیان لەدەست بدەن.. مادامەکی دوو هێڵی تەریب یەکسانن بەیەك، هەر ئاوهاش دەبێت بەیەك بگەن!

***

ئەو کە دەمێکە لەپەناگەی مندا خۆی لەبەتانییەکە پێچابوو, بەڕواڵەت نووستبوو، بەڵام بێداربوو، نەنووستبوو. هەر لەژێربەتانییەکەوە لەجێی خۆی بزواو کەوتەجوڵە، منیش، بۆ

پشوودان, قەڵەمەکەم لەسەر سنگی لاپەڕەکە داناو چەند جارێك پەنجەکانم تەقاند...

خەیاڵە تەریبییە ئاوێتەبووەکانی هەردوکمان وەکو پەڵە هەورێکی پەمەیی روح سووك بەسەر سەرمانەوە دەسوڕایەوە... ئێمەش جەستەمان لەبەردەم پلوسکی یادی ئەو شەوەی ئەو بووکی یەك شەوەو من زاوا راخستو... بەسوزێکی گەرمەوە هێڵە تەریبە بەیەك گەیشتوەکانمان لەئامێز گرتو... لەدڵی پاکژی ئێمەشدا... ماچ باریو رۆحیشمان بوو بەیەك.

2ی شوباتی 1999

## ژانی بڕیاری شەوێك

سەری لەناو هەردوو رانیدا خەواندبوو، بەهەردوو دەستی توند، لاقەکانی گرتبوو، بەدیار مەلۆتکەکەوە دۆش دامابوو.
بەدیمەن سەرێکی بچکۆلەو ملێکی ئاسایی، بەلاّم شارێکی پڕ لەجەنجاڵو کێشە، دەروونێکی پڕ لەکۆستو مەینەتییەکی یەکجار قورس، قورس، بەبارتەقای کێوێك، نەیدەزانی چیبکات، لەلایەك پێیخۆشبوو. کەقەت رۆژ نەبێتەوە، بەدەستی بوایە دەورانی شەوو رۆژی دەگۆڕی زەمەنی رادەوەستاند..
بەدیوێکی تر پێیبکرایە، چەرخەی شەوو رۆژی وەگەڕ دەخستو زوو شەوو رۆژی بەسەر خۆیدا دەهێنا.. تاوەکو ئەم تەمەنە پڕ مەینەتییەی زووتر بەسەر بچوایە..
چۆنوانەبێت؟ ئەو دەبێت ئەمشەو بڕیارێك بدات..
سەری کاسی بەرز کردەوەو هەتا توانی هەناسەیەکی پڕ لەتاسەی هەڵکێشا.. دەنگی هەناسەکەی لەناو بێدەنگی ئەو ژووره ساردەدا سەدایەکی سەیری هەبوو.. بێدەنگییەکەی ئەو شەوەش لەڕادەبەدەر بوو، وای بۆدەچوو کەزیروح لەدنیادا نەماوەو هەموویان کۆچیان کردووە بۆ هەسارەیەکی دی، هەرچی کێشەو دەردو کەسەری خۆیان هەیە بۆئەمیان جێهێشتووە..
دەردی (ئەم) رێك بەقەد دەردی هەمووان بوو.. دنیا کشو مات، نەکۆکەیەك، نەوەڕەی سەگێك، نەمیاوەی پشیلەیەك.

تەنانەت گیزەی مێشێکیش نامۆبوو.. سەری بۆلای مەلۆتەکەکە شۆڕکردەوە، دوودڵ بوو لەوەی ئەمیش هەناسە دەدات یان نا..
هەتا دەهات گۆمی خەیاڵی لێختر دەبوو. تا بینەقاقای لەخەیاڵدا نقوم بووبوو.. کێشەکان وەکو کێوێکی بەرز لەپێشیدا راست ببوونەوە، ئەمیش کەسێکی ئیفلیجو نابیناو کەڕو بێدەسەلاّت، جێ دەرزییەك چییە خۆشی شك نەدەبرد..
چاکترین دەرمان خۆکوشتنە! هەر ئەمەیە کە بتوانێت بیگەیەنێتە مەنزڵو رزگاری بکات لەهەموو مەینەتییەکانی..
لەوەتەی خەیاڵی خۆکوشتنی هاتووە بەمێشکا، کەمێك هەست بەبارسووکی دەکات. لایوابوو سەری گلۆڵەکەی دۆزیوەتەوە، چەند ساتێك ئاسوودە بوو، لەپڕ ئاسمانی مێشکی چەخماخەی داو گۆمی خەیاڵی لە جاران زیاتر شلّەقا..
– ئەی مەلۆتکەکە؟
ئەمە پرسیارێك بوو وەکو تیر جەرگی پێکاو جارێکی دی زامەکانی هێنایەوە سوێ.. دووبارە قوولاّیی خەمەکان هەڵی لووشی.
خەمیش میوانێکی بێبەزەییو بێشەرمە، بەئارەزووی خۆی بەناو دڕكو داڵدا پەلکێشت دەکات.

زۆر لەجاران ماندووتر بوو، وەکو کەسێکی شەکەت هەناسە بڕگەی پێکەوت، توند بەهەردوو دەستی گەرووی خۆی گرت، دوای تاوێـك هـەردوو دەسـتی گواسـتەوە بۆسـەر دڵـی، زۆر بـەخێرایی ترپـەی دەهـات، لێـدانی دڵـی ئاسـایی نـەبوو، بەسەرسووڕماوییەوە سـەیری هـەردوو دەسـتی خـۆی دەکـرد، ئەی بینی چۆن ترپەی دڵی هەڵپەڕکێ بەدەستەکانی دەکات، چاك دەیزانی لێدانی دڵی ئاسایی نییە، بەڵام نەك هەستی بەئازار نەدەکرد، بەڵکو لەوەش نەدەترسا کە ئەمە دوا شەوی بێت.. کەمێك دڵخۆش بوو بەوەی کەوا مەرگی نزیك بووەتەوە.. وەکو هـەواڵێکی خۆشیان پێدابێت، لەدڵـەوە پێدەکـەنی، وای بۆدەچـوو کـە ڕزگـار بـوونی نزیـك بووەتـەوە. سـەری بـۆڵای مەلۆتکەکە هەڵسوڕاند، وەکو دیل لەبەردەمیدا ملکەچ بوو.. جارێکی دی خۆی ونکرد.. ژاوە ژاوی سەری زیادی کرد.. ترپـەی دڵو ژاوە ژاوی کاسـەی سـەری حاڵـەتێکی ناخۆشـیان بۆخوڵقاندبوو، زۆر جاڕس بوو، کەوتە سەرزەنشتی دایکی و بابی..

– ئاخر ئەگەر ئێوە نەبن من بۆوام بەسەر دێت؟

وەکو شێت ئەمەی چەند جارێك دووبارەکردەوە.

– ئاخر بۆ دەبێت چارەنووسی من ئەم مەینەتییەی بەدواوە بێت؟ چ تاوانێکم کردووە.. بۆ دەبێت ئەم ڕۆژە ڕەشە ببینم؟

وایدەزانی تاوانبار لەپێشیدا ڕاست بۆتەوە. لەدوای تاوێك گریان، هاتەوە سەرخۆی..

هەر دەبێت ئەمشەو بڕیارێك بدەم..

چـاوی بڕییـە مەلۆتکەکـەو نەیدەتروکانـد، ئێسـتا جگـە لەمەلۆتکەکە، هیچ شتێك لەبەرچاوی نەبوو، تاوای لێهات بەری دیدەی تاریك بوو، تاکە تروسکاییەك کە دەیبینی، مەلۆتکەکە بوو.. لەپێش چاوی گەورە بوو، گەورەو گەورەتر بوو، تاوای لێهات مەلۆتکەکە هاتە قسە:

– دایکە من باوکم نییە؟

– ڕۆڵە هەندێك کەس هەن هەر باوکیان نییە!

**(چاك دەزانی وشەی بابە مانای چییە..**

**بەڵام هەرگیز نەتدەزانی ئەی تۆ بۆچی بابەت نییە..**

**قەڵەمی شکاوی گەردوون، وەك پەڕەی گوڵی هەڵوەریو**

**ناوی دایکی نا بێوەژن.. ئەتۆش هەتیو..)***

تروسـکاییەکە لـەپێش چـاوی بچـووك بـووەوە، بچـووك و بچووکتر، بوو بەخاڵێکی ورد، دواییش بووەوە بەمەلۆتکەکەی جاران. هەستی بەلاوازی خۆی دەکرد، بێزی لـەم ژیانـە مردووە دەهاتـەوە، هێڵـە تەریبـەکان کەلەگڵۆپە سفرەکەوە پەخشی ناو ژوورەکە ببوون، دیمەنێکی قەشەنگیان هەبوو، هەردوو چاوی دوو مـامزی سـرك بـوون، لـەناو شـتەکاندا لەهەڵبـەزو دابـەزدا

بوون، بەسەر وێنەکەوە گیرسانەوە. هەڵوەستەیەکی بۆکرد، تاوێکی چاك لەوێنە هەڵواسراوەکە راما.. گەلێ یادگاری بەدواوە بوو. ئەو رۆژەی چاك لەیادە کە ئەو وێنەیەیان گرت..

ئەو رۆژە سەرەتای رۆژەکانی بەهار بوو، عەسرانێکی درەنگ باوکی ئەم مەلۆتکەیە گوتی:

– شەونم دەزانی ئەمرۆ لەهەموو رۆژێك یادگاریترە.

– دیارە رۆژی لەدایك بوونتە.

– نەخێر .

– ئەی چییە؟

لەسەرخۆ دەستی خستە سەرشانی شەونم..

– ئەی لەیادت نییە ساڵی پار وەکو ئەمرۆ تۆ بووك و من زاوا بووم؟

– بەڵێ بەڵێ چاکم لەیادە، چۆن لە یادم نییە.

– دەبا بۆ یادی یەك ساڵەی ئەو رۆژە، وێنەیەك بگرین..

گریا زۆر گریا چاوەکانی دووکانی بوون و وشك بوونیان بۆنەبوو، بەڵام داخ و مەخابن کەس هاواری ئەمی نەدەبیست هەموو لەشیرینی خەوی خۆیاندا بوون.. هەر بەڕاستی وادیاربوو جگە لەم، کەس هەناسە نادات.. ئەگەروانییە، بۆکەسێك جوڵەیەکی نییە؟

ئێڵنجی هات، بەئەسپایی لەژێر لێفەکەوە جولایەوە، بایەکی سارد وەکو دووپشك چزایە گیانە ئارەقاوییەکەیەوە، دووبارە خۆی گرموڵە کردەوە، زیاتر ئێڵنجی هات، بەپرتاو لەژێر لێفەکە هاتە دەرەوە، لەناوەڕاستی ژوورەکەدا کەوت، رشایەوە، رشایەوە.. ناودەمی تامی ژەهری ماری لێدەهات، دوای تاوێك وەکو سەرخۆش هەستایەوە، دووبارە چووەوە ژێر لێفەکەوە.. لەرز جەستەی داپۆشی.. هەڵدەلەرزی.. دەروونێکی کورە ئاساو جەستەیەکی ساردو سڕ. راست لە مردوو دەچوو لەدوای تاوێکی زۆر هێور بووەوە، سەری لەلێفەکە بەرز کردەوە:

– هەر دەبێ بڕیارێك بدەم.

– بەڵام چۆن؟

ئەمجارەیان نەشڵەژا لەسەرخۆو ورە بەرز بوو..

– بەیانی بەڕاشکاوی پێیان دەڵێم: لەت لەتیشم بکەن جارێکی دی مێرد بەکەس ناکەم.. بابرای ئەویش بێت، ناتوانم کەسێکی دی بکەم بەباوکی ئەم مەلۆتکەیە..

زۆری بەزەیی بەمەلۆتکەکەدا هاتەوە..

– بۆ دەبێ تۆش ئەمڕۆژە رەشە ببینیت؟

– ئەی نەدەبوو تۆش وەکو منداڵانی دی بەنازی دایك و باوك گەورە بێت؟

– ئەوە نەكرا بەنازی باوك گەورەبیت، بەڵام دەكرێت لەنازی دایك بێبەش نەبیت.. بەڵێ دەبێت، بۆ نابێت؟

لەدوای تاوێك رامان لەمەلۆتكەكە، بەزمانێكی تەڵخەوە گوتی:

– ئەمن جگە لەدایك، بڕیاربێت ببمە بابیشت.

بەدەست خۆی نەبوو بزە هاتە سەر لێوانی.

– چی دەبێت ببێت، ئەمە دوا بڕیاری منە.

ماچێكی مەلۆتكەكەی كرد، لەوكاتەدا گوێی لەقووقەی كەڵەشێرێك بوو.

دوایش خەوێكی قووڵ لووشیكرد..

نیسانی 1993

* كۆپلە شیعرێكی (مهاباد قەرەداغی) یە.

# رازی نیگای چاوەكان

چ سرێكت لەناو دڵدا حەشارداوە، بە پەنهانی

كە چاوت چەشنی ئاوێنە، وەها بێ پەردە دركانی

هەردی

– بۆ ناجولێی؟ بۆ ئەم بارەت ناگۆڕیت ؟

– دە بجولێ و هەستە سەرپێ, رزگارم کە لەم مەینەتییە، با چیتر ناسۆر گیانم نەکێڵێت.

ئەمەی بەتیلەی چاوە سەوزەکانی درکاند، تۆش کەرو کاسبووی, هیچ لەو زمانە پەنهانە نەگەیشتی، هەر نەجوولای, چەند ساتێکە لەناوەڕاستی دالانەکەدا خۆت لەبەر هەتاوەکە هەڵخستبوو، لەشی شێدارت گەرم دەکردەوە، ئەویش چاوە سەوزە جوانەکانی تێتبڕی بوو, نەی دەتروکان، بێئاگابووی, پێتوانەبوو بوویتە بە لەمپەرو رێگری (ئەو).

(ئەو) چاوەڕوانی ئەوەبوو کەی لەو راکشانەت وەڕس دەبیت، ئەویش تۆ ئاسا, بەڵام بێئۆقرە بەسەر دیوارە تەڕەکەوە هەڵکوڕمابوو، بەچاو لێت دەپاڕایەوە, گەر لەزمانی حاڵی بای هەر زوو بارو بارگەت دەپێچایەوەو رێگاکەت بۆخۆشدەکردو فەرمووت لێدەکرد.

تۆ مرۆڤێك نەبووی کەویژدانت مردبێ، بەڵام ئێستا بوویتە بەدێوەزمەیەك. کاروابرِوات کارەساتێکی تاڵ و گەورە بەسەر ئەودا دەخولقێنی، ئەویش هیچکات لەڕەگەزی تۆ خۆشنابێت.

–کێ لە کوشتەی جگەرگۆشەی خۆی خۆش دەبێت؟

تۆ لە خەیاڵی خۆتدا نوقم بووبوویت، خەیاڵت کۆترێکی سپی بوو لەجیهانێکی دیدا چوونەی دەکرد. تۆ ماوەیەکی زۆرە دوریت لە ژن و کیژە تاقانەکەت, گوێت لەچرپەیان نییە، تا ئەو کاتە نەتدەزانی هێندە شیرین و خۆشەویستن.

خۆشت نەتدەزانی ئەم خەیاڵەت چۆن بۆهات، کەوتیتە تێفکرین و وردبوونەوە.

( ژیان سەرکەوتن و ژێرکەوتنە، ترشی و شیرینییە، خۆشی و ناخۆشییە، پێکەنین و گریانە، ئەمانەش هەموو دژە یەکن! تا ئێستاش ئەم دوو دژانە لەگەڵ کاروانی ژیاندا هاتوون و بۆ چرکەیەك دوا نەکەوتوون هەمیشە میوانی مرۆڤ بوونە.. بەڵام زۆرجار بووە سەرجەم ژیانی مرۆڤێك هەر گریان و تاڵی بووە،

هەموو کەسێکیش لە ماناو تامی گریان ناگات، گریان تامی خۆی هەیە، دەڵێن: گریان ئارام بەخشی گیانە.. ئاخۆ دەبێت گریان لەپێش پێکەنین, یان پێکەنین پێش گریان کەوتبێت؟).

ئەم پرسیارە زیاتر مێشکی ئاڵۆزکردی، لەدووی سەرەداوێکی ئاڵۆسکاو دەگەڕای، دەیان جار ئەم پێچ و ئەو پێچت بۆکرد، وەکو لەبەردەم کێشەیەکی گەورەدا بیت, تا دواجار ساڵێك لەمەوبەرت هاتەوە یاد..

ئەوکاتە هێشتا باوك نەبووی، بەبێئارامییەوە چاوەڕوان بووی، دەهاتیت و دەڕۆییت، هێندە شپرزەو ئاڵۆسکاو بوویت,وات هەستدەکرد خەمی هەموو دنیات لەکۆڵناوە، دواجار لەگەڵ مژدەیەکدا گوێت بەنووزەو گریانێك ئاشنا بوو.

–مژدەم بدەرێ بەسەلامەتی رزگاری بوو.

بەدوو هەنگاو خۆت گەیاندە سەری، پارچە گۆشتێکی پەمەیی بوو، زۆرت حەزدەکرد بزانیت رەنگی چاوی چۆنە، هێشتا چاوی نەکرابووەوە، بەڵام هاوارو ناڵەو گریانی کاسی کردیت..

سەرە داوەکەت دۆزییەوە شەپۆلی دڵت لەنگەری گرت و بەهێمنی وەڵامی پرسیارە شێتانەکەت دایەوە.

(کەواتە گریان پێش پێکەنین کەوتووە).

خۆت ئافەرینی خۆتت کرد، خۆشییەك بەخشرایە گیانت. تەزوویەکی ناوەخت بەهەموو لەشتا تێپەڕی، دەنگێك وەکو مۆتەکە سەرو دڵی زیندانی کردی, تەمەنی مرۆڤ ژیان و مردنە.

دەنگەکە گوتی:

–(ئەگەر ئێستا هەواڵی مردنی کچە تاقانەکەت بۆ بێنن, چی دەکەیت؟).

وەکو شێت بەهەر چوارلادا پەلاماری دەنگەکەت دا.. بەخۆتدا هاتیتەوەو سەرزەنشتی خۆتت کرد, بەناچارییەوە داوای لێبوردنت کردو لەسەرخۆوەڵامت دایەوە:

–(هەموو ژیانم دەبێت بەگریان).

ئەمجارەوەکو لەدەنگەکە بپاڕێیتەوە کە ئەو مافەت پێ ڕەوا ببینێت، بەزمانێکی لاڵەوە گوتت:

–(ئاخر مردنی جگەرگۆشە جەرگ بڕینە).

*

چاوە سەوزە زەقەکانی سیس بووبوون، هێندە خێسەی لێت گرتبوو، بەڵام تۆ بێئاگا لەدەوروبەر خەریکی تاووتوێکردنی کێشەی خۆت بووی.. (ئەو)یش گریا. لەم جۆرە گریانانە نەگەیشتی، ئەگەر ئەویش بەزمانی تۆ بەڵەد بوایە بۆی دەسەلماندی کە مردنی جگەرگۆشە جەرگ بڕینەو سەر لەبەری ژیانی دەبێت بەگریان..

ئێستا (ئەو) دەستەمۆو کەم توانایە، (تۆ)ش جەلادو بێبەزەیی، لەدوورەوە خانە بەخانەی جەستەیت دەرزیاژن کرد، تالآوت کرد بەگەرووی داو.. (ئەو)یش شیوەنی کرد، گریا، پاڕایەوە، زریکاندیو.. (تۆ) هەر نەجولای. (ئەو) چەند جارێك جێگۆڕکێی بەشوێنەکەی خۆی کردو دیسانەوەوەکو جاران لەبەرامبەرت هەڵکورمایەوە، چاوەکانی تێتبڕییەوە.

(زۆرجار بووە چاویش قسەبکات! زمانی چاو زمانێکی تایبەتییە, هەموو کەس پێی ئاشنانییە، زۆرجار دوو جووتە دڵدار بەزمانی چاو یەکدی دەدوێننو سکالاو راز بۆ یەکدی دەکەن).

چاوی ئەو هاتە گۆو بەسەرو دڵتا هەڵشاخا.

-(بۆ ناجولێی؟ بۆ ئاگات لە بۆکڕوزی جەرگم نییە کە قرچە قرچ دەسووتێتو نێڵەی دێت؟ هۆ مرۆڤەویژدان خەساوەکە هەستە سەرپێو چیدی بەس بەشیشی ژەنگاوی گەرو و دڵم بکێڵە، دەبجولێ, دەڕاپەڕەو بارەکەت بگۆڕە.. نەفرەت لەرەگەزی مرۆڤ، تف لەناوو توانا و دەسەڵاتتان، بۆ دەبێت دەسەڵاتدار هەمیشە بێبەزەییو دیکتاتۆر بێت؟ ئەگەر ئێستا دەسەڵاتم دەبوو، دەزانی چیم دەکرد؟ بۆ ساتێکی کورت تۆم لە جێگای خۆم دادەنا، ئەوسا لەئازارو برینی من دەگەیشتی ئەم تاوانەش خاڵێکی رەشە بەتەوێڵتانەوە ئەی رەگەزی مرۆڤ..).

زۆری سەرزەنشت کردی، بەڵام(تۆ) هەر نەجوولای، وەکو هەر بەم بارەوە لەدایك بووبێتی، (ئەو)یش لەخەیاڵو بیرکردنەوەی تۆ بێئاگا بوو، ئەمجارەش خەیاڵ هەڵی فڕاندیو لەجیهانە ئاساییەکە دەری کردی، دەیان پرسیاری سەیرو سەمەرە بەکۆڵاو خانەکانی مێشکتدا تێپەڕین، کەمجار بووە ئەم مۆتەکەیەی کە ئەمڕۆ یەخەی پێگرتووی بتبەزێنێ، بەڵام ئەمڕۆ مۆتەکە پاڵەوانەو سەری پڕ ئێشت گێژو گێژتر دەکات. هەر نەجوولای، چاوەڕوانی (ئەو)یش تکاو ئەمجارەش لەجاران بەکوڵتر گریا...

*

لاقەکانت تەواو سڕبووبوون، چەند جارێك پێت گرمۆڵە کردوو راتکێشایەوە، هەستایتە سەرپێووەکو لەزمانی حاڵی گەیشتبێتیتوویژدانت جولابێت، چەند جارێك ئەم سەرو ئەوسەری دالانەکەت کرد.

لەپڕ دەنگی ژنو کیژە تاقانەکەت بەرگوێ کەوت، هاتیتەوە سەر باری ئاسایی خۆت، بەهەنگاوێك خۆت گەیاندە لایان، بە پەلە کیژەکەت لەدایکیوەرگرت, دڵە بچکۆلەکەییت بەخۆتەوە گوشی، چەند جارێك ماچت کرد..

*

پشیله چاو سەوزەکەش کە چەند ساتێکی زۆر بوو بەتیلەی چاو نیشانی لێتگرتبوو بە فرسەتی زانیو بەگوڕێك خۆی گەیاندە لای کونەکە، دەستی کردە گواستنەوەی بەچکەکانی...

ئەوکاتە هەردووکتان بەچکەکانتان لەئامێز گرتبوو، (ئەو بەچاو ئەو رازەی درکاند، کە رەقبوونەوەی جگەرگۆشە بەبەرچاوی دایکەوە خەمێکی کوشندەیە، (تۆ)ش سەری رەزامەندیت بۆی لەقاند.

**سلێمانی**

**کانوونی یەکەم** 1992

# سەمای تەمەنە پەژموردەکان

**بۆ رۆحی خاوێنی ئیسماعیل، کە بەناحەق لەزیندانەدا تووشی هستریایان کرد.**

## دیمەنی یەکەم:

### دوێنێ

سەرنجت کەرنەڤاڵی خۆشییە، شادی بەباڵاتدا بڕا، لەڕوخسارتدا هەمیشە بەهار بەدیدەکرا، سەرو قژت لەدرەختێکی پیرە ساڵ دەچوو، لەگەڵ تێپەڕبوونی هەروەرزێکدا ئەمیش شەنگتر باڵای دەکردو مەزنتر دەبووو

دەلەنگایەوە..ورەت وەکو شاخ کەڵەگەت بوو، لەگلێنەو چاوی تۆدا مێژوو سەربەزانە رووداوەکانی خۆی نمایش دەکرد..

تۆ نەورەسێکی ئەفسانەیی سەهەندە بوویت، نازانم شەقەی باڵی تۆ بوو، یا دڵی پڕ لەرقی ئەهریمەن بوو تەقی، لەگەڵ ئەم ئاوازانەدا ئاسمان ئۆقرەی نەدەگرت و چەخماخەی دەداو بارانێکی پڕ لەرەحمەت دایدەکرد، نازانم ئەوە دڵۆپەی شەونم بوو بەشەرمەوە دەهاتە خوارێ، یا ئارەقی پڕ لەشەرمەزاریی و تاوانی ئەهریمەن، کەرەنگی مەرگی خۆی بینی، لەدوای ئەمەو هەر لەوێدا چڵە گەنم دەردەپۆقی و کانییەکانیش سترانی خۆشییان بۆ نێرگز دەچڕی.. لەلایان پەپولە بویت، رۆژانە گوڵی ماڵە هەژارەکانت دەلاواندەوە، دەتکردنە جێنزرگەو روگەی خۆت، دڵت هەرەزانەیەکی مەحکومو قایم بوو، منداڵە بێنەواکانی شار جۆلانەیان لەسەر دەکرد، شەوانەش هەر لەو ماڵۆچکەو ساباتەدا نوچ دەیبردنەوە..

لەلایەکیش خەوت لەجانەوەرانی شار زڕاندبوو، بووبویتە مۆتەکەی سەر دڵی رەشییان.. جارجارە لەسەرمادا دەرچین و هەڵدەلەرزین، تاوتاوەش ئارەقی ترسیان دەردەدا، زۆری نەمابوو لەوترسەدا بتاسێن، ناچاربوون راوێژ بەیەك بکەن، شەوانە دەیان پیلان و نەخشەو بەرنامەیان دادەرشت، بەڵام هەوڵەکانیان بێئاکام و گۆیژە کێڵان بوو، مایە پوچ، شەکەت و ماندو مجرۆ، دەستەوئەژنۆ بەترسەوە دەگەڕانەوە..

رۆژێکیان جانەوەران سکاڵای خۆیان بردەلای ئەهریمەن، ئەهریمەنیش بۆ سەرخستنی کارەکانیان، دەیان رێگەی تاقیکردوە تا سەرئەنجام ئەم بڕیارانەی دەرکرد:

–دەبێت پەپولە لە هەموو شاردا قڕ بکرێت!

–دەبێت نزا بۆ سەرۆك بکرێت!!

–ژیان چییە گەر نەیبەخشی بەسەرۆك؟!!

ئیتر لەورۆژەوە (ئەبوو عامر)وەکو داڵێکی برسی کەوتە وێزەت بەدوی نهێنییەکانی نەستتدا دەگەڕا.. نیازی بوو گوڵزاری ناخت بڕاکێنێ و لەجێگای وی درك و داڵ بروێنێت..وەلێ هەوڵەکانی بێهودە بوون، لەمرووەوە هیچی بۆ بەرهەم نەهات، مخابن دواجار تووشی هستریای کردی..

ئێستا هەموو شتێك لە بەرچاوت بەئاوەژووو پێچەوانە ئارایشت و نمایشی خۆیان دەکەن..

–ئاخ (ئەبو عامر) چەند تاوانباری !!

## دیمەنی دووەم
## ئەمرۆ

سیمات ماسییەكی سركەو بۆم رام ناكرێت، سەرنجت ئاسكێكی چوارپەل باريكو تيژڕەوە.. لەناو مێرگێكی خەياڵيدا لەهەڵبەزو دابەز دايە، لەڕوخسارتدا دەيان رووداوو كارەسات دەخوێنمەوە، سەری ئەميان دەگرم، ئەويانم ليوندەبێت، دڵنەوايی ئەميان دەكەم، ئەويانم لێزيز دەبێت، زريكەو گريانێن كاسم دەكات، ماچی ئەميان دەكەم، ئەوی دی گازم لێدەگرێت!

خەونەكەكانت گەورەن، زۆر دەترسم لەگێڕانەوە چيرۆكی زامەكانتدا تووشی چورتمە ببمو ئازارەكانتم لێبڕەنجێت، خەمی گەورەش لەوەدايە، برينەكانت بێنە قسەو بەسەرو قژمدا هەڵشاخێنو گازندە لە بەختی خۆيان بكەن، وەڵێ هەرواش بەسانايی ناتوانم دەستبەرداريتبمو بەسەرنجەكانت ئاشنا نەبم.. تێڕامانووردبونەوەت لە شتەكان ئاسايی نييە..

پەرداخێك ئاو چ پێويست دەكات هێندە بەقوڵی تەماشای بكەيت؟

ئاسمانی چاوت چەخماخەی داو بووبە دوو كوانوی پشكۆو نێڵەنێڵ دەسووتان، بەهەردوو دەستت كاسەی سەرت راگرت هاوارو زريكەت ئاسمانی شەقدەكرد، ئازارەكانت هاتنە قسە، پەرداخە ئاوەكە بووبە دەرياو شەپۆلەكانی گڕبوون، چوارپەلی هەزاران مرۆڤيان شەتەك دەداو لەئاوە گراوييەكەيان هەڵدەكێشا، لاقێك، دەستێك، كەلەسەرێك، بەدەم شەپۆلە ئاگراوييەكەوە فڕەكەيان دەهات ...دەريا بووبە كانی خوێنو گياندارانی دەرياش چەند بەرابەر قەڵەو بوونو زاوزێيان كردو ..تۆش يەكێك بويت لەو دەستوپێ بەستراوانە، لەگەڵ شەپۆلەكاندا لەرمبازەو بگرەو بەردەدا بوويت..

زۆر بەزەحمەت دەستت دايە پەرداخە ئاوەكەو گەرەكتبوو بيخۆيتەوە، بەڵام بەبێ ويستی خۆت، پەرداخەكەت لەگەڵ ديواری بەرامبەرتدا تەختكرد، پەرداخەكە شەقار شەقارو ئاوەكەيشی پەخشانی ناو ژورەكە بوو، دڵۆپ دڵۆپی ئاوەكە بەسەر كەلوپەلە هەڵواسراوەكەی ناو ژورەكەداوەكو شەونم لەنگەری گرتبوو..

لەدوای چەند ساتێك ئارام بويتەوە، ديمەن هەمان ديمەنی پێشوو، مێزو كورسييەكە، جلە هەڵواسراوەكە، پاكەت، رۆژنامەكە..

ناولەپت لەتەوێلت ساوی، جەستەت ئارەقێكی لينجی دەردابوو، سەرت لەخۆت سوڕما بوو، كە بۆچی ديارەكان بەئاوەژوو پێچەوانەوە دەبينيت؟ لە خۆت دەپرسی:

تۆ بڵێی شتەكان هێندە پێچەوانەو بێسەروبەر بووبنو من لێيان بێئاگابم؟

زەمەنێكی زۆر لەم جيهانە دابڕای، لە بۆشايی زيندانەدا بەتەنها مايتەوەو، هەر لەوێدا هەموو شتێكت لەدەستدا، هەرچی

هۆش و ژیریت هەبوو بەتۆپزی تاساندیان، یان لێیان زەوتکردی، پاشان بەسەرێکی خاڵییەوە دەستبەرداری جەستەو رۆحت بوون، بەڵام لە دوای چی؟

–ئای (ئەبو عامر) چەن تاوانباریت!

دەتهەوێت قەتاعەت بەخۆت بکەیت کەتۆ، تۆی شێتۆکە لەسەرحەقیت کەشتەکان ئاوەژوو بوونەتەوە! وادێتە بەرزەین کەپەیوەندییەکی پێچەوانە هەیە لەنێوان دیاردەکان و ئەندێشەو بیری تۆدا!

ئەرێ بەڕاست، ژیان و هەڵسوکەوتی خەڵکی شار گۆڕاوە، یان بیرکردنەوەو تێفیکرینی من؟ ئەمە پرسیارێك بوو سەرلەبەری جەستەتی دەرزیئاژن دەکرد، لەوڵامدا متەقت بۆ نەکراو لاڵ بوویت!

زۆرت لێکدایەوەو بەدوی ئەم تەرزە باسانەدا کەوتیت، هیچت چنگ نەکەوت، بە شەل شەل، ماندو مجرۆ دەگەڕایتەوە کۆنە هەوار..

بزەیەکی تاڵ کەوتە سەر روخسارە هەڵبزڕکاوەکەت، بە قینەوە گوتت:

ئەگەروابێت ئەوان پەپولەو ئێمەش ئەهریمەن!

–بەڵام بۆچی جێ قەپاڵی هێند بەئازارو ژاناوی بێت؟

–نا، نا، هەرگیزوانییە، نەئەوان پەپولەو نەئێمەش دڕندە..

–ئاخ.. ئەبو عامر چیت بەسەر هێنام؟

نەدەتوانم خۆم بەپێوە رابگرم، نەدەتوانموەکو مرۆڤێکی ئاسایی بیربکەمەوە، هۆش و زەینی من لەتاڵە موییەك باریك و ناسکترەو بەر ئەو یەکتربڕینە دەکەوێت و لەجێی خۆی دەقرتێت، ئیتر من و ژیری پەیوەندییەکمان لەنێواندا نامێنێت و هەموو دیاردەکان بەئاوەژویی و پێچەوانە دەبینم.

–ئاخ ئەبو عامر.. ئێسكوپروسکت تێکهاڕیم، هەر نەمردم، دوکەڵی ژەهراویت کرد بەگەرومدا.. هەر نەمردم! بەوەشەوە دڵی رەشت تەسکین نەبوو، ئەمجارەیان وەکو دالاش هاتیتەوێزەی شارەوێرانەکەی کەللەم و یەکبەیەکی خانەکانی سەرمت پشکنی و بەدوای نهێنیدا دەگەڕایت! هیچت چنگ نەکەوت.. لە داخاندا ماڵ بەماڵ و خانە بەخانەی جەستەمت کرد بەکەلاوە.. ئێستا هەر چەند دەکەم بۆم دروست ناکرێتەوە، ئێستا خۆم خاوەنی خۆم نیم، کەسێکی نامۆ بەخۆم فەرمانم پێدەکات و دواجاریش پێم پێدەکەنێت..

–ئاخ ئەبو عامر چیت بەسەر هێنام.. چەند تاوەنباری؟

## دیمەنی سێیەم

## سبەی

سەرنجت دەریایەکی مەنگو بۆنگرتووە، ماسییەکان حۆڵو سەرخۆشن، سیمات دەشتێکی شۆرەکاتی و گەرمەسێرەو هیچ درەختێکی تیا شین نابێت.. روخسارت ئاسمانێکی لێڵو خۆڵاوییە، باڵندەو پەرندەی تیا ناگوزەرێت!! مرۆڤێکی دەساژۆو فرێدراوە، گۆشەگیرو سەرلێشێواو ماتو کرووەك بەرد، کوڵکنو بێدەسەڵات.. قسەکانت کەس گوێیان لێناگرێت، کێ پێویستی بەسۆناتەو سروتو ئاوازی شێتێك هەیە کەهەموو شتێك بە ئاوەژوویی ببینێت؟

ئیتر خەڵکی راوێژت پێناکەنو رازی نابن چارەسەری دەردەکانیان بکەیت.. بگرە پێشیان خۆشە لێیان دوربکەویتەوەو کێشەکانیان بۆ ئاڵۆزتر نەکەیت.. ئێستا خەڵکی سڵت لێدەکەنەوە، لەبەر بۆنی ناخۆشت کەس خۆی بۆراناگیرێت!! ئێستا کەسانێك چەند بەئەمەكو دڵسۆزتبن، هەر هێندەیە کە بەزییان بەحاڵیدا دێتەوە.. ئێستا تۆ خەمەکانت بەکۆڵتەوەیەو هیچ کەسێك لەئامێزیان ناگرێت. خەیاڵت کۆترێکی باڵکراوەو توانای فڕینی نییە، نابەڵەدە بەمەوداو بۆشایی فراوانی ئاسمان..

ئای لەجوانی ئەم شێتییە، ئەگەرچی لەکۆمەڵداوەلانراویت، بەلام هێشتا دڵی کەیلت هەر لەلای خەڵکە، خەمی رۆژانەی ئەوانیشت کەڵکە کردە سەر خەمەکانی خۆت، بەنیازبوویت لەکەلاواکەی سەرتدا جێگایان بکەیتەوە، بۆیە لەئاکامدا هەموو دیمەنەکان سەربەرەوخوار نمایشیان دەکرد، دەشتزانی لەم بەزمەدا دەوروبەرت هیچ بەرپرس نین، نەخشەو کۆلانەکانی کەللەی سەرت لەبەریەك هەڵوەشاوەتەوەو بووەتەوێرانە.. ئێستا لەکاولەیەکی ئاوهادا لەدوی چی دەگەڕێیت؟ خەمی گەورەش لەوەدایە کەئەمانە هەموو راستیین، هەندێجاریش راستیی تاڵە. تاوانێکی فرە گەورەیە کە پەپولە بەپەتای هستریاوە سەربنێتەوە ..

– ئای (ئەبو عامر) چەند تاوانباریت؟

**سلێمانی**

**ئابی** 1993

## ئەڵقەی بوکێنی

کاتێك سەرکەوتی برام چەقۆکەی لە دڵی ڕێبوار دا چەقاند، (من) تەمەنم تەنها پێنج ساڵ بوو. لەبن پیرە دارەکەی لای ماڵی خۆماندا لەگەڵ بوکە شوشەکەمدا خەریکە گوڕوگاڵو گەمە کردن بووم. چۆن پەپولە لەگوڵ دەئالێتو بەدەورو بەریدا دەخولێتەوە، شیلەو هەناوی هەڵدەمژێت، منیش ئاوها لەبووکە شوشکەکەم ئالأبووم، خۆم بەقوربانی دەکرد، لەئامێزم دەنا لەسەریەك ماچم دەکرد، هەڵم دەپەڕاندو گۆرانیم بۆی دەچڕی، بەلەنجەوە سەمام بۆی دەکرد.. بۆ پشودانیش، بەردو وردە خاشەکانی دەوروبەرم لادەداو جێگایەکم بۆخۆشدەکرد، پاشانیش دۆشەکەڵەیەکی بچکۆلە، کەهەر خۆم لەپارچە پەڕۆ بۆم درووبوو، بۆمرادەخست، لەسەرخۆ بوکە شوشەکەم دەخستە سەری، قۆڵو باسکی خۆشم بۆدەکردە سەرینو لەتەکیدا رادەکشام، گورگانە شەوەو لایلایەم بۆیدەکرد..

(من) بەو تەمەنە کورتەمەوە، بووبووم بەدایکێکی میهرەبان و بوکە شوشەکەم دەلاواند، زۆر لەیەك دەچووین، ناخی هەردوکمان لەکلوە بەفرێکی تازە باریو دەچوو، تەنها جیاوازیمان هەر ئەوە بوو، (من) وەك منداڵێك قسەم دەکرد، وەلیَ (ئەو) دەنگ و جووڵەی نەبوو..

هێندەم لایلایە بۆکرد، بۆخۆشم خەوملێکەوت، نازانم چەند وەخت و زەمان بێئاگا بووم، بەڵام کاتێك بێدار بومەوە، دەستی راستم کەسەرینی بوکە شوشەکە بوو، تەواو سڕ ببوو، هەرچەندم دەکرد بەسانایی بۆمڕاست نەدەبووەوە، هەر لەجێی خۆمەوە چەند جارێك قامکەکانم بزواند و بۆناولەپم نوشتاندەوە، هێدی هێدی وەك چۆن ئاوی گەرم بەشەختەدا بکەیت، قۆڵ و باسکم خاو بووەوە و سڕییەکەی نەما و کەوتەوە جوڵە.

- بریا لە دوای هەستان، ماجەرای ئەو خەوانەم لەیاد دەما.

لەجێی خۆم راست بوومەوە، لەدوای ئەوەی چەند جارێك کوڵمەکانیم ماچکرد، بوکە شوشەکەشم بێدار کردەوە، زۆر بەجوانی سەرو قژیم داهێنا، پاشان جلەکانیم لەبەرداماڵی و جلکێکی بوکێنی قەشەنگم کردە بەری، لەتە ئاوێنەکەم بۆخستە بەردەمی، هەتا لەجوانی جل و سەرو سیما و روخساری شەنگی دڵنیابێت، ئینجا ملوانکەو حەتۆتەکانیشیم کردە ملی، هەر خۆم لەیەك کاتدا چەند رۆڵێکم دەبینی، جارێك بۆیەدەبووم بەبەربوك، جارێکیش بەزاوا، لەڕاستیشدا خۆم بەدایکی بوکە شوشەکەم دادەنا، بەڵام بەپێچەوانەی دایکانی ترەوە رەفتارمدەکرد، ئەوان لەمەراسیمی کچ بەشودانیاندا، دڵتەنگ و نیگەرانن، لەبری هەڵهەڵە فرمێسك دەبارێنن، بەڵام (من) لە شایی بەشودانی بوکەشوشەکەمدا زۆر دڵخۆش و مەستبووم، زۆرم حەزدەکرد هەڵهەڵەیەك هەڵدەم، بەڵام لەبەر ئەوەی تەمەنم تەنها پێنج ساڵ بوو، بەئاسانی نەمدەتوانی ئەو ئاوازە دەربکەم، یان راستر بڵێم: ئەو نمایشە ئەنجام بدەم..

لەناو وردەواڵەکانمدا ئەڵقە بچوکەکەم دەرهێنا و هەربەڕاستی گەرەکم بوو بوکەشوشەکەم بدەم بەشوو، دەستی راستیم بەرزکردەوە ئەڵقەکەم بۆلای پەنجەی براتوتەی درێژکرد، پێش ئەوەی ئەڵقەکەی لەپەنجەبکەم، چاوم برپییە هەردوو چاوی، ویستم روخساری بخوێنمەوە، بزانم لەمکاتەدا هەست بەچیدەکات؟ هیچ نەشڵەژاو باری دەروونی و جەستەیی تەواو ئاسایی بوو، ئەوەی نائاسایی بوو، باری دەروونی و جەستەیی خۆم بوو، هەستم دەکرد لەئاقار ئەزموونێکی سەختدام.

بەهەرحاڵێکبوو ویستم حاڵی خۆم ئاسایی بکەمەوە، تاوەکو زەماوەندەکە لەخۆم و بوکەشوشەکەم تێکنەدەم، ئەڵقەکەم تەواو لەقامکی نزیك کردەوە، بەڵام لەمکاتەدا تەزێکی ناوەخت هەموو جەستەمی داگیرکرد، ئەڵقەکەش لەدەستم ترازاو کەوتە ناو بەردەلانەکەی ژێر پێمەوە.. چۆن زەنگیانەیەك بکەوێتە دەریاوە، دۆزینەوەی مەحاڵ دەبێت، منیش ئاوها، ئەڵقەکەمون بوو، زۆر

بەعەودالییەوە بەدوایدا دەگەڕام، بەوردی بن بەردو خاشەکانم هەڵدایەوە، تائێستاش نازانم زەوی قوتیدا؟ یان نازانم چی لێهات؟

دەڵێن: لەزەمانی زۆر کۆندا، مەملەکەتێك هەبوو ڕێزی خاك‌و زێدی خۆیان لانەبوو، لەبەر ئاشوبی‌و مەرامی دنیایی جگە لەشەڕو یەکتر ناشتن، خاکەکەشیان بەبێگانە فرۆشتووە، خاك بەمکارە زۆر نیگەران‌و دڵتەنگ‌و تووڕە دەبێت، لەتۆڵەی ئەمەدا، تەنها یەکجار بەسەر هەموویاندا دەپژمێت، هەر لەجێدا هەموو خەڵکی مەملەکەت دەبن بەبەرد، پاشان خاك سنگی خۆی شەق دەکات‌و هەموویان بەرەو قوڵایی خۆی هەڵدەلوشێت، خەڵکی ناوی ئەو روداوەیان نا(نەفرەتی خاك). لەوڕۆژەوە هەموو خێڵەکانی سەرڕوی زەوی، لەترسی ئەم نەفرەتە، خۆ بەقوربانی خاك دەکەن‌و بەدڵ‌و بەگیان لەپارێزیدان..

مەراقم بوو ئەڵقەکە بدۆزمەوە، دڵیشم هەر لای بوکەشوشەکەم بوو، بەنامورادی لەسەر گازەرای پشت، لەناو خۆڵ‌و خاکەکەدا کەوتبوو، جووڵەی نەبوو، وەکو دایکێکی میهرەبان راستمکردەوە، چیلکەو چەوێڵەکانم لەسەر قژی تەکاند، چەند جارێك ماچم کردەوە، ئینجا لەسەر دۆشەکەڵەکە درێژم کردەوە.

دوبارە کەوتمەوە سۆراخ‌و دۆزینەوەی ئەڵقەکە، شێتانە بەردو خاشەکانی بنپێم تەخشان‌و پەخشان کردەوە، هەر نەبوو. لەپڕ وەکو دەرزیەکم پیادا بکرێت، دوپشکێکی زەرد بەسەری پەنجەی براتوتەی دەستەڕاستمیەوەدا، وەکو گۆیەك خڕیکرد، هێواش هێواش تەواوی قامك‌و دەستم شین‌و کەوەو مۆر بوو، پاش تاوێکیش رەش هەڵگەڕاو ئاوسا..

هەناسەم وەکو پەڵەهەورێکی تەماوی بەسەر سەرمەوە گرمۆڵە بوو، نیگاشم تادەهات وەك ئاوێکی لێخن شلوێتر دەبوو، بەری دیدەم تەواو تاریك بوو، هەتا توانیم زریکاندم، لە جێی خۆم وەکو بوکەشوشەکەم درێژ بووم‌و لەهۆش خۆم چووم.

لەمکاتەدا (سەرکەوت)ی برام چەقۆکەی لەدڵی (ڕێبوار)دا دەرکردەوە، کە هەتا مستۆکەی چەقاندبوو، دەست‌و مەچەك‌و قامکەکانی سور هەڵگەڕابوون، تکتك خوێنییان لێدەچۆڕا..

دایکم بەدوو هەنگا خۆی گەیاندە من‌و دەستی بەسنگ کوتان‌و هاوار کرد..

باوکیشم سەرکەوتی برامی‌وەکو گەوهەرێکی دەگمەن شاردەوە، نەیهێشت بەردەستی کەس‌و کاری (ڕێبوار)ی جوانەمەرگ بکەوێت، چونکە گەر بەردەستیان بکەوتایە، ئەوا هەر لەجێدا وەکو کارە کۆرپە سەریان دەبڕی‌و تۆڵەی خۆیان دەکردەوە..

لەدوای کوژرانی (ڕێبوار) ترسی تۆڵە سەندنەوە وەکو سێبەر بەدومانەوە بووو لێمان جیا نەدەبۆوە..

من کەتەمەنم تەنها پێنج ساڵ بوو، دەبوو سڵ لەهەموو شتێك بکەمەوە، متمانەشم بەکەس نەبێت، بەترسەوە نان‌و چامان دەخوارد، هەر بەترسیشەوە دەنووستین..

وەکو نەمامێکی قەدباریك، لەگەڵ ترسدا ساڵ بەساڵ مەزن تر بووم.
شەوێکی کپ و بێدەنگ بوو، خەوم لێزڕا بوو، بۆخۆشم نەمدەزانی بیر لەچی دەکەمەوە.
(مرۆڤ کاتێك خەوی لێدەزڕێ، ئیدی بێداری و هۆشیاری دەبێتە بارێکی قورس و دەروون لە بنیدا نرکەیدێت).
(زۆر راستە کەگوتویانە: خەوی ناخۆش لەخەوزڕان خۆشترە).
تەقەی دەرگاکە ئارامی و کپی ئەو شەوەی نەهێشت، زۆر ترسام، پێموابوو هەر ئێستا دەگەنە سەرمان و تۆڵەی کوشتنی (رێبوار)مان لێدەکەنەوە، هەناسەم لەخۆم بڕی، لەترساندا هەردوو چاویشم توند نوقاند، وەکو بەرد خۆم متکرد، چەند دڵۆپە فرمێسکێك لەدرزی برژانگەکانمەوە دزەیانکردو دەرپەڕین، وەکو شەونم بەسەر روومەتمەوە گیرسانەوە..
لەدوای تاوێك بێدەنگی، خشەخشێك پەیدابوو، رێك لەدەنگی پێ دەچوو کە بەهێواشی هەنگاو بنێت و بێتە پێشێ.
ئەگەرچی ترس قسەکردنی لەبیر بردبوومەوە، بەلاّم هەر چۆنێکبوو تینم دایە خۆم و هەتا توانیم فیزاحم کرد..
دایکم لەجێی خۆی راپەڕی و لەباوەشی گرتم، لەسەریەك دەیگوت:
– بسمیلا کچەکەم تێکچووە!
باوکیشم پەلاماری دەمانچەکەی داو بەدوو هەنگاو چووە پشت دەرگاکەو خۆی سازو ئامادە کرد.. ئیدی هیچ دەنگێك نەما، کاتێك شەوقی لایتەکەی بەو ناوەدا گێڕا، پشیلەیەك لەناو تەنەکەی خۆڵەکەوە هاتە دەرێ و نەمانزانی بەکوێدا فرتەی کرد..
*
بەبێ ویستی ئێمە شەو لەگەڵ رۆژ دەستلەملانێی یەکبوون، ئێمەشیان لەپێچی خۆیاندا ونکرد، بەمشێوەیە هەفتەو مانگ و ساڵیان لەسەرمان کەڵەکە کرد..
*
ئێستا تەمەنم هەژدە ساڵە، کاتێك (سەرکەوت)ی برام چەقۆکەی لە دڵی (رێبوار)دا چەقاند (من) تەمەنم تەنها پێنج ساڵ بوو.
سیانزە ساڵە نەك هەرخۆمان، بەڵکو ئەوەی بۆرە خزمایەتی و ئاشنایەتیەکیشی هەبووبێت لەگەڵماندا، لەژیان و سەری خۆی دڵنیا نەبوو..
بەلاّم لەشەوورۆژێکدا، بەڵێ لەشەوورۆژێکدا وەکو روداوی ناو ئەفسانەکان، هەموو دیمەنەکان گۆڕاون، ئەوەی ناوی ترس و تۆڵە سەندنەوەیە نەماوە، چۆن سیانزە ساڵ لەپێش ئێستا بوکەشوشەکەم رازاندەوەو جلکی بوکێنیم لەبەرکردبووو دەمویست بیدەم بەشوو، منیش ئێستا وەکو کچە شازادەی نێو ئەفسانەکان رازێنراومەتەوەو کراوم بەبوك..

زاوا لەسەرخۆ هاتە پێشێ، دەستی راستمیان خستە دەستی، ئەویش بەمۆنی و بەبێ هیچ بزەیەك، ئەڵقەكەی لەپەنجەی برا توتەم نزیك كردەوە .. كاتێك كردیە پەنجەم، چۆن سیانزە ساڵ لەپێش ئێستا دوپشكە زەردەكە پێوەی دام، هەر ئاوها جارێكی دی مارانگاز بوومەوە، بەڵام ئەمجارە بەدەستی زاوا ژەهراوی بووم، پەنجەم وەكو گۆیەك خڕ بوەوە، پاشان شین و كەوەو مۆر هەڵگەڕا، ئیدی لەجێی خۆم وەكو پارچە سەهۆڵێك توامەوەو بووم بەچەند دڵۆپە خوێنێك و لەبری خوێنی (رێبوار) كەبەدەستی سەركەوتی برام كوژرابوو، بەخشرام بەبرا گەورەكەی (رێبوار).

# تەرم

**بۆ مەرگی شەهید ئاسۆ***

تك،

تك،

تك.

لە کاتی بەرزکردنەوەی تەرمەکە لەگۆڕەکە، سێ تکە خوێنی گەش و ئاڵ کەوتە سەرزەوییەکە.

بێ جووڵەوەکو بەرد بڕییە چاوت بڕییە خوێنەکە، خاك بەشانازییەوە خوێنەکەی لەباوەشگرت، تا توانی بۆنی کرد، ماچی کرد... تا دواجار هەر لەناو خۆیدا ئاوێتەی کرد.. خاکیش ڕەنگ و بۆنی خوێنی بەشانازییەوە بۆخۆی کردە کاڵای باڵای. خوێنەکەش بەشێوەیەك باوەشی بەخاکدا کرد، تا دواجار جگە لەڕەنگ و بۆنی خاك، چ ڕەنگ و بۆنی دی نەبوو..

تکەکان دیمەنێکی سەیریان هەبوو، حاڵەتێکی زۆر دەگمەن بووو کەمجار ڕێکدەکەوێت بۆ نیگارکێش نمایشێکی ئاوها لە یادەوەری خۆیدا، یان لەسنگی لاپەڕەو خامی سپی سپی دا بنەخشێنێت!

چاوت لێبوو چۆن درز کەوتە زەوییەکە، بەئەسپایی خوێنەکە ڕۆچوو. هەر لەم دیمەنەشەوە خۆشەویستی خوێن و خاکت بەتەواوی بۆئاشکرابوو.

لەسەرخۆ پێڵوی چاوت لێکنا، دڵۆپێك فرمێسکی گەش و روون، وەکو ئاونگی دەم سەحەر لە چاوانت فجقی کردوو بەپەلە دەرپەڕین...

ئەوکاتە تۆش وەکو تەرمەکە بێئاگابووی، هەورێکی ڕەشتاڵە بەئاسمانی سەرتانەوە بەشداری پرسەتان بوو، تەنانەت ئاسمانیش لەگەڵ دڵی مەلوولی ئێوەو لەچاوی ئێوە زیاتر ئەشکی بۆ ڕشتن.. بارانی ئەو شەوە بەکوڵ بوو، جگە لەدەنگی باران و خرمەی وردە بەردی بن پێی وڵاخەکە کەتەرمەکەی لەسەر قایم کرابوو، چ دەنگێکی دی نەبوو، تۆش لەگەڵ پێی شلۆری وڵاخەکەدا ڕۆح و جەستەی پڕئێشت بەکێش دەکرد.

بێئاگا لەدەورووبەر هەر هەنگاوت دەنا، لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا دەیان یادەوەری و سەرگوزەشتەی تاڵ و شیرین دەهاتن و دەڕۆیین.

- بیست ساڵی تەمەن و پێکەوە ژیان کەم نییە!

ئەم ڕستەیەت بەدەنگی بەرز بێژا. خەیاڵی هاوڕێکانت شڵەقان، سەرنجی هەموویانت بۆلای خۆت ڕاکێشا، ئەوان یەکەمجار تێنەگەیشتن، پێیان گوتی:

- دەڵێی چی؟

تۆ زمانت قفڵ بوو هیچت بۆ نەگوترا، زانیت کارێکی نائاساییت کردووە. ئیدی هاوڕێکانت هەستیان بەئاڵۆزی و

باری دەروونت کرد... بۆ دڵنەوایی تۆ، ئەوانیش بێدەنگ بوون، هەمووتان بەبێدەنگی هەنگاوتان دەنا..

چاوت بڕییە تەرمەکە کەچۆن لەگەڵ هەنگاوی ولاخەکەدا رادەژەندرا، دڵت زیاتر گوشرا، ژیانت لەلا بچووك و بچووکتر بووەوە، بەزۆر لەخۆکردنەوە بڕوات دەکرد کە ئەو تەرمە بێگیانە ئەو بێت! ئەویك کەچەند هێندەی تۆ ژیان لەلای جوان و خۆشەویست بوو.

قسەکانی (جەمال)ی هاوڕێیت هاتەوە یاد (جەمال) فەرماندەی مەفرەزەکەیان بوو:

– بەڵێ، ئەوەندە زمانی هاتە گۆ کەوتی: بە خوێنەکەم بنووسن (وەفا) ئیدی هەردوو لەپی بەتوندی لەخۆڵە سوورە خوێناوییەکە گیر کرد.. بەداخەوە هچی تری بۆ نەگوترا..

پێت لە بەردێکی بچکۆلە هەڵکەوت، لەنگەرت تێکچوو، زۆری نەما بەدەما بڕمێی.. هەرچۆنێك بوو خۆت گرتەوەو نەکەوتی، رۆیشتنی ئاساییت دەستپێکردەوە دڵەکوتەیەکی زۆرت پێکەوتبوو بەئەنقەست خۆت دواخست و لە هاوڕێکانت بەجێمای.. ئیدی گریای، زۆر گریای، لەهەوری چاوتەوە باران دایکرد، وەکو شێت لە ناخی خۆتدا لەگەڵ تەرمەکە کەوتیتە دوان:

ئاخۆ ئێستا گوێت لەناڵەو گریانم هەیە ئەمەشت هەر بەدەنگی بەرز گوت، بەڵام چونکە لە هاوڕێکانت بەجێمابووی، کەس گوێی لێنەبوو، بەدەم هەنسك و گریانەوە خۆت دەدواند و شیوەنت بۆیدەکرد..

مەرگی تۆ کۆستێکی گەورەیە، ئێستا لە پرسەی تۆدا دەیان چاو وەکو سیروان خوڕەیان دێت، دایکت کۆترێکی رەشپۆشەو وەنەوز ناگیرێت.. لۆژەلۆژ هەر هەنگاوت دەنا.

لەدەریای خەیاڵ و بیرکردنەوەدا نقوم ببوویت، هەر بەتەنها جەستەت لەگەڵ تەرمەکەدا رێیدەکرد، وەگەر نا دڵ و مێشکت لە شوێنێکی دیدا ساباتی خۆیان هەڵدابوو.. تەواوی جەستەو رۆحت لەناو ماڵی حەسرەتەکاندا بەگیر هاتبوو.. هاوارت دەکرد..

مەرگی تۆ زریێباری خەمە
وەیشوومەیە، قوڕپێوانە
مەرگی ناوەختی گزنگی دەم (ئاسۆ)یەو
هەر گریانە
زایەڵەیەو ژووری دڵم تەمتومانە
من بنچکی دەم رەشەباو
خەم میوانە..


www.dengekan.com

خەم ئیمپراتۆرەو هەموو جەستەت، مێشکت، دڵت، بیرت، رۆحت داگیر دەکات، ناسۆر بەباڵاتدا بڕا.. هێدی هێدی بەری چاوانت لێڵ بوون، لەو ساتەدا زۆر دەترسای کە چاوانت نابینا بێت‌و چیدی هیچ نەبینیت، بەهەلت زانی، چاوت لە تەرمەکە بڕی، کەهەر بەسەر پشتی ولاخەکەوە بوو، نەتدەتورکاند.. لەم کاتەدا چاوانت بەتەواوی رێشکەو پێشکەی دەکرد..

تەرمەکە دوو باڵی سپی لێپەیدابوو، فریشتە بوو، بەسەر سەرتانەوە دەیڕوانییە سیمای کزتان، تێکەڵاوی هەورەکە بوو، دنیا بووەوە بەچراخان‌و تادواجار لەپەردەی هەورێکەوە سەری پڕ سەروەری دەردەکردو بەبزەوە ماڵئاوایی لێکردیت، حەپەسای، خۆی بوو، ریشە رەشە تازە هاتووەکەی، برۆ پڕەکەی.. ئا..ئا.. خۆی بوو..!!

چەخماخەی هەورە تووڕەکە بەری پێتانی روون کردەوە.

جارێکی دی دنیا بەرگی نوتەکی خۆی پۆشییەوە.

جارێکیتر بەهۆشخۆ هاتیتەوە، وەکو جاران هەنگاوت دەنا، بەئاستەم بەری پێت‌و تەرمەکەت بەدی دەکرد. بەو شەستە بارانە جەستەت شەلاڵەی ئارەق بوو، تا دەهات هەنگاوەکانت شل‌و شەپۆڕتر دەبوون. رێگایەکی زۆرتان بڕیبوو، باران هەر دەباری یەکەمجارت بوو رووبەڕووی ئەم چیرۆکە تراژیدییایە ببیتەوە.. کەی کاتت بوو، کەمێردمنداڵێکی وەکو تۆ ببێتە پاڵەوانی شەوی بارانی ترس‌و نۆتەك؟

لە دوورەوە تروسکاییەکت بەدیکرد. یەکێك لە هاوڕێکانت، جا بۆ دڵدانەوە، یان هەر بەڕاستی بوو گوتی:

– پێدەچێت لە پێشمانەوە ئاوەدانی هەبێت.

ئەوەی دەستە راستیشت، کە ریشنێکی باڵابەرز بوو گوتی:

– بەڵێ زۆرمان نەماوە بۆ ئاوایی.

هەر کە لەهەورازەکە سەرکەوتن، باڵەخانە بەرزەکەی ئاوایی کەوتە دەشت، سەگگەلی ئاوایی وەك پیشەی هەمیشەییان، لەپێش خەڵکی ئاواییەوە بەپیرتانەوە هاتن.. زۆری نەمابوو بەسینگ‌و بەرۆکتانەوە خۆیان هەڵواسن، بێڕەحمانە پەلاماری تەرمەکەی سەروڵاخەکەیان دەدا. یەکێك لە پێشمەرگەکان، کەهاوڕێی گیانی بەگیانی شەهیدەکەی سەر پشتی ولاخەکە بووو خۆی خەڵکی ئاواییەکە بوو سەگەکانی رەواندەوە..

– چخە.. چخ.

تازە باران خۆشی کردبووەوە، وەکو کیژێکی شەرمن لە ئاسۆوە دەرکەوتبوو، دڕی بە تایکە شەوەکە دابوو..

لەپاش مەنزڵ خەڵکی ئاوایی بەشکۆوە تەرمەکەیان لەولاخەکە هێنایە خوارەوە.

گەورەو بچووكی ئاوایی لەپێشوازیدا بەرەو گۆڕستانی سەر یاڵەكەی ئەوسەر ماتو مەلوول هەنگاویان دەنا.. چاوت بڕییە تەرمەكەو نەتدەتروكاند، لەپێش دانای تەرمەكە لەگۆڕە نوێیەكە.

تك،

تك،

تك، ئەمجارەش سێ تكە خوێنی گەشو ئاڵ، گۆنای خاكی ماچ كردەوە، خاكیش بەرێزەوە، بۆتاهەتایە دڵی خۆی بۆكردە ماڵو جێی كردەوە.

سلێمانی
كانوونی یەكەمی 1992

* شەهید ( عەبدولخالق ئەحمەد ) ناسراو بە ( ئاسۆ )، لە ساڵی 1967 لە كەركووك لەدایك بووە، لەگرتنی رەبییەكانی شاری سەنگاودا لە 1986/3/10 شەهید بوو.

# سەمفۆنیای شارێکی کپ

درز کەوتە دەرگا داخراوەکەو لەسەرخۆوەدەرکەت، شەونمەکان یەکەیەکە لەماچی روومەتی گوڵو گیا بوونەوەو تکانە سەرزەوییەکە... گزنگ باڵیکێشا بەسەر شارداو بوو بەتارای سەری.. سروەیەکی فێنك خۆی کرد بەگەرووی شارداو بەپەنجەی نەرمو ناسکی ختووکەی سروشتیدا چیمەنو گەڵای تازە چرۆکردو گوڵە چنوورو نێرگز کەوتنە بزەو لەنجە، سرووشتو هەتاووەکو دوو جووتە دڵداری بەئەمەك بۆیەکدی ئەتریقانەوە، رەوە باڵندەیەك بەئاسمانی شاردا فڕەیان دەهات..

شنەبایەك لەجەستەت ئاڵاو تەزوویەك بەلەشتدا هات، هەموو جەستەتی فێنك کردەوە، لەسەرخۆ هەنگاوت دەنا دەمێك بوو سروشتت بەو قەشەنگییە نەبینیبوو، بیرێکی گاڵتە ئامێز لەدەروونتدا چەکەرەی کرد، تیزت بەبارانو زریان دەهات.

– کوا لرفەو هەڕەشەتان؟ ئەی ئێوە نەبوون مەرگتان بەگوێی گەڵاو چڵدا دەچرپاند؟ زۆر سەرزەنشتی لافاوو زریانت کرد... دڵی کەیلت تێکەڵاوی سروەی بەیان کردو کۆڵانو شەقامو گەڕەکی شارت تەیکرد، خێسەو سەرنجت لەهەموو شتێك دەگرت، تەنانەت لەو کاغەزە بابردەڵەوردانەش کەبەدەم شەماڵە فێنکەکەوە لەسەر شەقامەکە غلۆر دەبووەوە، هەردوو دەستت لەگیرفانت خزاندبوو، چاوەکانتوەك دوو دووربین لەکاردابوون، تەماشای دەورووبەرت دەکرد، سەرنجت دایە نووسراوە کوژاوەکەی سەر دیوارەکە، بزەیەك لیوەکانتی بزواند، وەکو بزمار

لەشوێنی خۆت داکوترای، هەناسەیەکی قوڵت هەڵمژیو دەروونت فێنك بووەوە، ئەوشەوە تاریکەت هاتەوە یاد کە ئەو کارەت تیا ئەنجامدا...

شەوێکی درەنگوەختی باراناوی بوو دەبوو ئەو شەوە کارەکە ئەنجام بدەیت، دڵنیا نەبووی لەسەرکەوتنی کارەکەت، بەڵام تۆ کەسێکی لەخۆبردوویت، ئامادە بوویت لەورێگەیەدا سەری یەکجاری بنێیتەوە، چاوو دڵی دەیان ڕێبواری شارت شادکرد، هەواڵەکە زۆر تیژڕەو بوو بەپەلە دای لەدەرگای ماڵ بەماڵی شار، ئەو شارەی کە ببووە بەقەڵای جانەوەران.

هەناسەیەکی ترت هەڵکێشا، وشەی (بڕوخێ)کە بەئاشکرا لەژێر بۆیە ڕەشەکەدا دیاربوو، زیاتر سەرنجت دایە دیوارە بریندارەکە.. دەستێکی قورس‌وەکو کوتەك دڵتی پێکا، یادێکی تاڵ جەستەتی داپۆشی، گەڕایتەوە بۆڕۆژی دوایی هەمان یادگاری ڕابردوو، چاکت لەبیرە.. دەمەدەمی نیوەڕۆ بوو، عەشاماتێکی زۆریان لێرەدا خڕکردەوە، دەیان جانەوەرو مێردەزمە لەدەورتان ئاڵابوون، لە تۆڵەی شەوی ڕابردوودا، لەگەڵ چرکەو ناڵەیەکی ناوەختدا، خوێنی پێنج مێردمندالی پەپولە ئاسا چۆڕاوگەی بەست، لاشەی بێ گیانیان کەوتە سەرزەوی..

چەند دڵۆپێ ئەسرینی گەشت بۆ ئەویادە هەڵڕشت، کەوتیتەڕێ، بەبێ مەبەست هەنگاوت دەنا، شەقامەکە جمەی دەهات، بەبێدەنگی‌وەکو مێرووله بەیەکدا دەهاتن‌و دەچوون، سەرنجتدایە پیرەمێردەکە چۆن ئەژنۆکانی لەژێر بارە قورسەکەدا کووڕ ببووەوەو لەرزۆکانە هەنگاوی دەنا، لەدڵەوە ئافەرینێکی مامەپیرەت کردوویژدانت بەزەیی لێدەچۆڕا، کەوتیتە بیرکردنەوەو لەخۆت پرسی:

– دەبێ تاکەی ئەم پیرەمێردە کاربکات؟

ئاخ برسێتی، گەر پێم دەکرا دەستم دەنایە گەردنت‌و بەیەکجاری هەناسەم لێدەبڕیت. وەکو شێت کەوتیتە دانەجیڕەو هەڕەشەدان لە برسێتی.

– دەبێت ڕۆژگارێك لەدایك بێت برسێتی تیا گۆڕبکرێت؟

– دەڵێن مشك ئەگەر برسی بێت دیواری ئەستووریش کون دەکات!

بەخۆتدا هاتیتەوە.

– کەواتە دەبێت هەرچی زووترە برسێتی بنەبڕ بکرێت، دەنا ئەو تاق برمان دەکات‌و..! بۆت تەواو نەکرا، وەکو کەسێکی دەست‌و پێ شکاو لەبەردەم دیوەزمەی برسێتیدا چۆکت دادا..

هەر هەنگاوت دەنا، کۆڵان بەکۆڵانو شەقام بەشەقامت بڕی،
پێتخۆشبوو ئەمڕۆ سەر بەهەموو کونجێکی شاردا بکەیت،
وەکو پەیامێکی نوێت پێبێتو بیگەیەنێت بەخەڵکی شار.
خۆت کوتایە چایخانەیەکەوە، چایەکی گەرمو شیرینت
هەڵقوڕاند، بەپەلە هاتیتە دەرەوە، ئەوڕۆژە کەشو ئاو
هەوای شار گەلێ ناوازەو خۆش بوو، خەڵکەکەش هەر
هەمان خەڵکی جاران بوون، تۆ پێتخۆشبوو دەست لەگەردنی
یەك بەیەکی خەڵکی شار بکەیتو گەردان ئازادییان لەگەڵدا
بکەیت، خۆشت نەتدەزانی نهێنی ئەمە لەکوێدایە، سەرنجی
هەموو شتێکت دەدا، عەرەبانچی دوکاندار، ئوتومبێل،
کۆڵکێش، منداڵی بۆیاخچی، ژنو.. هەموو شت، تەنها تۆ
بوویت لەناو عەشاماتی جوڵاییکەرەی خەڵکەکەدا، لەسەرخۆو
ئارام هەنگاوت دەنا، خەڵکی شار زۆر بەپەلەو تیژڕەو بەلاتدا
تێپەڕین، لەبەرخۆتەوە گوتت:

– مرۆڤ بۆپەیداکردنی پاروەو نانێك بۆدەبێت هەمیشەوەکو
ئامێر لەکاردا بێت؟

– نا نا هەرگیز مرۆڤ ئامێر نییە.

– خۆشەویستیو سۆزو بەزەیی ئەرکی سەرەکی مرۆڤە.

– بەڵام ئەمڕۆ مرۆڤایەتی ونە.

– ئاخ لەدەست بێفەڕی مرۆڤ، خەمی قورسیش لەوەدایە
مرۆڤ دیلی دەستی مرۆڤەو..!.

نەفرەتت لەو فەلسەفەیە کرد کەمرۆڤی کردە ئامێرو دیل.
قاچەکانت گلۆڵەبوونو چیدی هەنگاوت بۆنەنرا.
(نەسرین)ت هاتەوە یاد کەچۆن بوو بەدیلی دابونەریتی
دواکەوتووی کۆمەڵو دواجاریش بەنووکی چەقۆیەکی
ژەنگاویو کول، خوێنی گەشیان بەناهەق ڕشتو..
(ئازاد)یش وەکو بەردی بن گۆم نوقم کرا!! تەزێك بەهەموو
لەشتدا تێپەڕیو ئەمجارەش بەزەییت لێدەچۆڕا.
بەبێتاقەتی کەوتیتەوە ڕێ، لەکۆگاو جامخانەو
پیشانگاکان وردبوویتەوە، لەشتە جوانەکان ڕامایت، جلە
هەڵواسراوەکان، بۆنە گرانبەهاکان، یارییە منداڵییەکانو..
لەتۆمارگاکەی بەرامبەرتەوە دەنگی بەسۆزی ماملێ
تێکەڵاوی دەنگی ڕێبوارانو جمەی خەڵکی دەبوو، ساتێکی
کورت لەگەڵ دەنگی ماملێ دا ژیای، پاشان کەوتیتەوە ڕێ..
خۆتکرد بەکتێبخانەکەداو ڕۆژنامەیەکت کڕیو بەپەلە
دەرکەوتیتەوە، لاقو چاوەکانت تەواو شەکەت ببوون،
ئەوەندە هەنگاوت هەڵێنابوو خێسەت لەشتەکان گرتبوو.
شەقامی لای ڕاستت گرتو ڕاستەڕێ بەرەو باخی گشتی
سەرکەوتی، لەدوورەوە دارە بەرزەکان سەمایان دەکرد،

جارجـارێكیش ئـاوازێكی خـۆش لـەوژەی دارەكانـەوە پـەیـدا دەبوو، تانزیك دەبوویتـەوە زیـاتر دەروونت ئـارام دەبـووەوە، گوڵـەكان دیمـەنێكی شـەنگیان هـەبوو، چـەند سـاتێك ئـەو گوڵانـەت بەسـەركردەوە، دواجار لەسـەر كورسییەك لەنگـەرت گـرت، بـەنیاز بـووی بچـیتە خزمـەت رۆژنامەكـە، لـەپڕ چـوار داڵاشـت لێپەیـدا بـوو، هـەردوو مەچـەكتیان لەپشـتەوە شـتەكداو نامەچـكلێتێكەیان لـە گیرفانـت دەرهـانی، ئیـدی كەوتنـەوێزەت، تـۆش مـەلێكی دیـلو هـەڵكوڕمابوویت، بـەڵام سـەربەرزو لـەخۆبردوو، راسـت لەشـێری نـاو قەفـەس دەچوویت، پێشیان كەوتیت.. لەچاوونبوون، ئیتر ئەو شارە مرۆڤێكی لێكەم بووەوەووەكو پیشەی چەند رۆژەیان هـەمان سەمفۆنیایان بۆ دەژەنرا.

كانوونی دووەمی 1993

كــورتــيــلــة ضيــرؤك

# ملوانكه

تەواوی مەملەكەت لەجۆش‌و خرۆشدا بوون، خۆیان بۆ ئاهەنگی شەكراوخواردنەوەی كوڕە پاشا و شازادەی ناسك ئامادەكردبوو، تەنها یەك ڕۆژی مابوو ئاهەنگەكە دەستپێبكات، پیاوان‌و دەرباری شا هەواڵیان هێنا، ملوانكەكە كە بڕیارە بەتایبەت بۆ شازادەی ناسك بهۆنرێتەوەو كوڕە پاشا لەم بۆنەیەدا بیكاتە گەردنی، چوار دەنكی ناتەواوە، چوار ئیقلیمی دنیاش گەڕاون لەو دەنكانەیان چنگ نەكەوتووە.

كوڕی پاشا توڕەبووو نەڕاندی:

–هەردەبێت پەیدای بكەن، ئەگینا ملی هەر هەمووتان لەبڕینی قنچكە سیرێك ئاسانتر دەبێت.

بۆ چارەسەری ئەم كێشەیە، هەرچی لوقمان‌و حەكیمی شار هەبوو، هەرچی فێڵبازو فاڵچی‌و سیحربازو چادوگەری شار هەبوو هەموویان لەدیوەخانی پاشا كۆكرانەوە، كەوتنە پرس‌و ڕاگۆڕینەوە.. سەرئەنجام پیرەژنێكی جادوگەر دەردی كوڕە پاشای تیماركرد، ورتەورتێكی چپاندە گوێی كوڕە پاشادا، زۆر كەیفخۆش بوو، یەكسەر فەرمانیدا كە بچن چاوی دوو عاشقی شار هەڵكۆڵن‌و بیهۆننەوەو ملوانكەكەی پێتەواو بكەن..

پیاوانی شا تەدارەكیان بینی‌و كاریان ڕاییكرد، ملوانكە هۆنرایەوە..

مەملەكەتی شار لەگەرمەی شایی‌و ئاهەنگدابوون، شازادەی ناسك ملی بۆ كوڕی پاشا نەوی كرد، كوڕی پاشاویستی ملوانكەكە بكاتە گەردنی شازادەی ناسك، لەم كاتەدا چاوی عاشقەكان كە چوار دەنكی گەشی ملوانكەكەبوون، لەدەستی كوڕە پاشا و لەگەردنی شازادەی ناسك‌و لەپەتی ناو قەدی خۆیان یاخیبوون، پەتەكەیان پچڕی، دەنكەكان ئازادبوون، چاوی عاشقەكان بوون بەمانگ، هەموو شەوێك بەحەواوە تەماشای پەتی ملوانكەكە دەكەن كە چۆن بووە بەئەژدیهاو پیرەژنە جادوگەرەكەو كوڕە پاشا و شازادەی ناسك‌و تەواوی مەملەكەت هەڵدەلوشێت..

## جادەی گۆران

ئەو بەیانییەی کە (گۆران) بەخەیاڵاوی دەیڕوانییە بەرامبەری خۆی، وایزانی جادە چۆڵ بوو، بەڵام چۆڵ نەبوو.. ئێمە چەند هەنگاویك لەپشتی ئەوەوە لەویٚ بووین، ئاگامان لەو بوو کە چەند بەهێمنی ووەکو خۆی دەڵێت: (خەیاڵاوی) نیگای لەبەردەمی خۆی بڕی بووو هەنگاوی دەنا.. هەموومان چاومان لێبوو کە لەوسەری جادەکەوە عەبا بەسەرێك پەیدابوو کە (گۆران) ناوی لێنا (پەری)، لەبەرئەوەی ئەو لە ئێمە نزیکتربوو لەکچەکەوە، ئێمە لەدرزی پەچەوە هیچ نیگایەکمان نەبینی، نەمانزانی هەر بەڕاستی دەستو پەنجەو مەچەكو قۆڵو کەمەرو لاملو چاو چەناگەی ئەوەندە جوانو ناسکن، یان نا..

(گۆران) دوای ئەوەی ئەو بەژنو باڵا پەرییەی بینی، ئیتر هەر بەجاریٚ ئاگای لەئێمە بڕا، نەیزانی لەمسەری جادەکەوە چ حەشرێك بۆ خەڵکی شار سازکراوە. (گۆران) درەنگ، زۆر درەنگ پێی زانی کە ئەو بەیانییەی ئەو خەیاڵاوی دەیڕوانییە ئەو بەژنو باڵا پەرییەی بەرامبەری، ئێمەیان لەم سەری جادەکە، لەبەردەم چەند فەردە خۆڵێك ریزکرد، دەستودەمو چاوو قاچی هەموومانیان بەستەوە، ئینجا گوللەبارانیان کردین..

بەڵیٚ (گۆران)وایزانی ئەو بەیانییە جادە چۆڵو سێبەربوو، بەڵام چۆڵ نەبوو، ئەو سێبەرەش کە ئەو باسی دەکات، سێبەر نەبوو، بەڵکو تەمی رۆحیانەتی ئێمە بوو، بوو بەچەتری شار..

# پاسەوانی گوڵی ناو ئینجانەکان

جەلادەکە کەسی دووەمیشی لەسێدارەدا. کارەکەی ئەمە بوو، شەوانە لەدوای سەعات دوانزەوە سێ کەس و هەر دوو سەعات جارێك یەکێك لەسێدارە بدات..

لەدوای ئەمە چوو بۆ ژوورەکەی خۆی کە بەتەنیشت هۆڵی لەسێدارەدانەکەوە بوو. جەللادەکە چراکەی کزکرد، بەئومێدی خەوێکی خۆش سەری خستە سەر سەرین..

هەر ئەوەندەی چاوی چووە خەو، پەتی قەنارەکە بوو بەرەشمارێکی درێژو لەکونی دەرگاکەوە هاتەژووری، بەرەو بنمیچەکە هەڵکشا، خۆی کرد بەپەتی سێدارە، لەچاوەڕوانی گەردنێکدا سەمای دەکرد..

پاسەوانەکە لەدەرگای‌دا، بەجەللادەکەی‌وت:

–ئەوا سەعات چوارە، هەستە کاری ئەم شەویشت تەواو بکە.

–تۆ بڕۆ منیش ئێستا ئامادە دەبم (جەللادەکەوای‌وت).

لەدوای تاوێك پاسەوانەکە لەودیو دەرگاکەوە گوێی لەلرخە لرخێك بوو، دەرگاکەی کردەوە، گەردنی جەللادەکەی لەناو پەتی قەنارەکەدا بینی، هەر بەحەواوە زۆر بەزەحمەت بەپاسەوانەکەی‌وت:

–کەسی سێیەم دەبوو خۆم بم کە لەئەمشەودا لەسێدارە بدرێت..وای‌وت و هەناسەی لێبڕا، بەڵام هەردوو چاوی هەر تەماشای پاسەوانەکەی دەکرد، کە هەتا ئەو کاتە ئەمیش لەبەر شەوقی چرا کزەکەدا هەر تەماشای جەستەی هەڵواسراوی جەللادەکەی دەکرد کەوەك رەقسی سەعات دەلەنگی..

کەسی سێیەم کە دەبوو ئەمشەو لەسێدارە بدرایەو لەسێدارە نەدرا، هەتا رۆژهەڵات هەر لەهۆڵی لەسێدارەدانەکە مایەوە، دەمەو بەیان هاتەدەرێ، دوای ئەوەی ئینجانەی گوڵەکانی زیندانەکەی ئاودا کە دەمێك بوو ئاو نەدرابوو، ئینجا بوو بەپەپولەو زۆر بەمیهرەبانییەوە بوو بەپاسەوانی گوڵی ناو ئینجانەکان..

# تەوار

(م) دەمی منداڵەکەی لەمەمکی خۆی کردەوە، ساواکە دەستیکرد بەگریان و نووزانەوە، (م) تاوێك دەست و باوەشی خۆی بۆ کرد بەجۆلانەو مەلۆتکەکەی راژەند، منداڵەکە ئارام ئارام ژێربووەوەو بێدەنگ بوو، ئینجا لەسەر دۆشەکەڵە بچووکەکە درێژی کرد..

(م) لەسەرخۆ هەستایە سەرپێ، تاوێك لەمەلۆتکەکە راما، پاشان چاوی بڕییە باوکی منداڵە ساواکە کە پشتی لەم بوو، بەرەو لای هەنگاوی نا، گەیشتە بەردەمی، تاوێك چاوی لەچاوی بڕی، بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت گەڕایەوە بۆ لای منداڵەکەی، دانوییە سەر زەوی، ویستی ماچی بکات، بەڵام نەیکرد. هەستایەوە سەرپێ، مەلۆتکەکەوەك بڵێی لەم هەڵوێستەی دایکی نیگەران بووبێت، دەستیکردەوە بەگریان و نووزە نووز، بەڵام (م) ئاوڕی لێنەدایەوە، بەرەو لای ژوورە گەورەکە رۆیشت، لەپەنجەرەکەوە لوتکەی شاخە بەرزەکە بەجوانی دیاربوو..

(م) دەستی دایە دەمانچەکەو لەسەر سەری خۆی رایگرت، پەنجەی خستە سەر پەلەپیتکەکەی. دوو هێزی دژ بەیەك لەدەوری پەنجەی ئالان، یەکێکیان ناهێڵێت پەنجە بەپەلەپیتکەکەدا بنێت، ئەوی دی هێز دەخاتە سەر پەنجەی بۆ تەقاندن، هێزی یەکەم گریەو نووزەی کزی منداڵەکەیەتی، هێزی دووەمیش مۆتەکەیەکی رەشە کە ساڵێکە شەوانەوەکو گورگ لەوێزەی (م)دایە.

ئەم دوو هێزە لەشەرێکی بێئامان دان، (م) یش زۆر بێدەربەستانە چارەنووس و قەدەری خۆی داوەتە دەستیان، چاوەڕوانە یەکێکیان بەسەر ئەویتریاندا زاڵ بێت..

لەیەك کاتدا، مەلۆتکەکە بێدەنگ دەبێت، باوکی منداڵەکە بەرەو دەنگی تەقەکە رادەکات، (م) دەبێتە تەوارێك لەپەنجەرەکەوە دەڕواتە دەرێ، بەرەو لای هەڵۆی سەر شاخە بەرزەکە هەڵدەفڕێت کە ساڵێکی تەواوە بۆ (م) هەڵکوڕماوە..

## ژانی دەریا

جگە لەخۆم کەسیتر لەهۆڵەکەدا نەبوو، تەنانەت هونەرمەندەکەش. دەنگی مۆسیقایەکی کز کە نەمدەزانی لەکوێوە دێت، سەدایەکی خۆش و ئەفسوناوی بەخشی بوو بەهۆڵەکە.

لەلای دەستە راستەوە، لەبەردەم یەکەم تابلۆ کە کەشتییەکی گەورەبووو نیوەی لەئاودا نقوم بوو بوو راوەستام، زۆر بەقوڵی نیگام لەتابلۆکە بڕی، مەراقم بوو لەنهێنی نقووم بوونی ئەو کەشتییە بگەم، لەوەش زیاتر دەمویست بزانم ئەو کەسانەی کە هێشتا نقووم نەبوونەو لەپاش تاوێکیتر ئەوانیش وەکو ئەوانیدی بەرەو مەرگێکی چاوەڕوانکراو دەڕۆن بیر لەچی دەکەنەوە..

لەئاست ئەو تابلۆیەدا، سەرنجم وەکو ئاوێنەیەکی شکاو لەت لەت بوو، هەر لەتەی بەر یەکێك لەسەرنشینەکانی سەر کەشتییە نیوە نقووم بووەکە کەوت. مەراقەکەم هاتەدی، رێك دەڵێی لەخەوێکی قوڵدام، بەئەندازەی کاتی خەون بینین، هەر یەکەیان رازو گەشتی ژیانی خۆیان لەو ماوە کەمەدا بۆ گێڕامەوە.. پاشان قوڵایی دەریا هەڵی لوشین و ئەوێ بوو بەماڵی هەمیشەییان..

لەو رۆژەوەو لەدوای بینینی ئەو دیمەنە، لێم تێکچووە نازانم ناخی من بووە بەقوڵایی دەریا، یان قوڵایی دەریا بووە بەناخی من.. بەڵام باش دەزانم کە منو دەریا بووینە بەیەك..

خۆشم نازانم چۆن بەرگەی ئەم هەموو ژانە دەگرم، ئێستا ناخی من هەڵگری هەمان ئەو رازەیە کە دەریا هەیەتی.

ئەو کاتەی دڵی دەریا دەگوشرێتو شێتانە دەتلێتەوە هاوار دەکات، قوڵایی ناخی منیش شلوێ دەبێتو دەشڵەقێت، ژان دەمگرێتو شەپۆل دەدەم.. ئەمە ئەو کاتانەیە کە یەکێك لەسەرنشینە خنکاوەکان بەسەرهاتو رازی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە..

## شەوی (3/10)

**پێشکەشە بەشەهید (ئاسۆ) ی برام**

چەند دەقیقەیەك لەپێش سەعاتی سفر، شەوی (3/10) گەیشتە جێگای مەبەست، ئەو شەوە نە ئەستێرەو نە مانگ بەئاسمانەوە نەبوون، جگە لە تاریکیو زوڵمەت هیچ رووناکییەك بەدی نەدەکرا..

(ئاسۆ) لە نزیك دیوارە خۆڵەکانی رەبییەکەی سەر یاڵەکە لەنگەری گرت، تاوێرە بەردێکی بۆخۆی کرد بەسەنگەر، چەکەکەی لەسەر شانی گیرکرد، بۆ هێرشکردن تەواو سازو ئامادەبوو، چاوەڕوانی سەعاتی سفر بوو... لەم کاتەدا بەلای راستدا ئاوڕی دایەوە، لە دوورەوە چراخانی شار دیاربوو، رووناکی گڵۆپە رەنگاو رەنگەکان جریوەیان دەهات، زیاتر لە باڵی پەپوولە دەچوو، نەك لە شارێکی دڵ پڕ لە تاسە..

لەمکاتەدا (ئاسۆ)وەك بڵێی سیحری لێکرابێت، چۆن مەلێك لە قەفەز ئازاد دەبێت، هەتا دەتوانێت بەرەو بەرزایی ئاسمان هەڵدەفڕێت، خەیاڵی ئاوها هەڵفڕی، هەر ئەو شەوە خۆی کرد بە باخەڵی (و) دا کە لەماڵی خۆیان لە شیرینی خەودابوو، (و) یش بەبێ ئەوەی بپرسێت چۆن هاتیتو بەچی هاتیت، بەبێ ئەوەی راچڵەکێتو بشڵەژێت، لە باخەڵی خۆیدا شاردییەوە. هەتا قەدەرێك یەکتریان لەباوەشگرت، یەکتریان ماچکرد..

لەدوای ئەمە، بەهەمان دەستوور (ئاسۆ) دوا ماچی لە (و) سەندو بەرەو لانەی خۆی، پەنای تاوێرە بەردەکەی قەدپاڵی یاڵەکە هەڵفڕی.

(ئاسۆ) کە هەتا ئەوکاتە سەیری لای راستی دەکرد، ملیوەرچەرخاندو تەماشای دیوارە خۆڵەکانی رەبییەی سەریاڵەکەی کردەوە. ئەمکاتە سەعاتی سفر بوو، تەقە

لەهەموو لایەکەوە دەستییپێکرد، (ئاسۆ) بۆ گرتنی رەبییەی جاشەکان هەڵمەتی برد..

لەمکاتەدا (و) لەخەو راچڵەکی، دەستی بە تەوێڵو لاملیدا هێنا، ئارەقیان لێدەچۆڕا، دڵی داخورپا..

* * *

لەدوای چەند رۆژێك، سەعات شەشی ئێوارە (و) میلی رادیۆکەی بادا، گوێی بۆ ئیسگەکە شلکرد..

هێشتا دەستی هەر بە میلی رادیۆکەوە بوو، دەستی شل بوو، دڵی لەخورپەکەوت کاتێك گوێبیستی ئەوەبوو کە شەوی (3/10) (ئاسۆ) لە شەڕی گرتنی رەبییەکانی شاری سەنگاودا شەهید بوو.

## بەیانیی عەسکەری ژمارە ( 105 )

دوربینەکەی خستە سەرچاوی، لەبەرزاییەکانەوە تەماشای شاری (ق) کرد، شاروەکو کرێکارێکی ماندوو لە شیرینی خەودا بوو. لەدوای ئەم دیمەنە، فەرماندە هەر بەجارێ ئۆقرەی لێبڕا.. فەرمانی بەهێزەکاندا کە لەهەموو لایەکەوە گەڕەکەکانی شار هاوەن باران بکەن..

لەدوای دوو سەعات لە بۆردوومان، فەرماندە جارێکیتر دووربینەکەی خستە سەرچاوی، فرە دڵخۆش بوو کە بینی شاروەکو دۆزەخ داخراوە، گڕو دووکەڵ لە هەموو لایەکەوە بەرز دەبێتەوە.

(شاری (ق) کە لە ئەزەلەوە لە بناری کێوە بەرزەکانیدا بەڕێزەوە سەری بۆ لووتکەکان دانەوەندبوو خۆی بەقوربانی دەکرد، خەڵکی شار هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوون رۆژێك لە رۆژان دەکەونە بەر نەفرەتو شار بەگڕ تفباران دەکرێتوەکو ئەمشەو بە نەفرەتکرا..).

لەدوای ئەمە فەرماندە هێور بووەوە، دڵخۆش بوو، رەحەتبوو، بانگی لێپرسراوی بەشی راگەیاندنی بەرەکانی شەڕی کرد، پێیوت بنووسە: بەیانی عەسکەری ژمارە (105)..

بۆ بەیانی خەڵکی شار لە رادیۆی حیزبەکەی فەرماندەوە گوێبیستی بەیانی عەسکەری (105) بوون: (ئەی خەڵکی بەشەرەفی شاری (ق)وەك ئاگادارن کە دووژمنانی ئێوە چەند

رۆژێکە لەبەرەکانی شەڕدا جگە لە دۆڕانو سەرشۆڕی هیچیان بۆ نامێنێتەوە، ئەوان بۆ قەرەبووی شکستی شەڕەکانیان، وەکو پیشەی هەمیشەییان، شەوی رابردوو بۆ ماوەی دوو سەعات زۆر بێڕەحمانە کەوتنە بۆردوومانکردنی گەڕەکەکانی شارو چەندین هاووڵاتی مەدەنی ژنو پیاوو منداڵو پیرو پەککەوتەیان شەهیدو بریندار کرد.. ئێمە بەڵێن بەخەڵکی بەشەرەفی شاری (ق) دەدەین کە ناهێڵین خوێنی شەهیدەکان بەفیڕۆ بچێتو تۆڵە لە دوژمنانیان بکەینەوە..).

لەو رۆژەوە هەتا ئەمڕۆ خەڵکی شاری (ق) چەواشەبوونە، دۆستیان لێبووە بە دوژمنو دوژمنیش بە دۆست!

قەڵەمەکە لەناو دەستیدا دیل بووبوو، هیچی بۆ نەدەنووسرا، سەعاتێك زیاترە بیردەکاتەوە، حاشا لەهیچ وشەیەك، نازانێت چۆن دەستپێبکات بەچی کۆتایی پێبهێنێت. ئەم کەخۆی پاڵەوانی چیرۆکە راستەقینەکە بوو، ئێستا دەستو قەڵەمو خەیاڵی کلیلی خواردووەو بەهیچ شتێك ناکرێتەوە. ئەمشەو سەرەداوی رووداوەکانی بەشێوەیەك لێوون بووە، زەحمەتە بتوانێت بیاندۆزێتەوە. بەسەر سوڕمانەوە لەخۆی دەپرسی: ئەم حاڵە چییە من تێی کەوتووم، بۆناتوانم هیچ بنووسم؟ خۆ ساڵانێکی زۆر بەسەر ئەو رۆژانەدا تێپەڕیوون تەنها شەوانە، ئەویش زۆر بەزەحمەت خۆیو هاوڕێکانی دەیانتوانی لەکونە شاخێکەوە بۆ کونە شاخێکیتر بڕۆنو پاروە نانێك پەیدا بکەن..

نەتەمەن پیری کردووەو نە عەقڵیشی لەدەستداوە، بەڵام خەیاڵی لەگۆ کەوتووەو ناتوانێت رووداوەکانی ئەوێڕۆژێ، وەك ئەوەی روویاندا بنووسێتەوە.

هەرچەند ساڵێك پێش ئێستابوو، بستە شوێنێك لە ئاسمانو لەسەر زەوی بۆ ژیان نەمابووەوە، لەوە دەچوو ئاسمانو زەوی رێککەوتبن لەسەر ئەوەی لە یەك نزیك ببنەوە، هەر چیش لەنێواندا هەیە بەرەو قوڵایی خۆیان هەڵلووشن..

لەزۆر گوندو ناوچە هەروایانکرد، ئاسمانو زەوی لەیەکیاندا، تەواوی مەملەکەت، بە بەردو درەختو ئاژەڵیشەوە مەحفبوونەوەو مردن..

ئەوێرۆژێ ئەمو هاورێکانی لە کونە شاخەکانی قەراخ شار چاوەڕێی مەرگێکی ئاوهابوون، بەڵام نەمردنو مان، وەکو کوللەو مارو مێرو خاكو خۆڵو گژوگیاو بەری درەختی کێوییان دەخوارد.

ئەو رۆژانە ئەم بە هاورێکانی گوت: ئەگەر لەم مەینەتییە رزگامان بووو نەمردین، بەڵێن بێت سات بەساتی ئەم ژیانەمان لە دەقێکی ئەدەبیدا بنووسمەوە...

کەچی ئێستا هیچ، ماندوو مجرۆ بەدیار تەرمی ژیانی رابردووە رەق هەڵاتووەو ناتوانێت یاداشتیان بکات.

ئەم حاڵە هەتا دەمەوبەیان درێژەی هەبوو، لەگەڵ گزنگدا، قەڵەم لەپەنجەو پەنجە لە خەیاڵو خەیاڵ لە رووداوەکانی رابردوو یاخی بوون، خۆیان لە دیلی یەکتری رزگارکرد، هەموو لایەکیان کەوتنە کار، هەر ئەو بایانییە، درێژەترینو تراژیدیاترین چیرۆکی نووسیو ناوی لێنا (ئەنفال).

## دەرۆزە

زیاتر لەمردوو دەچووەك لە زیندوو، لە ریی و لاوازیی و رەنگ زەردییەکەی لەگەڵ پیشەکەیدا زۆر گونجاو بوو، گەر ئەو روخسارە مردووەی نەبووایە کێ خێری پێدەکرد؟.

ساڵانێکی زۆر لە دوریانەکەی سەرچنار ئەمە پیشەیەتی، ئەم لە هیچ فەقیرو سواڵکەرێکی شار ناچێت، نەقسە دەکات، نەلەکەس دەپاڕێتەوە، نە دوعای خێر بۆکەس دەکات.. لەبری ئەمانە ئارام ئارام بەنێو ئۆتۆمبیلە راوەستاوەکاندا هەنگاو دەنێت، دێتو دەچێت، نیگایەکی بێدەسەڵاتانە لەشوفێرو نەفەری ناو ئۆتۆمبیلە راوەستاوەکان دەبڕێت، کە لە نیگای هیچ مرۆڤێکی زیندو ناچێت.. ئەو رێك دەڵێی لەگۆڕە بەکۆمەڵەکانی بیابانەکانی عەرعەرو رەمادییەوە گەڕاوەتەوە بۆ شارو دەیەوێت لە نهێنی شار بگات. هەوڵەکانی بێهودەیە، بۆچی مرۆڤە ئاساییەکان، ژیرو داناکان، سیاسییەکان لێی تێدەگەن هەتا ئەم سواڵکەرە بەناو زیندووە لێی تێبگات؟

بێدەنگییەکەی، رەنگ زەردییەکی، چرچی پێستی، سیماو روخساری مردووی، بۆخەڵکی شار بووە بە نهێنییەکی تر، بووە بەمەتەڵێكو کەس بۆی هەڵنایەت..

ئەم کوڕە سواڵەکەرە بەکوڵكو پێستەوە، دەقی بەستووەو هیچ ناگۆڕێت، کەس نازانێت چۆن، بۆچی هەرگیز لەمە پیرتر نابێت، لەمە قەڵەو، یان لەڕتر نابێت؟ شەنگ لەڕویدا نییە،

نەدەبێتە مرۆڤێکی ئاسایی، نەدەشمرێت.. مرۆڤ خۆ ناچێتە سوڕی متبوونەوە، لەقۆزاخەدا ناژی، ئیدی چۆن دەبێت نەگۆڕێت و لەیەك باردا بمێنێتەوە؟ ئەمە ئەو پرسیارەبوو کە کەس وەڵامی بۆ نەدەدرایەوە. ئەو هەردەڵێی بەوکراس و شەرواڵەوە لەدایك بوو، هەمیشەش بەشێوەیەکی نائاسایی هەردوو گیرفانەکانی بەرزبوونەتەوە..

***

ئێستا وام لەناو ئۆتۆمبیلەکەی خۆمدا، لە ترافیکی دوڕیانەکەی سەرچناردا چاوەڕوانی گڵۆپە سەوزەکەم هەبێ، لەم کاتەدا (حەمە) ی سواڵکەرم لێپەیدابوو، گەیشتەلام لەجامەکەوە پارەم بۆی درێژکرد، ئەو لەگەڵ وەرگرتنی پارەکەدا، باڕاندی و بوو بەبزنێکی لەڕوو لاواز، ئینجا بەدەنگێکی زوڵاڵ پێی وتم: من خاوەنێکی وەك هەیاسم هەیە، ئێستا تێگەیشتی بۆچی نەزیاد دەکەم، نەدەمرم و نەدەبم بە مرۆڤ، نە..

هێشتا زۆر قسەی تری مابوو بۆم تەواو بکات، لەم کاتەدا گڵۆپە سەوزەکە هەڵبوو، من رۆیشتم، ئیدی نەمزانی چیتری وت..

## خیانەت

لەبەردەم ئاوێنەکە راوەستا، لەجیاتی خۆی ئەهریمەنی بینی، دیمەنێکی ئێجگار سامناك و ناشرینی هەبوو. لەدوای ئەم دیمەنە، دەروونی، کە پێشتر گۆمێکی مەنگ بوو، شڵەقا، جەستەی هاتە لەرزین، زۆری نەمابوو بەدەما بکەوێت بەسەر جەستەی ئەهریمەندا، کە هەتا ئەو کاتە لەجیاتی خۆی لەناو ئاوێنە گەورەکەی سەر دیوارەکە دەرکەوتبوو.. هەرچۆنێك بوو لەنگەری گرت و نەکەوت، یەکسەر پشتی لەئاوێنەکە کرد، چەند هەنگاوێك چووە پێشێ و لەئاوێنەکە دوور کەوتەوە.. گومانی کرد لەوەی کە بینی، پێی وابوو چاوی بەهەڵەیدا بردووە، ئەم گومانە کەمێك ئاسوودەی کرد و باری نائارامی دەروونی خۆی پێلاواندەوە، گوڕو تینێکیشی بەجەستەی شەکەت و کەلەلایدا.. بەهیوای خۆبینین جارێکیتر لەئاوێنەکەی روانی، ئەهریمەن بەهەمان دەستووری خۆی لەمی دەڕوانی و لەجێی خۆی رەق راوەستابوو، (ئەم) قیژاندی و بەرەو دەرگاکە

رایکرد، نەیتوانی لە دەرگاکە ئاودیوو بێت، کەوت، ژنەکەی گەیشتە سەری، راستیکردەوە، میهرەبانانە لەباوەشی گرت:

–چیتە بۆوات لێهات؟ بۆ کەوتیت؟

(ئەم)وەکو هەرجارێکیتر، ئەمجارەش درۆیکرد، بەژنەکەی نەگوت: لەجیاتی خۆی ئەهریمەنی لەئاوێنەکەدا بینیوە، وتی:

–نازانم.. قاچم خلیسکا.. کەوتم!

(ئەم) لەو رۆژە بەدواوە زۆر بەترسەوە سڵی لەناوو رەنگی ئاوێنە دەکردەوە، خۆی لەسەریکردنی دەبووارد..

***

ئەمحاڵە چەندین ساڵو عەیامی خایاند، ئەم نهێنییەی لەلای کەس نەدرکاند.. بەڵام شەوێکی باراناوی زستان هەموو شتێك ئاشکرابوو، رووی راستەقینەی ئەهریمەنی (ئەم)وەدەرکەوت.. ئەوشەوەش دوای ئەوەی شەوی لەگەڵ سۆزانییەکی شاردا دوولەت کرد، بەسەرخۆشی بەرەو ماڵ گەڕایەوە، لەدەرگایدا، ژنە میهرەبانەکەی دەرگاکەی کردە، لەجیاتی مێردەکەی ئەهریمەنی بەجەستەو رۆحەوە بینی، قیژاندی‌و دەرگاکەی بەڕووی ئەهریمەندا داخست. لەدوای ئەم دیمەنە، ژنەکەی گریا، زۆر گریان، بەزەیی بە حاڵی رابردووی خۆیدا هاتەوە کەچۆن چەند ساڵە لەجیاتی مرۆڤ، لەگەڵ ئەهریمەندا جووت بووەو میردەکەی خیانەتی لێی کردووە!؟

## پرسەی هونەر

ئەمڕۆ دواڕۆژی ئەو هەفتە هونەرییەیە کەچەند رۆژێکە هەموو رووناکبیرو هونەرمەندانی شاری سەرقاڵکردووە.. هەمووومان تاك تاك‌و بەکۆمەڵ بەرەو هۆڵەکە رۆیشتین، هۆڵەکە تەواو سیخناخە لەخەڵکی, هیچ کورسییەك بەبەتاڵی نەماوەتەوە، تەنانەت خەڵکێکی زۆری عاشقە هونەریش لەڕاڕەوو بن دیواری هۆڵەکە بەپێوە راوەستاون. مۆسیقاو ئاوازێکی ئێجگارناسك‌و خۆش لەبڵندگۆکانەوە پەخشانی ناو هۆڵەکەیە.

هەموو لایەکمان بەبێ ئارامییەوە چاوەڕوانی ئەنجام‌و خەڵاتی باشترین کاری هونەری دەکەین, بۆ سێ بواری هونەری ( گۆرانی‌و شێوەکاری‌و شانۆ ).

لەپڕ کاکی بەڕێوەبەرو سەرپەرشتیاری کارەهونەرییەکان هاتە سەر شانۆ, لەناو چەپڵەڕێزانی میوانەکاندا تاوێك مات بوو.

پاش خامۆشبونەوەی چەپڵەکان, لەسەرخۆ بەخێرهاتنی میوانەکان‌و سوپاسی یەك بەیەکی هونەرمەندان‌و ستایشی کارە هونەرییەکانی کرد.

ئینجا گوتی:

–بۆ هەر بوارێکی هونەری لیژنەیەکی تایبەتمان داناوە, ئەوان کارەکانیان هەڵسەنگاندووە، دڵنیابن هەڵسەنگاندنەکان زۆر زانستیانەیەو هەموو لایەنێکی هونەری بۆ لەبەرچاوگیراوە. لەکۆتایدا هیواداریین هیچ هونەرمەندو لایەنێکمان لێنەڕەنجێت.

دووبارە کاکی پێشکەشکەر نوقمی ناوچەپڵە ڕێزانەکە بووەوە.

هێواش هێواش ڕووناکی ناو هۆڵەکە کز بوو، بۆنو بەرامەی هەناسەکانیش کەش و هەوای ناو هۆڵەکەی تەواو ناخۆشکرد, چەرە دوکەڵی جگەرەکان تەمێکی خەستی سپی لەشێوەی هەور, بەری ڕووناکی و دیدەمانی لێڵ کرد.

سەرەنجام خەڵاتی باشترین کاری هونەری هەرسێ بواری(گۆرانی، شێوەکاری، شانۆ)، بەم شێوەیە دابەشکرا:

–خەڵاتی باشترین گۆرانی, بەخشرا بەکەسێکی (لاڵ) !

–خەڵاتی باشترین تابلۆی شێوەکاری بەخشرا بەکەسێکی(نابینا)!

–خەڵاتی باشترین نمایشی شانۆیی بەخشرا بەکەسێکی(کەڕو لاڵ و کوێرو ئیفلیج)!

هەرهێندەی بڵێی یەك و دوو, هەموو شتێك گۆڕا, هیچ شتێك لەجێگای خۆیدا نەمایەوە، ئاهەنگەکە بوو بەپرسیەکی گەورە، هۆڵەکە بوو بەمزگەوتێکی فراوان و بەرین, سەداو ئاوازی مۆسیقاکە گۆڕا بەدەنگی قورئانخوێنێکی حەزین. هەر سێ هونەرمەندە خەڵاتکراوەکەش بوون بەخاوەنی پرسەکە. هەموو میوانەکانیش بوون بەماتەمگێڕی ئەو هونەرەی کەبەناحەق تیرۆریان کرد!

## تیرۆر

لاستیکێکی تێوە پێچاو خستییە ڕیزی ئەوانی ترەوە، چاوت لە دەستی بڕی و نەیدەتروکاند، سەرنجەکانت وەکو هەورێکی تاریك بەسەر دەستەو پەنجەکانییەوە گرمۆڵە بوون، چاوت لێبوو چەند بەجوانی و لەسەرخۆ پارەکانی دەژمارد.

بە بزەیەکی گاڵتە ئامێزەوە لەدڵی خۆتدا گوتت:

بە قوربانە جوانیان بژمێرە، با هەڵە نەکەیت.

زۆرت پەلەبوو، خوا خوات بوو زوو لەژماردنەکە ببێتەوە، بەڵکو تۆش دەستبەکاربیت.

ئەوجارانەی کە لەنیوەی ژماردنەکەدا لێی تێکدەچووو جارێکیتر لەسەرەتاوە دەستی بەژماردن دەکردەوە، تۆ تەواو ئارامت لێدەبڕا، حەزت دەکرد بەمستەکۆڵەیەك هەناسەی لێببڕی..

ئەو هەزارەشی لەناو جانتاکەی کردە شان و کەوتە ڕێ..

تۆش پێبەپێ‌و هەنگاو بەهەنگاو بەدووی کەوتی.. لەدڵی خۆتدا گوتت:

دەبێ ئەم دەرفەتە لەدەستخۆم نەدەم، لەمەچاکتر ڕێکناکەوێت. دەمێکە نەخشەی بۆدەکێشی، هیچ جارێك وەکو ئەمجارەیان خۆشدەست نەبووە، پارەیەکی زۆر، تاكو تەنها، کاتیش بەرەو تاریکی دەڕوات.

بۆ دڵنیابوون‌و دڵدانەوەی خۆت، هەر لەسەر جلەکانتەوە دەستێکت لەدەمانچەکە خشاند، لەجێی خۆی جوڵەیەکت پێکرد. چەندەها خۆزگەی خەفەکراو زیندوو بوونەوە، داوای تێربوونیان دەکرد..ویژدان‌و هۆشت وابەستەو دیلی جانتاکە بوو.. هەتیوو بوونی منداڵەکانی‌و بێوەژنبوونی ژنەکەی، خەمی تۆ نەبوو، بیرت لێنەدەکردەوە.

بەلای دەستە ڕاستی شەقامە گشتییەکەدا سووڕایەوە، ئیتر لەتۆوە دیارنەما. تۆش هەنگاوەکانت خێراتر کردووەو نەرمە غارێکت بۆیکرد.

گەیشتیتە سەری کۆڵانەکە، ئینجا ڕۆیشتنی ئاساییت دەستپێکردەوە. جگە لەجانتاکەی دەستی سەرنجی هیچی ترت نەدەدا، هەموو خۆشییەکت لە دووتوێی جانتاکەدا بەدیدەکرد، خەمت نەبوو، ڕاهاتبووی لەگەڵ ئەمکارانەدا، لەهیچ سڵت نەدەکردەوە.. لەگەڵ ناخی خۆتدا قسەت دەکرد:

ئەگەر خوا ڕۆژی تەواو نەکردبێت‌و هۆشیار بێت ئەوا بێ سێ‌و دوو، جانتاکەم دەداتە دەست، خۆ ئەگەر بچووکترین سەرکێشیش بکات، ئەوا تەنها چرکەیەکەو هەموو شتێك کۆتایی دێت! مردنەکەشی لە ئەستۆی خۆی..

بەم تەرزە حەکایەتەوە هەر بەدوایەوە بوویت. تادەهات زیاتر لێی نزیك دەبوویتەوە، لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا ئامادەباشی خۆتت زیاتر دەردەبڕی. ئەوەی مەبەستت بوو ئەوەبوو، دەستت بگاتە جانتاکە، دوایی چی دەبێ بابێ.

هەنگاوەکانت هێواشتر کردەوە، خەیاڵت وەکو ڕایەڵی جاڵجاڵۆکە بە دەووری جانتاکەی شانیدا بەسفتی چنی‌و خستتە داوێکی ناوەختەوە. دەبوو بەپێی (ئەو) بڕۆی. (ئەو) بەخۆی‌و جانتاکەی شانییەوە بە بەرزییەکەدا سەرکەوت‌و بەلای دەستە ڕاستدا سووڕایەوە.

(تۆ) دەمانچەکەت لە کەمەر دەرهێناو خستتە گیرفانی قەمسەڵەکەتەوە. دنیا تەواو تاریك بوو بوو.

(ئەو) گەیشتە بەردەرگای ماڵی خۆیان. دەستی نا بەزەنگەکەدا، دوای چەند هەنگاوێك تۆش وەکو داڵاش، بێڕەحمانە گەیشتیتە سەری.

دەمانچەکەت لێهەڵکێشا، داوای خۆبەدەستەوەدانت لێکرد، پێت گوت:

گەر لەخۆت بێزار نیت، ئەوا بێقرە جانتاکەم تەسلیم بکەن،
دەنا کوشتنت زۆر ئاسانەو هەروا دەڕۆی!
(ئەو) پاڕایەوە:
لەڕای خودا تەنها پارەی خۆم نییە، بڕوا بکە چەند..
هێشتا زۆرێك لە قسەکانی مابوو تەواوی بکات، هەموویانت لە گەروویدا تاساند. ویژدانی (تۆ) کەڕو لاڵ بوو لەو زمانە حاڵی نەبوو.
هێشتا جانتاکە لەنێو دەستی هەردووکتاندا بوو، (تۆ) دەمانچەکەت لەسەریدا چرکاند.. بەڵام چ دەنگێك نەبوو، نەتەقی و فیشەکەکەی کوێرەبوو!
ئینجا دەمانچەکەی (ئەو) هاتە دەستو کاری خۆی کرد، وەکو چۆلەکەیەکی پێکراو، تەپ لەبەر پێیدا کەوت.

* * *

بۆ ڕۆژی دوایی و لەناو جەرگەی شاردا، هاوڕێیانی کۆچکردوو، بەسەنگی دائیرەی ئەمنی شارەوە لەسەر لافیتەیەکی ڕەش نووسیبوویان:
دڵگرانین بەکۆچی ناوەختی هاوڕێمان(...) کە دەستێکی ڕەشی تاوان تیرۆری کرد!!

## خەمەکانی نیشتمان

زریکەو هاواری نیشتمان، (نالی) لەخەوی غەفڵەت ڕاچڵەکاندو بەئاگای هێنایەوە، لەسۆراخی یارانی ئازیزیدا زۆر بەپەلە چامەیەکی تری بۆ (سالم)ی هاوڕێی نووسی:
زۆر دڵم لەلای نیشتمانە، پێمبڵێ، ماوە، یان مردووە؟
(سالم) یش وەکو منداڵێکی بێ دایكو باب، بەدیار جەستەی لەتلەتی نیشتمانەوە دەگریا، دواجار هەرچی خەمو ئازاری نیشتمان هەبوو لەچامەیەکی نوێدا دایڕشتو بۆ (نالی) هاوڕێی ناردەوە، بۆی نووسی:
ئەی مەلە تەریوەکەی وڵات، ئێمە لێرە واخەریکە لەکوڵانە گەرمو تاریکەکانی نیشتماندا دەسووتێین، تۆش لە دووری نیشتمان هەڵدەقرچێیت؟ ئێمەی مەستزەدەو حوڵ چیدی ناتوانین لەم دڕکەزەدا هەناسەبدەین، تۆش لەوێ، لەدووری ئەم

زێدە تینووی قومیٚ هەناسەی نیشتمانیت؟ ئێمە لێرە گوێمان
لەترپەو قرچەی دڵی بێنازتانە، گەرەکمانە درزی دیوارو کۆڵانە
تاریکەکانی ئەم دەڤەرە جێبهێڵین، دەمانەوێت پەڕوباڵێکی
نویٚ، گەلیٚ نویٚ دەربکەینو هەڵۆ ئاسا بەرەو ئاسمانێکی
نادیار هەڵفڕین.

بەڵام هەی هووو ئەمەیان جگە لەخەیاڵ هیچی دی نییە، جەخار
مەودای خەیاڵیشمان کەم تەمەنە، لەدوای باڵفڕەیەکی شێتانە،
وەکو مەلێکی نابەڵەد لەفڕین، خۆمان بەتلە بەردێکی سەختدا
دەدەین، ئێمە لەدوای ئەمانە لە بوونو پێگەی خۆمان بەگومانین.

چۆن دەتوانین لەنێو ئەم حاڵە دۆزەخییەدا باش بژین؟ ئەو
نیشتمانەی ساڵ دوانزەی مانگ دەرگاو پەنجەرەی لەسەر کلۆم
درابێت، دەبێت ژیان تیایدا چ مانایەکی هەبێت؟

ئەو کاتانە چەند دڵسۆز بووین کەخوێن لەدەمارەکانمان
هەڵدەچوو، کەللەمان گەرم بوو، کاتێك رووبەڕووی قەڵای
سەختی جانەوەران بووینەوەو نغرۆمانکرد.

بریا ئەو کاتانە نیشتمانت دەدی، چەند دەلالو ئێسك سووك
بوو، تۆزو گەردمان لەڕووی ناسکیدا تەکاند، ئەوکاتانە خۆمان،
شەنگ لەڕووماندا نەماو هەموویمان بەنیشتمان بەخشی.

نیشتمانیشمان لەبووکێکی چواردە ساڵی تەڕو ناسك دەچوو،
وەکو گوڵێکی تازە پێشکەوتووی بۆنخۆش، بۆ شنەبای ئازادی
سەمای دەکرد، مەمکۆڵەکانی وەکو دوو قارچك رسکابوون، زۆر
ناسكو تازە فەریك بوون.. ئەوکاتانە چەند دەلال بوو
نیشتمانمان!

بەڵام هەی هوو..

ئێستا لەدڵی نیشتماندا خەمی بوونو خەمی ژیان وەکو
سێبەر بەدوومانەوەیەو لێمان جیا نابێتەوە. لەبری دوژمن
قڕان هەلهەلەی نیشتمان بەشودان لێدەدەین.

تازە چی لەنیشتمان بکەین؟ مەخابن، ئێستا پەلکی نیشتمان
بەدەستی گەوادمەدارو سیاسەتباشییەکانی شارەوە
دەسکەنەکراوەو جگە لەسۆزانییەکی دۆخێن شل هیچی دی
نییە!

تازە نیشتمان بەئێمە چی؟ هەر شەوەی دێڵە دێوێك سواری
دەبیٚو ئەتکی دەکات! شورەییە بۆ هەموومان کەدەبینین
نیشتمانمان هێشتا کیژێکی پاکیزەیەو لەولاوە چوار پێنج
کچکۆکەی هەنە!! کەپرسیمان ئەمە چۆن بوو؟ نیشتمان لە
شەرمدا سەری داخستو هیچی نەگوت، چاوەکانیوەکو دوو
رووباری لێخن شڵەقاو بەکوڵ گریا..

بەڵام رۆڵە بێئەمەکەکانی چ باکیان نەبوو، بێشەرمانە گوتیان:
ئینجا چییە خۆ منداڵبوون بەمێردی نییە، بەخودا پێدانێیە!!
ئێدی زانیمان چیدی نیشتمان کچ نییەو ئەمانیش زۆڵنو
نەوەی وی نین..

ئەی مەلە تەریوەکەی وڵات، بۆخۆت گۆڕغەریب بمرە، نەکەی خەیاڵ بکەیت و بێیتەوە بۆلای نیشتمانی ئەتك کراو..!!

کۆتایی ئابی 1996

## سێی سێ

(م) کەمینەی بەدیکردو بەپەلە دەستڕێژێکی لێکردن، تائەوکاتە هەر سێ هاوڕێکەی، کە زۆری نەمابوو بکەونە کەمینەکەوە بەئاگاهاتنەوە، لەدوای شەڕێکی کەم دەست و دەستەویەخە، (م) توانی گیانی هەرسێ هاوڕێکەی (ك، س، ن) رزگار بکات و لەڕۆژی 1983/3/3 گیانی خۆی لەدەستداو شەهید بوو.

*   *   *

بە هەرسێکیان تەرمی(م) یان هەڵگرت، دەروونی هەریەکەیان بەبێدەنگی دەریایەك بوو لەهاوار، نهێنییەکی ئێجگار پەنهان چارشێویان بوو.. بەئاشکراو بەدەنگی و بەرز بەیەکدیان دەگوت: ناکرێت هەرگیز مەرگی(م) لە یاد بکەین !

*   *   *

لەدوای چەند ساڵێك، لەئێوارەی 3/3/ 1993 دا، شاعیرێك لە ئێوارە کۆڕێکدا شیعرێکی ناسکی بۆ مەرگی(م) خوێندەوە.

هەرهەمان رۆژ هونەرمەندێکی شێوەکار لەپیشانگەی پێنجەمیدا تابلۆیەکی بۆ کارەساتی شەهیدبوونی(م) کێشاو نیشانیدا...

هەر ئەوڕۆژە چەند تیپێکی وەرزشی بەشداری یارییەکانی خولی شەهید(م) یان کرد.

*   *   *

لەدوای چەند ساڵێك و لەڕۆژی 1996/3/3 دا

(ك) زەماوەندی ژنی دووەمی گێڕا!

(س) ماڵئاوایی لەنیشتمانکردو لەهەندەران بوو بەپەناهەندە!

(ن) پاکانەی لەڕابردوو کردو لەحزبێکی نوێدا سەنگەری مەحکەم کرد!

*   *   *

لە دوای چەند ساڵێك و لەبەرەبەیانی 1998/3/3 دا پیرەژنێکی رەشپۆش، بەکۆمەکۆم و بەدڵی پڕ لەکەیلەوە بەرەو گردی

شـــەهیدان هـــەنگاوی دەنـــاو مـــەزاری شـــەهید(م) ی بەسەردەکردەوە!

## گۆرانیبێژ

سـەمفۆنیاو گـۆرانیو ئـاواز تـەنها گریـانی ئـەم منداڵـە بـوو، دەگریاو بەهیچ ژێر نەدەبووەوە، لەناخەوە دەگریا..
هەڵکـــەوتو دیمـــەنێکی بـــاش بـــوو، بـــۆ ئـــەو کەســـانەی کەلێکۆڵینەوە لەسەر سایکۆلۆژیاو جیهانی منداڵان دەکەن...
سـیماو روخسـاری بەشـێوەیەك ئاڵۆسـکاو هـەڵبزڕکا بـوو!
پێـتوابوو جارێکی دی حاڵـەتی ئاسـایی وەرناگرێتـەوەو بـەو شـێوەیە سـەردەنێتەوە.. زۆر سـەیر بـوو، بـۆ هێنـدە بـەکوڵ دەگری؟
کەسـتان لـەزمانی منداڵانـەی ئـەو نەدەگەیشـتن، جیهـانی ئـەو پەڕەسـێلکەو زمـانی پەپوولـە بـوو... ئێـوەش هـەر یـەکێکتان بـەزمانی خـۆی دەیدوانـد، گڕوگـاڵی لەگەڵـدا دەکـرد.. بێهـودە بـوو، ئـەو لەسـەرکاری خـۆی بـەردەوام بـوو. هـەر ژێـر نەدەبووەوە..
پیرەژنە پشت کۆمەکە بەزمانێکی پەڵتو ترسناك چەند جارێك دێوەکەی بۆ بانگ کرد.. ئەو دێوەی، کە کچەی پاشای دزیو حەوت براکەی کرد بە حەوت پاروو.. لەدوای خواردنی هەر حەوتیان، بۆ ئاو خواردن چووە قەراغ دەریاکەو هەموو ئاوی دەریاکەی هەڵلووشیو هەر تینووی بوو..
منداڵەکە هەر دەگریا، ئەو بەم زمانە ئەفسانەییە ئاشنا نەبوو..
پیاوێکی باڵابەرز نەڕاندی بەسەریدا:
ئـادەی دەرزییـە گەورەکـەم بـۆ ئامـادە بکـەن، بـا بـزانم کـوێی دێشێتوا ژێر نابێتەوە؟
منداڵەکـە لـەم زمانـە تیـژو دڕکاوییـەش تێنەگەیشـت.. هـەر دەگریا.

کوڕە ڕەنگ زەردە ریشنەکەیش لەسەریەك هاواری شێتەکەی دەکرد، ئەو شێتەی کەهەمیشە منداڵان دەرخواردی جنۆکەکان دەدات و هیچ منداڵێك لەژێر دەستی ڕزگاری نابێت!
ئەمجارەیش چ سوودی نەبوو، منداڵەکە هەر دەیزیڕاند..
منداڵەکە، وەکو بیەوێت بیسەلمێنێت ئەمانە هیچ نین و سڵ لەهیچیان ناکاتەوە، لەجاران زیاتر هاواری دەکرد..
ئەگەر خەمی هەموو دونیا لەسووچێکدا کۆبکەیتەوەو پرسەیەکی گەورەی بۆ بگێڕیت، ئەوا گریانی ئەم منداڵە بەس بوو بۆ خەمڕەواندنی هەموو خەم و ئازارەکان...
یەکێکی دی لەدانیشتووان، کە پەڵە خوێن سەر کراس و شەرواڵەکەی نەخشاندبوو، چەقۆ گەورەکەی لەکەمەری هەڵکێشاو چەند جارێك بەناو دەستە زەبرەکەیدا خشاندو هاواری لەمنداڵەکە کرد:
ئادەی دەست و قاچی بگرن، با وەکو کارە کۆرپە سەری ببڕم و گۆشتەکەشی دەرخواردی سەگە برسییەکان بدەم.!
ئەو لەم جوڵە پانتۆمایم و قسە زبرانەش حاڵی نەبوو، هەر دەگریا..
باوکی منداڵەکە، لەناکاو شەپازلەیەکی بەهێزی سرەواندە ڕوومەتی، گۆنای سووری زیاتر هەڵبزرکاند، هەردوو چاوی منداڵەکە کەدووکانی خوێن بوون چەخماخەیداو وەکو هەور گرماندی.. لەجاران زیاتر فرمێسکی هەڵڕشت.. لافاوێك هەموو سووچ و کەلەبەری شاری گرتەوە، هەرچی دێوو درنج و جەردەو درۆزن هەبوون، ژێر ئاو کەوتن.. جگە لەفریشتەیەکی ئادەمی هەموویان خنکان..
لەدوای ئەم کەین و بەینە، گۆرانیبێژێك بەپەنجەکانی، قژە ئاڵۆسکاوەکەی منداڵەکەی خاوکردەوە، ئینجا بەدەنگێکی ناسك و بەئاوازێکی سیحراوی خۆش لایلایەو ستزانی بۆ چڕی.. منداڵەکەش بۆی تریقایەوەو لەناخەوە پێکەنی.

## کێ دەزانێت ئەمە کێیە؟

کێ دەزانێت ئەمە کێیە؟ سیماو ڕوخساری وەکو شەو تاریك و ڕەشە، بەڵام لەناخیدا ڕۆشناییەك بروسکەی دێت. هزرو بیری

دەبێتە چاوساغمانو پێبەپێ لەگەڵیدا ڕێدەکەین، بێشکین هەمووممان دەباتە جێگایەکی ئارامو ئاسوودەییمان پێدەبەخشێت، چونکە هەر ڕووناکی هزری ئەوە چاوانی ستەمکاران شەوارە دەکات.

ئەو کاتانەی بەهاری تەمەنی (ئەو) گوڵێکی ڕەش بوو، بەناهەق خستیانە ناو تەونی جاڵجاڵۆکەی زیندانەوەو ویستیان هەڵیوەرێنن، بەڵام نەیانتوانی، خەونو خۆزگەو خولیاکانی وەکو کۆترێکی سپیی بەدەنگی نووساوەوە دەیگماندو سترانی بۆئاشتی دەچڕی..

لەپاش ئەم قسانە، بەخەتێکی ڕەش نووسیم:

کێ دەزانێت ئەمە کێیە؟

هیچێك لە قوتابییەکان نەیانزانی، پاشان گوتم:

دەیسا باشتر گوێبگرن، بۆئەوەی لەڕازو نهێنی 27 ساڵی ئازار بگەن، پێویستە بەستراتە نەبیستراوەکانی کوکوختییە یاخییەکانی ناخی (ئەم پیاوە) ئاشنابن، چونکە فێرمان دەکات، کەچۆن ڕایەڵەی سیاسەتبازان بپچڕینو دەستو مەچەکو هەموو جەستەمان ئازاد بکەین..

هەموو قوتابییەکان مات بوون، لەدوای تاوێك، یەکێك لەزیرەکترینیان گوتی:

– مامۆستا ئەوە سپارتاکۆسە.

– نا ڕۆڵەکەم، دوور ڕۆیشتی.

قوتابییەکی دی، بەبێ دەستهەڵبڕین هەڵدای:

– بیلالی حەبەشییە.

– تۆش نەتزانی، جەستەو ڕۆحی ئەم بابایە هەتا ئێستاش هەر زیندووە.

قوتابییەکان تەواو کپ بوون، ئێجگار سەریان لەوە سووڕما کە من دەمگوت: ئەم مرۆڤە فریشتەیە، سیاسەتبازەو درۆ ناکات، دەسەڵاتدارەو زۆردار نییە! کەس نەیزانی ئەمە کێیە. پاشان گوتم:

– ئەدی ئەمە کێیە، سەرو سیمای هەتا بڵێی شەنگو جوانە، بەڵام هەر ئەوەندەی یەك پێپلیکان بەناخیدا چوویتە خوارێ، جگە لەخاڵێکی قەترانیو تاریك هیچی دی بەدیناکەیت، لەبەر بۆنی کەلاكو خوێن خۆت ڕاناگریت..

هێشتا زۆرێکی تری ڕەفتاری ئەم پیاوە مابوو بەقوتابییەکانی بناسێنم، هەموو دەستیان بە لوتەوە گرتو بەدەم ئێڵنجەوە هاواریان کرد:

– میلۆسۆڤیچ.

– ئەی ئافەرین بۆهەمووتان.

ئینجا گوتم:

– سا كەواتە باش بزانن، دەشێ لەڕوخسارێكی قەترانیو ڕەشدا، دڵێكی خاوێنو پاكو سپیی بڕوێت، لەڕوویەكی سپییو جوانیشدا، دڵێكی ڕەشو قەترانیو بۆگەن جێی بێتەوە..

قوتابییەكان زیاتر مات بوون، پاشان گوتم:

– نەتانزانی فریشتە خوێنگەرمو ڕەشتاڵەكەی پێشوومان كێیە؟

– ......

– باش بزانن ئا ئەو پیاوە ماندێلایە!

## بەرهەمە چاپكراوەكانی نووسەر

1– نمایشی جەستە بێدەنگەكان.. كۆمەڵە چیرۆك– 2001
2– خوێندنەوەیەك بۆ بیری ماكیاڤیللی– لێكۆڵینەوە – 2001
3– جیهانگیریی، سەرهەڵدانو گەشەكردنی – لێكۆڵینەوە – 2001
4– لەناو بازنەی دەقدا – رەخنەو لێكۆڵینەوەی ئەدەبیی – 2003
5– سیستمەكانی هەڵبژاردن – لێكۆڵینەوە – 2004
6– مەملەكەتی ئێسكەكان – كۆمەڵە چیرۆك – 2006
7– لەسێبەری پرسیاردا – دیدار – 2007
8– سایكۆلۆژیای دەسەڵاتو جەماوەر – لێكۆڵینەوە – 2010

پێڕست

دەڵێن:........................................... 3
1 - مەملەکەتی ئێسکەکان ............................ 5
2 - پانۆرامای دوایین چرکەی یادگارییەکان .......... 17
3 - نمایشی جەستە بێدەنگەکان ................... 31
4 - گەمەی دوا شەوی سوورە ماسییەکان ............ 43
5 - یاخی بوونی ئەندێشەکان ........................ 53
6 - بزەو دوانیگای مۆنالیزا ............................ 61
7 - شکاندنی تابووتە شووشەییەکان ................ 73
8 - زامەکانی منو جاکلینو سەگەکەی .............. 87
9 - زارا ................................................ 103
10 - زەلال ............................................ 119
11 - گەڕانەوەی تارماییەکەی ژەنەڕاڵ ............. 131
12 - هەڵفڕین لە ئاتەشگەوە .......................... 153
**13 - راموسانی خەونە تەربییەکان ................ 175**
14 - ژانی بڕیاری شەوێك .............................. 187
15 - رازی نیگای چاوەکان ............................ 195
16 - سەمای تەمەنە پەژموردەکان .................. 203
17 - ئەڵقەی بوکێنی ..................................... 213
18 - تەرم ................................................ 221
19 - سەمفۆنیای شارێکی کپ ......................... 229
20 - ملوانکە ............................................. 239
21 - جادەی گۆران ...................................... 241
22 - پاسەوانی گوڵی ناو ئینجانەکان ................ 243
23 - تەوار ............................................... 245
24 - ژانی دەریا ......................................... 247
25 - شەوی (3/10) .................................... 249
26 - بـەیانیی عەسـکەری ژمـارە (105) ................. 251
27 - درێژترین چیرۆك ................................. 253
28 - دەرۆزە ............................................. 255
29 - خیانەت ............................................ 257
30 - پرسەی هونەر ...................................... 259
31 - تیرۆر .............................................. 261
32 - خەمەکانی نیشتمان ............................... 265
33 - سێی سیٚ ............................................ 268
34 - گۆرانیبێژ .......................................... 270
35 - کیٚ دەزانێت ئەمە کێیە؟ ......................... 273

**ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کورد پاش کۆنفرانسی ئازادی بەچاپی گەیاندوون جگە لە گۆڤاری گزنگ کە بەردەوام مانگانە دەردەچێت**

| ز | ناوی کتێب | بابەت | نووسەر | وەرگێڕ | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| 108 | خوێندنەوەی چەند دەقێکی | خوێندنەوە | سامان محەمەد | | 2010 |
| 109 | هەرمێیەکانی فیرعەون | شیعر | ئەحمەدی مەلا | | 2010 |
| 110 | تەونێك لە شیعر و وشە | لێکۆلینەوەی ئەدەبی | مەحمود نەجمەدین | | 2011 |
| 111 | 1 1 1 نامەی سۆزداری | تێکستی دڵداری | کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: حەمە سەعید زەنگنە | | 2011 |
| 112 | دانای کوێخا شەوکەت | ڕۆمان | موعتەسەم ساڵەیی | | 2011 |
| 113 | سەمای روح | کورتە چیرۆك | نەوزاد یوسف کاکەیی | | 2011 |
| 114 | سلێکوك هۆکلێر عاجباتیی هەشتەم | ڕۆمان | عەبدوڵڵا سەڕاج | | 2011 |
| 115 | خەزان و شنەی بەیان | شیعر | غازی ڕەشید زەنگنە | | 2011 |
| 116 | بزووتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی حەفتا و | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | د.هیمدادی حوسێن | | 2011 |
| 117 | ئاوابوونی جەستە لە سەفەری دڵدا | شیعر | ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان | | 2011 |
| 118 | دەرگاکان | کۆچیرۆك | خالید مەجید فەتحوڵڵا | | 2011 |
| 119 | تەنیا لەبەر مەعاشەکەیە | کورتیلە چیرۆك | بەکر دەروێش | | 2011 |
| 120 | گەشەکردنی زمانی منداڵ | زمانی منداڵ | | و: د.ئازاد باخەوان و | |
| 121 | لە لووتکەی ئەدەبی ئەڵمانەوە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | عومەر عەلی شەریف | | 2011 |
| 122 | وازییەکانی رەشەگۆم | ڕۆمان | کاکە مەم بۆتانی | | 2011 |
| 123 | شاری لە غەم ئاوسبوو | ڕۆمان | سالار ئیسماعیل سەمین | | 2011 |
| 124 | ململانێ لەگەڵ پرسیاردا | کۆدیدار | دانا عەسکەر | | 2011 |
| 125 | ئەو نامانەی بۆ پیرێتی خۆم دەیاننێرم | دەق | سوارە نەجمەدین | | 2011 |
| 126 | عامُ الصِّفو | شعر | صباح رەنجدەر | ترجمە: المهندس محمد حسین رسول | 2011 |
| 127 | ڕاکشان لە تەنیشت تارمایی نیشتمانەوە | چەند دەقێکی شانۆیی | عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) | | 2011 |
| 128 | لقاءات تحت أشعة الحروف المشرقة | مجموعة حوارات | سردار زنكنه | | 2011 |
| 129 | دزەکان | کۆمەڵە چیرۆك | | ئازاد نەجم | 2011 |
| 130 | ڕووبەڕێکی ڕەخنەیی | ڕەخنەی ئەدەبی | د. فوئاد ڕەشید | | 2011 |
| 131 | کتێب | خوێندنەوەی بیست | جەلیل کاکەوەیس | | 2011 |
| 132 | لە سۆاخی عیشقدا | کۆمەڵە چیرۆك | سەلمان شێخ بزێنی | | 2011 |
| 133 | عومەر سەیفەدین | لێکۆڵینەوە | | و. لە تورکییەوە: | 2011 |
| 134 | مەحوی ناسی | لێکۆڵینەوە | هیمداد شاهین | | 2011 |
| 135 | بەیداخ | نۆڤلێت | حەمە کەریم عارف | | 2011 |
| 136 | زایەڵەی ئاوەسپی | کۆمەڵە بەرهەم | ئا: بەکر دەروێش | | 2011 |
| 137 | بازاڕی ناوخۆیی | ڕۆمان | | و: بورهان ئەحمەد | 2011 |
| 138 | ڤلادیمێر سیمۆنەڤیچ ڤیسۆتسکی | وەرگێڕان | | و: لە رووسییەوە | 2011 |
| 139 | پەنجەرە بچووکەکان | چیرۆك | ئازاد عەبدولواحید | | 2011 |
| 140 | چەند بوارێکی زانستی زمانەوانی کوردی | زمانەوانی | حمید خالید کەریم | | 2011 |
| 141 | گەڕانەوە | چیرۆك | چنوور نامیق | | 2011 |
| 142 | لە مەدرەسەی نالییدا | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | حەمە مەنتك | | 2011 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 143 | قاوەخانە | کۆمەڵە چیرۆك | | و: ستار شێخانی | 2011 |
| 144 | دارستانێك لە شمشاڵ | شیعر | نامق هەورامی | | 2011 |
| 145 | شینبوونی بەرد | کۆچیرۆك | د. موحسین ئەحمەد | | 2011 |
| 146 | چۆن و چی بۆ منداڵ | لێکۆڵینەوە | لەتیف هەڵمەت | | 2011 |
| 147 | مصطبة وحيدة أمام القلعة | دراسة | فاروق مصطفي | | 2011 |
| 148 | في الشعر الكُردي المعاصر | دراسة | هشام القيسي | | 2011 |
| 149 | کتێبی بۆشاییەکان | شیعر | ئەدیب نادر | | 2011 |
| 150 | ئەو هەتیوەی نابێت بە پیاو | چیرۆك | | عەبدولستار جەباری | 2011 |
| 151 | ڕاز و گەمەی ئیشق | شیعر | عەباس مەجید داوودی | | 2011 |
| 152 | نووسەر و نووسینەوەی زمان | لێکۆڵینەوە | نیهاد جامی | | 2011 |
| 153 | زیارەتی ماچ | شیعر | ڕەسووڵ سوڵتانی | | 2011 |
| 154 | لە گێژەنی پرسیاردا | دیمانە | حەمەفەریق حەسەن | | 2011 |
| 155 | بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی | ڕەخنەی ئەدەبی | محەمەد سابیر مەحموود | | 2011 |
| 156 | دڵی داگیرساوی دانکۆ | چیرۆکی وەرگێڕدراو | | و: ئەحمەد عارف | 2011 |
| 157 | شورای گۆڕەکان | کورتە چیرۆك | هیدایەت محەمەد | | 2012 |
| 158 | کۆچباری گزنگ | ڕۆمانە شیعر | ستار ئەحمەد | | 2012 |
| 159 | بالوولی داناو قەرەقووش | بەسەرهات و پەند و ئامۆژگاری | عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان زەنگنە | | 2012 |
| 160 | هونەرستان | خوێندنەوەگەلێکی هونەرییە | ئازاد گەرمیانی | | 2012 |
| 161 | بەسەر شانی سەحەردا وەرە | کۆمەڵە شیعر | عەبدولرەحیم سەرەڕۆ | | 2012 |